هـاڕون یـەحیـا

# پێش ئەوەی
# پــەشیمانی ڕووت تێبکات

پێـغەمبەر ( د.خ ) : فــەرمووی :

"پەروەردگارا، سەرکەوتنم پێببەخشە چونکە ئەوانە منیان بەدرۆ زانی و بڕوایان پێنەکردم. خوای گەورەش فەرمووی : دڵنیابە بەم زوانە پەشیمان دەبنەوە ".

﴿س: المؤمنون : ٣٩-٤٠﴾

وەرگێڕانی

ماهر بشیر بکر

چاپی یەکەم

٢٠٠٩

ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە پەروەردگار نی یـە، ئـەوە هـەموو کـات دەبـێ پە نجەی پەشیمانی بگەزن و هەمیشە ئـەو ووتانـە بڵـێنەوە : " خۆزگـە ئـەو کارەمان نەکردبایە....." ، " خۆزگە ئەو قسـەیەمان نەگۆتبایـە....." هتـد. خرا پتریش لەمە، لە رۆژی دواییدا ئەو جۆرە کەسانە توشی پەشیمانیەکی قـووڵ و دژوار دەبنەوە .

ئەوانە لە دنیایەکدا ژیاون کە ئاینی ( پەروەردگار ) بەشێك بووە لە ژیانیاندا. بۆ هەر ساتێکی ژیانیان پەشیمانی دایان دەگرێت. پێش وەختەش ئاگادار کراونەتەوە و بانگێشتە کراون بو سەر ڕێگای ڕاست. وەهەروەها ئەوەندەش کات و ماوەیان پێدراوە کە دەیان توانی لە ڕاستیەکان تێبفکرن و لە ئامێزی بگرن.بەلاّم گوێیان بەو هۆشدارایانە نەداو قیامەتیشیان فەرامۆش کرد،وایان دادەنا کە هەرگیز نامرن. ئەوسا لە رۆژی دواییدا هیچ دەرفەتێکیان پێ نادرێت کە جارێکی تر بگەڕێندرێنەوە ژیانی دنیا تاکو هەڵە و تاوانەکانیان ڕاست بکەنەوە.

مەبەست و ئامانجی سەرەکی ئەم پەرتوکە بریتیە لە ئاگادار کردنەوەی خەڵك لە رۆژ ێك کەبە پەشیمانیەوە دەلێن: " خۆزگە تێگەیشتباین..."، " خۆزگە بەڵگەو نیشانەکانی خوامان بەدرۆنەزانیبایە..." بریا ڕێگای ئەوانەمان بگرتایە کە پەیامی ڕاست و دروستیان بۆ هێناین..."، " بریا ئەم کار و ئەو کارە چاکانەمانئە نجام بدابایە..."...هتد .وەهەروەها ئامانجێکی تری ئەم پەرتووکە ئەوەیە کە بانگەشەی خەڵك دەکات بۆ تەرخان کردنی .ژیانیان لە پێناو خوادا لەوکاتەی کە هێشتا ماوە و دەرفەتیان هەیە کە بە گوناهـ و تاوانەکانیاندا بچنەوە.



## نووسەر لە چەند دێڕێکدا...

هارون یەحیا ئەو نووسەرەیە کە بەم نازناوە بەرهەمەکانی بڵاو دەکاتەوە. لە ساڵی ١٩٥٦ لە ئەنقەرە-تورکیا- هاتۆتە دنیاوە. خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی هەر لەم شارە تەواو کردووە. پاشان لە زانکۆی میمار سینان ئادابی خوێندووە و لە زانکۆی ئەستەنبوڵیش زانستی فەلسەفە فێربووە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠اوە دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە بوارەکانی سیاسەت، ئیمان و باوەڕ وەهەروەها بوارەکانی تری زانست. هارون یەحیا بەوە ناوبانگی دەرکردووە کە پەرتووکی سەرنج ڕاکێش و پڕ بایەخ دەنوسێت دەربارەی دڕکاندنی بیردۆزی گەشەپێدان و پوچەڵ کردنی و تێکشکاندنی بانگەشەکانی، وەهەروەها پەیوەندی گومڕایی نێوان داروینیزم و بیروباوەڕە نەفرەتیەکەی ، وەک فاشیزم و کۆمیۆنیزم.

هارون یەحیا پەیوەندیەکی توندوتۆڵ و فراوانی هەیە لەگەڵ زۆربەی ووڵاتانی جیهاندا، هەر لە هیندسانەوە بۆ ئەمەریکا، لە ئینگلتەرەوە بۆ ئەندەنوسیا، لە پۆڵەندەوە بۆ بۆسنیا، لە ئیسپانیاوە بۆ بەڕازیل. هەندێک لە پەرتووکەکانی دانەر وەرگێردراون بۆ سەر زمانەکانی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ئیسپانی، ئیتاڵی، پورتوگالی، ئۆردۆ، عەرەبی، ئەلبانی، بۆسنی، ڕووسی، پۆڵەندی، مالیزی و ئەندەنووسی. لە سەرتاسەری جیهاندا خوێنەران سوود لە خوێندنەوەیان وەردەگرن.

# بۆ خوێنەری بەڕێز

لە سەرجەم پەرتووکەکانی نوسەردا، بابەتی پەیوەندیدار بەباوەڕو ئیمان تیشکی خراوەتە سەر لە ژێر سێبەری ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و هەروەها بانگێشەی خەڵک کراوە بۆ فێربونی ووشەو ووتە جوانەکانی پەروەردگار تاوەکو بیانکەنە دەستوری ژیانی ڕۆژانەیان. هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە ئایەتەکانی خوا، زۆر بە ڕێک و پێکی لێکدانەوەی بۆ کراوە کە هیچ جۆرە گومان و دڵەراوکێیەکی بەجێنەهێشتووە لە بیروهۆشی خوێنەردا. لە شیکردنەوەکاندا، شێوازی ڕاست گۆیی و سادەیی و پاراوی بەکارهێندراوە کە تواناو لێهاتویی تێگەیشتن لەو پەرتوکانە دەبەخشێت بە هەر تاکێک، جا لەهەر تەمەنێکدا بێت، یاخود گروپ و دەستەیەکی کۆمەڵایەتی بێت. بۆیە ئەم شێوازە کاریگەر و ئاشکرایانە یارمەتی هەموو تاکەکەسێک دەدات کە بەتەنها خۆی بتوانێت بیان خوێنێتەوە،هەتا ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە بە توندی ڕۆحانیەت- ئایین- ڕەت دەکەنەوە ئەوە کاریگەری ڕاستی و بەڵگەکان ئاماژەیان بۆ کراوە لەو پەرتوکانەدا کە بە هیچ شێوازو ڕێگایەک ناتواندرێت نکۆلی لە ڕاستی و دروستی ناوەرۆکیان بکرێت.

ئەم پەرتووکەو هەموو پەرتووکەکانی تری دانەر،دەتواندرێت بە تەنها یاخود گروپ گروپ و بەکۆمەڵ بخوێندرێنەوە و گفتوگۆ و لێکدانەوەیان لەسەر ئەنجام بدرێت. ئەو خوێنەرانەی کە پەرۆشن بۆ خوێندنەوە و سوود وەرگرتن لەو پەرتووکانە، دەتوانن دەرک بەوە بکەن کە ئەم جۆرە

گفتوگۆیانە زۆر سودبەخشە بۆیان چونکە هێزو توانایان پێدەبەخشێت کە بیر و بۆچونی ڕەنگدانەوەی تایبەتی خۆیان بۆ یەکتری بگێڕنەوە.

سەرەرای ئەوەی کە خوێدنەوە و پێشکەش کردنی ئەو پەرتووکانە خزمەتێکی گەورە بە ئایین دەکات، کە مەبەست و ئامانج لە نووسیتیان تەنها نزیک بونەوەیە لە خۆشەویستی پەروەردکار.سەرجەم پەرتووکەکانی نووسەر بەتەواوی متمانەوە و باوەڕ بە خوێنەر دەبەخشن، بۆیە هەموو ئەو کەسانەی کە ئاوات دەخوازن و نیازیان وایە کە ئایین تێکەڵاوی خەڵکی بکەن، ئەوە کاریگەرترین و باشترین ڕێگا ئەوەیە کە هانیان بدەن بۆ خوێدنەوەی ئەو پەرتووکانە.

هیوادارم خوێنەران بتوانن دەرفەتێک بۆخۆیان بڕەخسێنن بۆ خوێندنەوەو پێداچوونەوەی پەرتووکەکانی تری نووسەر کەلە دوا لاپەڕەی ئەم پەرتووکەدا بەشێکیان ئاماژەی بۆ کراوە، وەهەروەها بە سەرچاوەیەکی گرنگ و پڕ بایەخی بزانن بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە بیرو باوەڕ، کە خوێدنەوەیان دەبێتە مایەی سوود بەخشی و بەختەوەری بۆیان.

دەرک ناکەی لەو پەرتووکانەدا، وەک لە هەندێک پەرتووکی تر دەبیندرێت ، کە نووسەر باس لە ڕاوبۆچون و لێکدانەوەی خۆیی-کەسی-بکات،کە ئەو ڕاو سەرنجانەش لەسەر بنەمای سەرچاوە و شێوازی گومان لێکراو دامەزراون کە ڕێز لە بابەتە پیرۆز و موقەدەسەکان ناگرن وەهەروەها گومان و نائومێدی و ڕەشبینی دروست دەکەن کە دڵەکان توشی لادان و سەرەرۆیی دەکات.

# دەربارەی نووسەر

هارون یەحیا ئەو نووسەرەیە کە بەم نازناوە بەرهەمەکانی بڵاو دەکاتەوە. لە ساڵی ١٩٥٦ لە ئەنقەرە-تورکیا- هاتۆتە دنیاوە. خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی هەر لەم شارە تەواو کردووە. پاشان لە زانکۆی میمار سینان ئادابی خوێندووە و لە زانکۆی ئەستەنبۆڵیش زانستی فەلسەفە فێربووە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠وە دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە بوارەکانی سیاسەت، ئیمان و باوەڕ وەهەروەها بوارەکانی تری زانست. هارون یەحیا بەوە ناوبانگی دەرکردووە کە پەرتووکی سەرنج ڕاکێش و پڕ بایەخ دەنوسێت دەربارەی دەرکاندنی بیردۆزی گەشەپێدان و پوچەڵ کردنی و تێکشکاندنی بانگەشەکانی، وەهەروەها پەیوەندی گومڕایی نێوان داروینیزم و بیروباوەڕە نەفرەتیەکەی ، وەک فاشیزم و کۆمیۆنیزم.

ئەو نازناوەی کە نووسەر پێی دەنوسێت ماناکەی وەرگیراوە لە "هارون " و " یەحیا"، ئەمەش لەبەر بەرز ڕاگرتن و بیرەوەری ئەو دوو پێغەمبەرە بەڕێزەیە کە لە دژی بێ باوەڕیدا تێیان دەکۆشا . هەروەها مۆری پێغەمبەریش لکێندراوە لەسەر هەموو پەرتووکەکاندا وەک نیشانەوەو ڕەمزێک کە پەیوەندی بە ناوەڕۆکی پەرتووکەکانەوە هەیە. ئەمەش مانای وایە کە ئەو پەرتووکانە وەسفی قورئان دەکەن، کە دوایین پەرتووکە، وەهەروەها وەسفی پێغەمبەر محمد (د.خ) دەکەن کە دوایین پێغەمبەری خوایە. نووسەر لە ژێر تیشکی قورئان و سوننەدا مەبەست و ئامانجەکانی دیاری دەکات بۆ بەدرۆخستنەوەی هەریەک لە بنچینە و بنەماکانی بیردۆزی ئایینی بێ خوا و بیردۆزی "دوا ووشە" بۆ ئەوەی بە تەواوی بێدەنگیان بکات بەرامبەر ئەو مەبەست و ئامانجانەی کە لە ئاییندا هەڵقوڵاوون. مۆری دوایین پێغەمبەر ، کەخاوەنی خوڕەوشتێکی تەواو و ژیریەکی بێ هاوتا

بوو، بەکارهێندراوە وەکو بەڵگەو نیشانەیەک بۆ دوایین فەرمودەکانی.

هەموو بەرهەمەکانی نووسەر لە دەوری یەک مەبەستدا کۆدەبێتەوە، ئەویش گواستنەوەی پەیامی قورئانە بۆ خەڵک، تاکو هانیان بدات بۆ تێفکرین و بیرکردنەوە لە بابەتە گرنگەکانی پەیوەست بە باوەڕ و دین، وەک بوونی خوا و ڕۆژی قیامەت، وەهەروەها بەدیارخستنی لاوازی و ناماقووڵی بیردۆزو سیستەمەکانی بیروباوەڕی بێ دینی( بێ خوایی).

هارون یەحیا پەیوەندیەکی توندوتۆڵ و فراوانی هەیە لەگەڵ زۆربەی ووڵاتانی جیهاندا، هەر لە هیندسانەوە بۆ ئەمەریکا، لە ئینگلتەڕەوە بۆ ئەندەنوسیا، لە پۆڵەندەوە بۆ بۆسنیا، لە ئیسپانیاوە بۆ بەڕازیل. هەندێک لە پەرتووکەکانی دانەر وەرگێردراون بۆ سەر زمانەکانی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ئیسپانی، ئیتالی، پورتوگالی، ئۆردۆ، عەرەبی، ئەلبانی، بۆسنی، ڕووسی، پۆڵەندی، مالیزی و ئەندەنووسی. لە سەرتاسەری جیهاندا خوێنەران سوود لە خوێندنەوەیان وەردەگرن.

لەهەموو لایەکەوە دەست خۆشی و سوپاس گوزاری لە نوسینی ئەو پەرتوکانە دەکرێت. هەموو بەرهەم وکارەکانی نووسەر،لەلایەک بوونەتە ئامرازێک بۆ ڕاستکردنەوە و نوێکردنەوەی بیروباوەڕی خەڵک بە پەروەردگار،لەلایەکی تریشەوە وورد و قووڵ بۆنەتەوە لەو بیروباوەڕەدا. پەیڕەوکردنی شێوازی ڕاست گۆیی و ژیری و سادەیی بۆ تێگەیشتن، وایان لەو پەرتوکانە کردووە کە کایگەری بەرچاو راستەوخۆی هەبێت لەسەر خوێنەران. ئەو پەرتوکانە زۆر بەهێز و پتەون بۆ ئەوانەی کە بەرهەلستی لە ئایین دەکەن. هەروەها پەرتوکەکان بەوە جیادەکرێنەوە کە سیفەتی کارتێکردن و دەرئەنجامی باش و بەڵگەدارن. ئەو پەرتوکانە، وەک هەندێک پەرتوکی دیکە نین، کاتێک هەر کەسێک دەیان خوێنێتەوە ئەوە بیروباوەڕی پتەویان پێدەبەخشێت کە دەتوانن هەمیشە و ڕاستگۆیانە پشتیان پێ ببەستێت لە بەرامبەر فەلسەفەکانی ماتریالیستیک-ماددی گەری- و بێ دینی ، یاخود بەرامبەر هەر فەلسەفە و ئایدۆلیجیایەکی

تردا.هەتا ئەو پەرتوكانە بەردەوام بن، ئەوە هەردەم بەبەڵگەوە سوورن لەسەر تێكشكاندن و بەدرۆ خستنەوەی ئەو ئایدۆلیجیایانە لە بنچینەو بنەڕەتیانەوە. هەموو بزوتنەوە نكۆڵیكەرەكانی هاوچەرخ، لە بیروباوەڕەوە تێكیاندەشكێنێت و دەیان بەزێنێت. دەست خۆشی دەكرێت بۆ كۆكردنەوەی ئەو پەرتوكانە كە لەلایەن هارون یەحیاوە نوسرا ون.

گومان لەوە دانیە، كە سیفەتەكانی ئەو پەرتوكانە سەرچاوەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ژیری و ڕوون و ئاشكرایی قورئانی پیرۆز. لە بڵاوكردنەوەی ئەو پەرتوكانەشدا، نووسەر بەبێ فیزیەوە ئارەزو دەكات خزمەتێك پێشكەش بە مرۆڤایەتی بكات تاوەكو ڕێگای ڕاستی پەروەردگار بدۆزێتەوە، نەوەك بەدەستهێنانی پارەو پول.

ئەو ڕاستیە بێنە پێش چاوی خۆت، كە ئەوانەی خەڵك هاندەدەن بۆ خوێدنەوەی ئەو پەرتوكانە كە دڵ و دەرونیان ڕۆشن دەكاتەوە و ڕێنموییان دەكات بۆ بوون بە بەندەی پەروەردگار، ئەوە بە خێرو چاكەیەكی پڕ بەها و بێ هاوتا دادەندرێت بۆیان.

لەهەمان كاتدا، خوێدنەوەی هەندێك پەرتوكی دیكە، پێدەچێ تەنها پڕوپاگەندە و بەسەربردنی كات بێت، كە بیروباوەری خەڵك تێكدەدەن و سەری لێدەشێوێنن و مرۆڤەكان بەرەو ئاژاوە و نیگەرانی ئایدەلۆجیا دەبەن، سەرئەنجامیش هیچ كاریگەریەكی دروست و بەهێزیان نابێت لەسەرئەو دوو دڵی و بێزاریەی كە لەناو ناخی خەلكدا گەڵاڵە بووە. بۆیە ئەو جۆرە پەرتوكانە تەنها ئەزمونی تاریكی پێشوتر دوبارە دەكەنەوە. ئەمەش بە ئاشكرا دەری دەخەن ئەو پەرتوكانەی كە داكۆكی لەسەر هێزی ئەدەبی نووسەر دەكەنەوە زیاتر لە مەبەست و ئامانجە زێرینەكەی، هەرگیز ناتوانن مرۆڤ ڕزگار بكەن لەوەی كە بیرو باوەڕەكەی لەدەست نەدات و كاریگەری زۆری هەبێت لەسەریاندا. ئەو كەسانەی ئەو گومانەیان هەیە، دەتوانن هەست بكەن كە تەنها مەبەست لە پەرتوكەكانی هارون یەحیا بریتیە لە زاڵبوون بەسەر بێ بڕوایان و پیشاندانی بەهاو خوڕەوشتە بەرزەكانی

قورئان. خوێنەریش دەتوانێت بڕیار لەسەر ڕازیبون و سەرکەوتنی ئەو کارو خزمەتانە بدات.

خاڵێکی تری گرنگتر ئەوەیە کە هۆکاری سەرەکیە بۆ بەردەوام بوونی ناکۆکی و ململانێ و توندوتیژی و ئازارو میحنەتی زۆربەی خەڵک دەگەڕێتەوە بۆ باوبوونی ئایدەلۆجیای بێباوەڕی. ئەم بارودۆخەش تەنها بە تێکشکاندنی ئەو ئایدەلۆجیایە کۆتایی پێدێت، وەهەروەها بەهۆی تێگەیشتن لە مەبەست و ئامانجی دروست بوون لەو ژیانە و هەڵگرتنی پەیام و خوڕەوشتی قورئانی پیرۆز بۆ ئەوەی خەڵک بیکەنە پێوەری ژیانیان و پێوەی بژین. گەر ئەمرۆ سەیری بارودۆخی جیهان بکەین، دەبینین خەڵک بەدەست کۆمەلێک گیروگرفت دەناڵێنن وەک ئەو توندوتیژی و خراپەکاری و ململانێیانەی کە هەن، هەر ئەم هۆکارانەش وایان کردووە کە بە شێوەیەکی خێراتر و کاریگەرتر ئەو پەرتووکانە پێشکەش بە خوێنەران بکرێت تاکو کات زۆر درەنگ نەبووە.

زێدەڕۆیی نیە گەر بڵێین پەرتووکەکانی هارون یەحیا ڕۆلی بەرچاو و پێشەنگیان گێڕاوە لەو بوارانەدا،بەهەوڵ و پشتیوانی پەروەردگار، بلاوکردنەوەی ئەو پەرتووکانە لەسەدەی (٢١)دا دەبنە ئامرازێک بۆ خەڵک بەمەبەستی بەدیهێنانی دادپەروەری و یەکسانی و ئاشتی و خۆشگوزەرانی و بەختەوەری هەروەک لە قورئانی پیرۆزدا پەیمانی پێدراوە.

بەمەبەستی خوێندەوە و ئاشنابوونی سەرجەم کار و بەرهەمەکانی نووسەر، دەتوانن سەردانی فەرمی سایتی نووسەر بکەن بەم نانیشانەی خوارەوە:

www.harunyahya.com

## زانیاریەکانی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی ئەم پەرتووکە بە زمانی ئینگلیزی

Title: Before You Regret
Author: Harun Yahya
Copyright: All rights reserved
Printed: 2001
Printing supervised by: M.R.Attique
First Published by Vural Yay›nc›l›k, ‹stanbul, Turkey in July 1999
First English edition published in February 2001
Second English edition n November 2002
{C} Al-Attique Publishers Inc. Canada 2001
ISBN : 1-894264-41-X
Published by: Al-Attique Publishers Inc.Canada
65-Treverton Drive Tel: (416) 615-1222
Scarborough Ont. Fax: (416) 615-0375
M1K 3S5 CANADA
E-mail: quran@istar.ca Website: www.al-attique.com
E-mail: al-attique@al-attique.com
All translations from the Qur'an are from "The Noble Qur'an: a New Rendering of its Meaning in English"
by Hajj Abdalhaqq and Aisha Bewley, published by Bookwork, Norwich, UK. 1420 CE/1999 AH.
REPRESENTATIVE IN USA
Islamic Education & Media
730 East 10th street, C.F,
Brooklyn, NY 11230
T+F: (718) 421-5428
DISTRIBUTOR IN SAUDI ARABIA
Dar-Al-Hadyan Publishers & Distributors
P/O Box No : 15031
Al-Riyadh:11444
T+F (966) 1-463-1685
Branch in Pakistan:
89 Qamer st People Colony
Shahdara Lahore
T+F : 9242-791-1678
Website: www.harunyahya.com
E-mail: info@harunyahya.com




# بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

# پێرست

پێشەکی

پەشیمان بوونەوەی ئادەمیزاد لە ژیانی ئەم دنیایە

سەرەتای پەشیمان بوونەوەی بێباوەڕان،

مەرگ

پەشیمانی لە ڕۆژی قیامەتدا

هەستی پەشیمانی لە دۆزەخدا

بۆ ئەوەی هەستی پەشیمانی نەچێژیت لە ڕۆژی دواییدا

# پـێـشـەكـی وەرگـێـڕ :-

وەرگێڕانی ئەم پەرتووكە لە زمانی ئینگلیزیەوە یەكێكە لە بەرهەمـەكانی نووسەر هارون یەحیا كە بۆ چەندەها زمانی جۆراوجۆری تر وەرگێـردراوە، بۆیـە لەبەر گرنگی و پڕبایەخی ناوەڕۆكەكەی، بە پێویستم زانی وەری بگێڕمـە سـەر زمانی شیرینی كوردی تاوەكو سوودێك بە خوێنەری كوردی ببەخشێت.

لە شیكردنەوەی بابەتەكانی ئەم پەرتووكەدا، پشت بەستراوە بە بەڵگـە و ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز وەهەروەها فەرمووده بەرز و بە نرخەكانی پێغەمبەر محمد (د.خ)، بۆیە دەقی تەفسیری ئایـەت و فـەرمودەكان بـە زمـانی كـوردی نوسراونەتەوە، ئەمەش بواری تێگەیشتن ئاسان و سادە دەكات لەلای خوێنەران.

لە كاتی وەرگێرانی بابەتەكانیشدا، تاڕادەیـەكی زۆر پشـتم بەسـتووە بـە وەرگێڕانی دەقی زیاتر لە وەرگێڕانی پیتـی، بـە مانایـەكی تـر، هـەوڵم داوە مانایەكی تەواوی كوردی بە كـورتی و پـوختی بدۆزمـەوە بـۆ هـەر دێرێـك لـە دێرەكانی وەرگێردراو بۆئەوەی مانـای تـەواو بـدات بەدەسـتەوە و تێگەیشـتنی ئاسان بكات، بۆیە بە پێی توانا خۆم دوورخستۆتەوە لـە وەرگێڕانـی ووشـە بـە ووشە تاكو ڕستەی داڕێژڕاو مانای ڕاستەقینەی ببەخشێت لەلای خوێنەردا.

بەهەوڵ و پشتیوانی پەروەردگار بەردەوام دەبم لەسەر وەرگێرانـی زنجـیرە پەرتووكەكانی تری نووسەر كە گرنگ و بایەخی بۆ خوێنەری كوردی هەیە. بۆیە ، لەبارەی هەبوونی هەر سەرنجێك یـاخود ڕەخنـەو پێشـنیارێك، تكـا دەكـەم ئاگادارم بكەنەوە لە ڕێگای ئەم ناونیشانەی خوارەوە:

E: MAIL: MAHEERBBC@YAHOO.COM

# دەستپێکی بابەت

هەر یەکێك لە ئێمە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك خەم و پەژارە و گیروگرفتی جەستەیی و مێشکی ( ڕۆحی ) دەبێتەوە لە ماوەی ژیانیدا. لە نێوان ئەم ئازارانەشدا، هەستەکانن کە بە شێوازێکی خەست وچڕ تووشی دەبن، کە هەرگیز ناتواندرێت لەگەڵ هیچ ئازارێکی تردا بەراوورد بکرێن. ئەو هەستەی کە سەرچاوەی هەرەگەورەی نیگەرانیە لە ڕۆحی مرۆڤدا بریتیە لە هەستی پەشیمان بوونەوە.

دوو جۆری ئاڵۆز و لێك جیاواز هەن لە هەستی پەشیمان بوونەوەدا. ئەوانیش پەشیمان بوونەوەی خواناس، وە پەشیمان بوونەوەی خوانەناسە. ئەم دوو جۆرە هەستەش( پەشیمانیەش ) بە تەواوەتی لە یەکتری جیاوازن.

مرۆڤی بڕوادار( خواناس ) ئەوانەن کە باوەڕی تەواو و ڕەهایان بەو ڕاستیە هەیە کە هەموو ڕووداوەکان بە ویستی پەروەردگار ڕوودەدەن، وەهەرچیەك بەسەریاندا دێت، ئەوە بە فەرمانی خواوەیە. ئەمەش ئەدگاریکی ( سیفەتێکی ) گرنگ و سەرسوڕهێنەرە بۆ مرۆڤی بڕوادار کە هەمیشە باوەڕی بەخوا هەیە هەم لە کاتە خۆش وەهەم لە کاتە ناخۆشەکاندا، یاخود لەو کاتانەی کە تووشی تاوانێك دەبن وەیا تەنگ و چەڵەمەیەك بەرۆکیان دەگرێت پشت بە خوا دەبەستن. لەم فەرموودەی خوارەوەدا پێغەمبەرمان محمد ( د.خ ) ئاماژە بۆ یەکێك لە خەسڵەتە پتەوەکانی باوەڕدار دەکات و دەفەرموێت : " باوەڕدار وەکو دانەوێڵەی ناو کێڵگە وایە کە بە ڕاوەستاویەوە با دەیهەژێنێت تا دەگاتە ڕەگی خاکەکەی، بەڵام ئەو هەر بە ڕاوەستاویەوە لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە " ( مسلم ).

بۆیە باوەڕدار کاتێك هەر هەڵەیەك یاخود تاوانێك ئەنجام دەدات، ئەوە

یەکسەر هەست بە پەشیمان بوونەوە دەکات لەو گوناهە و بە ڕاستگۆیی و هیواوە داوای لێخۆش بوون لە پەردوەردگار دەکات. سەرئە نجام، باوەڕدار زۆر هەست بـە ئازاری هەڵەکردن ناکات لە پەشیمان بوونەوەی دا. بە مانایـەکی تـر، کاتێـك باوەڕدار هەست بە پەشیمانی دەکات لـە تاوانەکـەی، ئـەو پەشـیمانیە هـانی دەدات بۆ خاوێن کردنەوەی دڵ ودەرونی و داوای لێخۆش بـوون لـە پـەروەردگار و دەکات وەلەهەمان کاتیشدا قەدەغەی دەکات لە دووبارە کردنەوەی تاوانـەکانی پێشـووی ، وەهــەروەها یارمــەتی دەدات لــە ڕاســت کردنــەوەی هەڵــەکانی و نەهێشتنی نقووم بوون لە هەستی ڕەشبینی و تـرس و نیەگـەرانی. ئەمـە جگـە لەوەی کە ئەو پەشیمانیە هەستی پەرۆشی و پاکی و ڕاسـتی یـاخود دینـی کـەم ناکاتەوە لەلای بڕوادار، لەهەمان کاتیشدا ناتوانێت لولپێچیان بکـات بـۆ نـاو ترس و خەمۆکی.

بەلاّم ئەو پەشیمانیەی کە مرۆڤی بێباوەڕ و خوانەناس هەستی پێـدەکات، پەشیمانەکی زۆر ترسێنەر و هەمیشەییە، چـونکە کاتێـك کـە هەڵـە و تـاوان ئە نجام دەدەن یاخود تەنگوچەڵەمەیەك دێتە ڕێـگایانەوە، ئەوە پشت بـە خـوا نابەستن. بۆیە ئەو خوانەناسانە هەردەم ئەم دروشم و ووتـانە دەڵێنەوە کـە دەڵێ : " خۆزگە ئەو کـارەم (گوناهـەم) نەکردبایـە....." " خۆزگـە ئـەو قسـەیەم نەگۆتبایە....."هتد.

ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە کە بێباوەڕان دەبنە بابەتی لێپرسینەوە لـە ڕۆژی قیامەتدا، چونکە ئەوانە لە ژیانێکدا ژیاوون کـە ئـایین (دیـن) بەشـێك بـووە تێیدا. لە ڕۆژی دواییدا بێبـاوەڕان بـۆ هـەر چـرکەیەکی خشـتەبەری ژیانیـان پەشیمانی دایان دەگرێت. ئەمانە پێشتر ئاگادار کراینەوە و بانگێشت کراوون بۆ گرتنەبەری ڕێگای ڕاست. وەهەروەها کات و دەرفـەتی تـەواو و گونجاویـان بـۆ ڕەخسێندراوە تاوەکو لە ڕاسـتیەکان تـێـبـفـکرن و لـەئامێزی بگـرن. بـەلاّم ئەوانە هێشتا هەر سوورن لەسەر گوێ پێنەدان و فەرامۆش کردن ئەوەی کـە ئایـا

ئەوانە هەرگیز نامرن؟ بێباوەڕان لە ڕۆژی دواییدا دەرفەتیان بۆ نارەخسێتەوە کە جارێکی تر بگەڕێنەوە ژیانی سەر زەوی و هەڵەکانیان ڕاست بکەنەوە. لە قورئانی پیرۆزدا، پەروەردگار چیرۆکی پەشیمانی ئەو کەسانەمان بۆ دەگێڕێتەوە لەو ڕۆژەدا:

" ئێمە ئێوەمان ئاگادار کردەوە لەوەی کە سزایەکی نزیک بەڕێوەیە، ئەو ڕۆژەی کە ڕۆژێکە ئادەمیزاد سەیری دەست پێشخەری خۆی دەکات (چی کردووە) خوانەناسیش دەڵێت: خۆزگە هەر خۆڵ بومایە " ﴿س- النبأ- ٤٠﴾.

" جا ئەگەر ببینی (لە ڕۆژی دواییدا) لەسەر لێواری دۆزەخدا ڕاوەستێنراون و دەڵێن: خۆزگە جارێکی تر بیانگێڕاینەتەوە بۆ دنیا ئەوسا هەرگیز نیشانە و بەڵگە و ئایەتەکانی خوامان بەدرۆ نەدەزانی و باوەڕی تەواومان پێدەبوو " ﴿س - الا نعام - ٢٧﴾.

" ئەگەر ئێمە بەڕاستی گوێمان بگرتایە و بیروهۆشمان بەکاربهێنایە نەدەبوینە نیشتەجێی دۆزەخ " ﴿س – الملك - ١٠﴾.

بۆیە مەبەستی ئەم پەرتووکە بریتیە لە هۆشیارکردنەوەی خەڵك لەو ڕۆژەی کە بە پەشیمانیەوە دەڵێت: " خۆزگە بیرمان لەو ڕۆژە بکردایە... خۆزگە بەڵگە و ئایەتەکانی خوامان بەدرۆ نەخستابایە... خۆزگە ڕێوشوێنی ئەوانەمان بگرتابایە کە پەیامی ڕاستیا بۆ هێناین... خۆزگە کاروکردەوەی چاکەمان ئە نجام بدابایە..." هتد. وەهەروەها مەبەستێکی تری ئەم پەرتووکە ئەوەیە کە بانگەشەی خەڵك دەکات بۆ ملکەچی و پەیرەوکردنی فەرمانەکانی پەروەردگار لەوکاتەی کە لە دنیادا هێشتا دەرفەتی بۆ هەیە هەڵەو تاوانەکانی ڕاست بکاتەوە.

لەو ڕۆژەدا، لەبیرتانبێت کە هیچ کەس ناتوانێت خۆی دەربازبکات لە تورەیی و هەڕەشەکانی پەروەردگار. بۆیە تاکە ڕێگای خۆ دورخستنەوەت لە

پەشیمانی و تورەبوونی خـوا ، ملکەچـکردنە بـۆ فەرمایشـتەکانی پـەروەردگار لەوکاتەی کە تۆ لە دنیادا هێشتا دەرفەتی زۆرت لە پێشە بۆ گوێڕایەلی.

ئەم پەرتووکە بانگەشەی خەڵك دەکات بۆ گرتنەبەری ڕێگـای پـەروەردگار وەهەروەها بەبیرهێنانەوەی ئەو سزایەیە کە گومان لە بوونیدا نیە لـەو ڕۆژەدا، کە هیچ جێگاوپەناگەیەك نیە بۆ خۆ دالدەدان و هەلاتن لێی و هیچ جێگایەکیش نیە بۆ رزکاربوون لێی. پەروەردگار، لەم ئایەتـەی خـوارەوەدا ئـەو ڕاسـتیەمان بەبیردەخاتەوە :

" خەڵکینە بەپیر بانگەوازی پەروەردگارتانەوە بچن پێش ئـەوەی ڕۆژێـک بێـت کـە هـیچ گەڕانـەوەی لەلایـەن خـواوە نابێـت ، ئـەو ڕۆژە هـیچ پەناگەیـەکتان نابێـت و کەسیشـتان ناتوانێـت نکـۆڵی بکـات " ﴿س – الشوری – ٤٧﴾.

# پەشیمان بوونەوەی ئادەمیزاد لە ژیانی ئەم دنیایە

**" بگەڕێنەوە بۆلای پەروەردگارتان و تەسلیمی ئەوبن، پێش ئەوەی کە سزای خوا بەسەرتان دابێت لەمەشدا کەس ناتوانێت یارمەتیتان بدات . شوێنی چاکترین ئەو فەرمانانە بکەون کە لەلایەن خواوە بۆتان ڕەوانەکراوە پێش ئەوەی سزاو ئازاری کتوپڕ یەخەتان بگرێت و لەکاتێکدا ئێوە هەست بە نزیکی سزاکە نەکەن "** ﴿س – الزمر ـ ٥٤ ـ ٥٥﴾.

**کاتێك هەر کەسێك کە هەست بە مەترسیەکی دژوار دەکات، بە پەلە هۆشی دێنێتەوە سەرخۆی و بەئاگادێتەوە بۆ تاوتێکردنی و هەڵسەنگاندنی و گرتنەبەری ڕێگای پێویست بۆ پاراستنی ژیانی. خۆ ئەگەر ئەو کەسە لەم دنیایە لەسەر ئایینی پەروەردگار نەژیابێت و کاروکردەوەی چاکی ئەنجام نەدابێت، ئەوە نوقمی خەم و پەشیمان بوونەوەیەکی زۆر دەبێت. بەتایبەتی لەو شتانەی کەلە ژیانیدا فەرامۆشی کردبوون، لەناکاو لە پێش چاوەکانیدا بەڕوون و ئاشکرایی دەردەکەون. ئەوسا بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا تامی مردنی داخراو دەچێژێت و دەزانێت چۆنە (مەبەست لە مردنی داخراو ئەو مردنەیە کە هیچ کاروکردەوەیەکی چاکی لەگەڵدا نیە ) .**

**دان بەوەدادەنێت کە پێشرەوی ژیانێکی دنیایی نەکرد تاکو بیگەیێنێتە بەهەشت. ئەوکات هۆشیار دەبێتەوە و هەستدەکا کە دڵسۆزی نەبووە بەرامبەر خوا و بەبێ ڕووکردنە خوا ماڵئاوایی لە ژیانی ئەم دنیایە کرد. ترسێکی تۆقێنەر، کە هەرگیز لە ژیانیدا ڕووبەرووی نەبۆتەوە، چواردەورەی دەدات. ئەوسا تێدەگات کە تەنها خوا دەتوانێت بەهانای بێت و ڕزگاری بکات لەم بارودۆخە سەختەدا. پاشان بەڵێن بە پەروەردگار دەدات کە کەسێکی سوپاسگوزار بێت و ڕێگای ڕاستی ئەو بگرێت و هەموو ساتێکیش ئەو بارودۆخەی**

لەبەر چاو وون نەبێت. دەپاڕێتە و نزا دەکات لە پەروەرگار کـە لـەم بارودۆخـە ترسناکە ڕزگاری بکات . تەنها داوا دەکـات کـە دەرفـەتێکی تـری پـێـبدرێت بۆئەوەی ڕزگاری بێت و بژیـێت...

بەڵام هەندێك کەس دوای ئـەوەی لـەو مەترسـیە دژوارە ڕزگاریانـدەبێت، بەڵێنەکانی خۆیان کە پێشتر بە پەروەردگاریان دابوو دەیشـکێنن و ڕاسـتگۆنابن لەگەڵیدا. هەرکە خوا یارمەتی دان و ڕزگاری کردن لەو ناخۆشیە، پاشان ئەوانـە دەگەڕێنـەوە سـەر ڕێگـای پێشـوی خۆیـان و هـەموو شـتێك لـەبیر دەکـەن. ناسوپاسگوزاری و بێچاوڕویی جێگای پەشیمانی و ملکەچی دەگرنەوە. ئەو سـاتە لەبیر دەکەن کە چ جۆرە بیرکردنەوە و تێفکرینێکیان هەیـە کاتێـك ڕووبـەڕووی مەرگ دەبنەوە. متمانە بەخۆ هەبوون بۆ زاڵبوون بەسەر مەترسـیەکاندا دەبێتـە هۆی دوورکەوتنەوە لە ڕێگای پەروەردگار ، لەکاتێکدا ئەو کەسانە هەر ئەوانـە بوون کە پێشتر پە نجەی پەشیمانیان دەگەست و لـە خـوا دەپاڕانـەوە. ئەوانـە دەست بە ژیان دەکەنەوە کە زۆر زیاتر لە جاران دنیایان خۆش دەوێت کە هەرگیز لەبیریان نایەت پێشتر لە بارودۆخێکی ڕەخنەگردا بوون. لە قورئـانی پـیرۆزدا زۆر نموونە هەن کە باس لە بارودۆخی سایکۆلۆجی ئەو کەسانە دەکات :

" خوا ئەو زاتەیە کـە لـە ووشـکانی و دەریـادا هاتووچـۆیان پێـدەکات، هەتا ئەو کاتەی کەلە کەشتیەکاندا دەبن و دەیانگوێزنـەوە بـەهۆی بـاو شەماڵێکی پاک و ئارامەوە و هەمووان دڵخۆشن پێی، ئـەوە بایـەکی تونـد و بەهێز و سەخت بـەرەو کەشـتیەکە بێـت و هـەڵبکات، لەهـەموو لایەکـەوە شەپۆڵ بۆتان بێت ، ئیتر وابزانن کە دەورەدراوون و هاناوهاوار بۆ خوا دەبەن، دڵنیان خوا نەبێت کەس ناتوانێت فریایان بکەوێت، لەکاتێکدا بیروباوەڕ و ئاینیان بەتەواوی پاک و پوختو و یەکلایی دەکەنەوە بۆ خوا، بۆیە بە سۆزەوە دەڵێن: سوێند بە خوا ئەگەر لەم بەڵایە و تەنگانەیە ڕزگارمان بکەیت، ئەوە بەڕاستی دەچینە ڕیزی سوپاسگوزارانتەوە. جا کاتێک خوا ڕزگاری کـردن،

خێرا ئەوان بەناهەق دەست دەکەنەوە بە ستەمکاری لە زەویدا، ئەی خەڵکینە: بەڕاستی ستەم کردنتان تەنها لەسەرخۆتان دەکەوێت و بەزیانی خۆتان تەواو دەبێت،ئێوە بەو ستەمکاریە خۆشی و ڕابواردنی ژیانی دنیاتان دەوێت، لەمەودوا گەڕانەوەتان هەر بۆلای ئێمەیە و ئەوسا ئاگادارتان دەکەینەوە بە هەموو ئەو کاروکردەوانەی کە دەتان کرد " ﴿س – یونس – ٢٢ - ٢٣] .

" (خەڵکینە ئێوە) کاتێک لە دەریادا ناخۆشی و تەنگانە تووشتان دەبێت، ئەوە هەرچی پەرستراو هەیە لەبیرو هۆش و باوەڕتاندا نامێنێت و ووندەبێت جگە لەو زاتە (کە خوایە) ڕزگارتان دەکات و دەتانخاتە ووشکانیەوە، ئێوە پشت لە بەرنامەکەی دەکەن و ڕوو وەردەگێڕن و ئایناسن بەلکو زۆربەی مرۆڤەکان سوپاسگوزارنین. خەڵکینە ئایا ئێوە لەخۆتان دڵنیان خوا نەتانبات بە ناخی زەویدا و لایەکی ووشکانی نەڕوخێنێت بەسەرتاندا، یاخود بەردبارانتان نەکات؟! لەمەودوا هیچ کەستان دەست ناکەوێت فریاتان بکەوێت و پەناتان بدات " ﴿س- الا سراء - ٦٧ - ٦٨].

هەروەکو لەم ئایەتانەی سەرەوە تەئکید کراوەتەوە کە چۆن کەسانێك دەتوانن دڵنیابن کە جارێکی تر تووشی هەمان بگرە خرا پترین بارودۆخ نابنەوە ؟ چۆن بەدڵنیاییەوە هەست دەکەن کە جارێکی تر ڕزگاریان دەبێت ؟ بێگومان هیچ کەس ناتوانێت گەرەنتی ئەوە بکات کە ئەو ڕووداوانە ڕونادەنەوە جارێکی تر. لەبیرت بێت کە ڕزگاربوون لە مەترسی هیچ جیاوازیەك دروست ناکات لە ژیانی کەسێکدا. لەکۆتایدا ئەو کەسە هەردەبێ بمرێت بەتاییەتی ئەو کاتەی کەبۆ مەرگی دیاریکراوە تەواوی دەکات. ئەوسا ئەو کەسە پەشیمانی دایدەگرێت بەلام تازە پەشیمانی هیچ سوودێکی بۆنابێت. ئەمەش بارودۆخی دەروونی هەموو ئەو کەسانەیە کە ئایین بەشێك بووە لە ژیانیاندا. لە قورئانی پیرۆزدا پەروەردگار

**ئاماژە بەم بارۆدۆخە دەکات بەم شێوەیە :**

**" کاتێک ئادەمیزاد زیان و ناخۆشیەکی تووش دەبێت، ئەوە هاناوهاوار بۆ ئێمە دەهێنێت بۆ لابردنی، لە کاتی ڕاکشاندا یان بەدانیشتنەوە یان بە پێوە بێت، جا کاتێک زەرەر و زیانەکەی لێ دوور دەخەینەوە و دەکەوێتە باری ئاسایی هەروا دەڕوات بەرێدا و بارودۆخی ئەوسای فەرامۆش دەکات، هەروەک ڕۆژێ لە ڕۆژان هاواری لە ئێمە نەکردبێت، لە ئێمە نەپاڕابێتەوە تا ناخۆشی و زیانێک کە تووشی بووە لێی دووربخەینەوە، ئا بەو شێوەیە بۆ لە سنوور دەرچوان ئەو کارکردەوانەی کە دەیان کرد ڕازێنراوەتەوە "** ﴿س - یونس - ١٢﴾

**" کاتێک تەنگانە و ناخۆشی تووشی خەڵکی دێت، هاناوهاوار بۆ پەروەردگاریان دەبەن و هەر لەو دەپاڕێنەوە، پاشان کە ناخۆشی و تەنگانەکە نەما خوا ڕەحمەت و میهرەبانی خۆی پێ بەخشین، یەکسەر گروپێکیان هاوەڵ بۆ خوا بڕیار دەدەن "** ﴿س - الروم - ٣٣﴾ .

**ئەو کەسانەی کە لەو ئایەتانەدا باس کران ئەوانەن کە لە کاتی تەنگانە و ناخۆشیدا ڕوو لە پەروەردگار دەکەن. بەڵام هێشتا بەتەواوەتی کارەساتەکەیان لەسەر لانەچووە، ئەو بەڵێن و پەیمانەی کە بە خوایان دابوو لەبیری دەکەن و ناسوپاسگوزاری خۆیان دەردەبڕن. ئەو هەڵوێست و بۆچونەشیان ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە پەشیمانی ئەو جۆرە کەسانە کەلەلایەن خواوە یارمەتی دراوون تەنها لە بارودۆخی ناخۆشی و تەنگانەدا بووە.**

**مرۆڤی بڕوادار هەستی پەشیمانی زۆر جیاواز ترە لە پەشیمانی ئەو کەسانەی کە پێشتر باس کران بەوەی کە پەشیمانی زۆر سود بە بڕوادار دەبەخشێت. پەشیمانی ڕاستەقینە تەنها لەبیرکردنی دەست بەجێ نیە، بەلکو هاندەرێکە بۆ دروستکردنی گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لە کەسایەتی ئەو مرۆڤە. کەسێك کەلە ناخی دڵیەوە هەست بە پەشیمانیەکی ڕاستەقینە بکات ئەوە ئەو**

کەسە هەموو ژیانی خۆی تەرخان دەکات بۆ گوێڕایەڵی فەرمانەکانی پەروەردگار تا لێی ڕازی بێت. بە هیوا و ئاواتە بۆ میهرەبانی خوا و لێخۆشبوونی. کـاتێکیش کە بارودۆخەکەی دەگۆڕدرێت یان دەرفەتێکی تازەی پێ دەدرێت ، ئـەوە هـەرگیز ناوێرێت بگەڕێتەوە بۆسەر ڕێگای پێشوی ژیانی، ئەمانە تێدەگـەن و زانـان کـە ئەو جۆرە ناسوپاسگوزاریە مانای دۆڕاویی و خەسارەتە بۆیان.

لـە قورئـانی پـیرۆزدا، پـەروەردگار بـارودۆخی دەرونـی ئـەو کەسـانە دەبەستێتەوە بە ڕووبەڕووبونەوەی مەرگ لەسەر پشتی کەشتیەکدا بۆ ئەوەی لەم ڕێـگایەوە خەڵکی لێ ئاگادار بکاتەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیـە تـاکو ڕێکخسـتی ئـەو کەسـانە بـوونی هـەبێت و شـانازی بـەخۆیان بکـەن. بۆیـە ئـەو پەندوئامۆژگاریانەی کە لەو نمونانەی سەرەوە وەردەگیرێـن ئەوەیـە کـە دەبـێ خەڵك بەگرنگیەوە واز لە بوارە خرا پەکانی کەسانی تر بهێنن و دڵسۆزی فێـربن لە ویژدانی کەسانی ترەوە. ئینجا دەبێ جارێك ئـەو پرسـیارانەی خـوارەوە لـە خۆیان بکەن:

ئایا من لە چ بارودۆخێکی دەروونیدا بـووم، ئایـا لەهـەمان بـارودۆدام ؟ چ هۆکارێك وامی لێکرد کە پەشیمان ببمەوە ؟ چ گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی بوو کە من بەخۆمم دابوو بۆ دروستکردنی کەسایەتیم، کە منی ڕزگار کرد لـە مەترسـی ؟ چ شێك بووە من وازم لێهێناوە و چ بڕیـارێکم داوە ئـاوا بـە دڵسـۆزیەوە جێبـەجێم کردووە ؟

پێویستیەکی زەرورى نیە کە تەنها لە حالەتی مەترسی جەسـتەییدا بیـت ئینجا ئەو پرسیارانە لەبیروخەیاڵی خۆتدا بنێـیت و بەم شێوەیە هەڵسـوکەوت بکەیت، هەموو ئەوانە دەبێ ببێت. کاتێـك یـەکێك ناتوانێـت ئـەو پرسـیارانە پێشبینی بکات، ئەوە لە ماوە یەکی کورتدا هەسـتی پـێ دەکـات و دەیچـێژێت. یاخود لەوانەیە هەرگیز ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە (مەترسـیانە) نەبێتـەوە لـە ژیانیدا. بەڵام ئەوەی کە گرنگ و ڕاستەقینەیە لەهەردوو بارودۆخدا ئەوەیە کـە

کاتێك ئەو کەسە کاتی مردنی دادێت، لەناکاو فریشتەکانی مەرگ دەبینێت کە وا لە تەنیشتیەوەن. لەو کاتەشدا بەتەواوی دان دەنێت کە مردن ڕاستەقینەیە، جا ئەگەر نەیتوانیبێت ژیانی بەو ئاراستەیە ببات کە ڕێگای خوایە، ئەوە بێگومان پەشیمانی لە زۆر شتدا دایدەگرێت.

بۆ ئەوەی ڕزگارت بێت لە پەشیمانی دنیا و قیامەت تەنها ڕێگایەك کە پێویستە بیگریتە بەر ئەوەیە کە ڕوو لە پەروەردگار بکەیت و بیر لە ئەرکەکانت بکەیتەوە بەرامبەری و فەرمانەکانی جێبەجێ بکەی کەلە قورئانی پیرۆزدا هاتوون. بزانە کە مەرگ زۆر نزیکە لێت، کەوایە هەرگیز نابێت ئەو بەرپرسیاریەی سەرشانت دوا بخەی بۆ کاتێکی تر. بە ئارام گرتن و پێداگرتنەوە پەلە بکە لە جێبەجێکردنی بڕیارە ڕاستگۆ و دڵسۆزەکانت. لەو کاتەی کە یەکێك هەست بە ترس و داماوی دەکات، پێویستە دڵسۆزی و نزیك بوونەوەی لە خوا بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە بێت.

گرنگترین ڕاستی کە پێویستە بە بیر بهێندرێتەوە ئەوەیە کە مەبەستی سەرەکی لە دروست بوونی ئادەمیزاد لەم دنیایەدا بریتیە لە بوون بە بەندەی پەروەردگار ، بەندەیەك کە خۆشی و شادی بۆی فەراهەم بکات . هەر شتێك لە ماڵ و خێزان و کاروکردەوە تەنها فاکتەرن بۆ نزیك بوونەوە لە پەروەرگار. ئەو کەسانەی کە هەوڵ و کۆشش دەکەن بۆ بەدەست هێنانی ئەو فاکتەرانە بەبێ هەستی ، ئەوانە ئەو چاکەیەی پەروەردگار لە بیری دەکەن و فەرامۆشی دەکەن . ئەمانەش بێ کەڵك و سوودن گەر ڕەزامەندی خوای لەگەڵدا نەبێت . سوود و قازانجی کاتی لەم دنیایە ناتواندرێت یارمەتی ئادەمیزاد بدات لە ڕۆژی دوایی دا. پەروەردگار لە ئایەتێکدا دووپات دەکاتەوە کە هەندێك خەڵك نوقمی خەم و پەژارە دەبن :

" (ئەی پێغەمبەر) پێیان بڵێ : ئایا هەواڵی ئەو کەسانەتان بدەمێ کە لە کارو کردەوەیاندا زۆر زەرەرمەندن ؟ ئەوانە ئەو کەسانەن کە هەوڵ و

کۆششیان لەژیانی دنیادا بەهەدەرچووە بەمەرجێک وایان دەزانی کەبەڕاستی کاری چاک دەکەن وەکردەوەی ڕەوا ئەنجام دەدەن. ئەوانە کاسانێکن کە باوەڕیان بە بەڵگە و نیشانەکانی پەروەردگاریان نەبووە و بەنیازی ئامادەبوونی بەردەم بارەگای خوایی نەبوون ، بۆیە هەموو کارو کردەوەکانییان بێ نرخ و پووچ بووە ، لە ڕۆژی قیامەتیشدا هیچ جۆرە بایەخ و نرخێکی بۆ دانانێین " ﴿س – الكهف – ١٠٣-١٠٥﴾.

ئەو خۆشی و بەختەوەریەی کە خوا دەیبەخشێت بە کەسێك لەم ژیانەدا لە ئەنجامی بیروبۆچونی باش و ڕەوشت باشی ئەو کەسەیە، بە دڵنیاییشەوە پەروەردگار ئەو کەسە دەپارێزێت هەم لە ژیانی دنیاو هەم لە ڕۆژی قیامەتیشدا. بەلاّم هەر کەسێك ئەو دەرفەتەی کەلەم دنیایە پێی دراوە لەدەست بدات، ئەوە پەشیمان دەبێتەوە لە هەڵە و تاوانە ترسناکەکانی بە تاییەتی لەو ساتەوەختەی کە فریشتەکانی ڕۆح کێش دێنە لای بۆ ڕۆح کێشانی. ئەو کاتەش دەرفەتی قەرەبوکردنەوە دەڕوات و ناتواندرێت ئەو گوناهانە ڕاست بکرێنەوە، سەرئەنجامیش پەشیمانی ئەو کەسەی لێدەکەوێتەوە، ئەوساش مەگەر هەر خوا خۆی بەزەیی پێدابێتەوە. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا هەستی پەشیمانی ئەو کەسانەمان بۆ دەگێڕێتەوە:

" (ئادەمیزادی بێ باوەڕ دەڵێت) ، خۆزگە بۆ ئەم ژیانەم دەست پێشخەریم بکردبایە " ﴿س – الفجر – ٢٤﴾.

" ..... دەڵێ، خۆزگە من هیچ جۆرە هاوەڵێکم بۆ خوا بڕیار نەدابایە " ﴿س – الكهف – ٤٢﴾.

" .....(لە پەشیمانیدا دەڵێت) خۆزگە لەگەڵ پیغەمبەردا ڕێگای ئیمانم بگرتابایە " ﴿س – الفرقان – ٢٧﴾.

جا ئەو کەسەی پێی خۆشنیە بە نائومێدیەوە ئەو ووتانەی سەرەوە بڵێتەوە، پێویستە هەر لە ئێستاوە ڕێگای پەروەردگار بگرێتە بەر، ملکەچی فەرمانەکانی

**خوا بێت وەهەروەها یاسای خوا بکاتە یاسای ژیانی.**

# ئادەمیزاد پێویستە گوێڕایەڵ و خەمخۆری zەو پەشیمانیە بێت کە لەم ژیانــەدا هەستی پێــدەکات

ژیانی ئەم دنیایە دەرفەتێکی باش بە ئــادەمیزاد دەبەخشـێت بــۆ ئــەوەی بتوانێت ژیانێکی خۆش و ئاسـودە و هەمیشـەیی دابـین بکـات بـۆ رۆژی دوایـی. ئەوانەی کە سوود لەو دەرفەتە وەرناگرن و دور لە ئــاینی ئیسـلامدا دەژیــن، بــا دڵنیابن لەوەی کە کاتێك چاویان بە ئازار و ئەشکە نجەی ڕۆژی دوایی دەکەوێت، لەهەموو چرکەیەکی ئەم ژیانە پەشیمان دەبنەوە. ئەمەش ئەو ڕاسـتیە دوپــات دەکاتەوە کە ئەو جۆرە کەسانە چەندەهاجار ئاگادار کراونەتەوە بــە هــەبوونی دوو جێگــای نیشــتەجێبوون کــە بەهەشــت و دۆزەخــە. وەهــەروەها بۆیــان ڕوونکراوەتەوە کــە هەڵسـوکەوتەکانیان بڕیــاڕ دەدات کــە کـام لــەو شـوێنانە هەڵدەبژێرن. لەم بارەیەوە پێغەمبەر لە فەرمودەیەکدا دەفەرموێت:

" ئەم دنیایە چاندنی (بەرهەمە) بۆ دواڕۆژ " (ضیا ء العلوم .لا. ١٤)

.

لەبارەی هەستی پەشیمانیەوە، لەم دنیایەدا پەروەردگار بــە میهرەبــانی خۆی دەرفەت بە ئادەمیزاد دەدات ئەمەش لە ڕێگای هاندانی بیروهەستە بۆئەوەی بزانێت و دووربکەوێتەوە لە گەیشتن بــە کۆتایــەکی تــاڵ و بێزێــزی. ســەرەرای ئەمەش، پەروەردگار کات و دەرفەتی زۆر بە ئادەمیزاد دەبەخشێت تــاکو بتــوانن خۆیان پاك بکەنەوە لەو گوناهانەی کردویانە و هەڵوێستی خراپی کەسایەتیان بگۆڕن. هەر یەکێك لە ماوەی ژیانیدا دەرفەتی بۆ دەڕەخسێت کــە تۆبــە بکــات و پەشیمان بێتەوە لەو هەڵەو گوناهانەی کــە ئــە نجامی داوون بەمــەرجێك ئــەو ماوەی کەلە ژیاندا ماوە ڕێگای پەروەردگار بگرێتە بەر.

هەست كردن بە پەشیمانی لە دنیادا بـە ڕاسـتی بـە دەرفـەتێكی زێـرین دادەندرێت كە خوا بە ئادەمیزادی بەخشیووە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە گەر كەسـێك دوای پەشیمانیەكی ڕاستەقینە ڕوو لە پـەروەردگار بكـات، ئـەوە ڕزگـاربونێكی ڕۆحی هەمیشەیی پێ دەبەخشرێت لەلایەن خواوە وەك وەڵام دانەوەك بۆ دڵسۆزی و ڕاستگۆیی ئەو كەسە. بە پێچەوانەشەوە، گەر بێتو كەسێكی كەللـە ڕەق بێـت و فەرامۆشی ئەو دەرفەتانە بكات كە پێـی دراوە، دوایـی بـۆی ڕون دەبێتـەوە كـە سزاوئەشكەنجە پەشیمانی دەكەنەوە و تووشی خەمێكی نەبڕاوەی دەكەن ، ئـەو كاتەش مەگەر هەر خوا بەزەیی پێبكا و رزگاری بكات.

پـەروەردگار لـە قورئـانی پـیرۆزدا دەیـەها نمونـەی جۆراوخـۆری ئـەو كەسـانەمانی بـۆ هێناوەتـەوە كـە لەبـەر گونـاهو تاوانەكانیانـدا پە نجـەی پەشیمانیان گەستووە. هێنانەوەی ئەو نمونانـەش هاندەرێكـە بـۆ خـەڵك بـۆ ئەوەی ڕوو لە خوا بكەن و خۆیان ڕزگار بكەن لەو تاوانانەی كە توشـی هاتینـە لەو كات و ماوەیەی كەلە ژیاندا ماون. تاكو ئێستاش كەسانێك هەن كە هەسـتی پەشـیمانیان لەبیرچـۆتەوە و بەنـەزانی دەگەڕێنـەوە سـەر یـاخی بـوونی پێشوتریان.

پەروەردگار لە قورئاندا ئاگادارمان دەگاتەوە لە ئەزمونی پەشیمانی ئـەو سێ كەسەی كە بەژداریان لە جەنگێكدا كرد لە سەردەمی ژیانی پێغەمبـەر وەكـو نمونەیەكی تۆبەكردن لە پەشیمانی ئەو كەسانە:

" خـوا تەوبـەی قبـول كـرد لـە پێغەمبـەر و كۆچـبەران و پشـتیوانان، ئەوانەی كـە شوێنی پێغەمبـەر كـەوتن لـە كـاتی سـەغڵەتی و تەنگانـەدا، دوای ئەوەی كـە خەریـك بوو دڵی گروپـێـكیان لە خشتە بچێت ، لەمـەودوا تەوبە و پەشیمانی ئەوانیشی قبولكرد، چونكە بەڕاستی پەروەردگار بە سۆز و میهرەبانە لەگەڵیاندا. هەروەها تەوبەی ئەو سێ كـەسەشی وەرگـرت كـە (لە شەڕی تـەبووك) دواخـران دوای ئـەوەی كـە زەوی چـەندە فراوانـە لێیـان

تەنگ بۆوە، خۆشیان لەخۆیان بێزار بوون، دڵنیاش بوون کە هیچ پەنایەک نیە جگە لەوەی خۆیان بدەنە پەنای ئەو زاتە، پاشان تەوبەی لێوەرگرتن، تا تەوبە بکەن، بەڕاستی هەر خوا تەوبە وەرگر و میهرەبانە " ﴿س – التوبة – ١١٧- ١١٨﴾.

ئەوەی کە فێری دەبین و پەندی لێوەردەگیرێت لەم ئایەتەدا ئەوەیە کە ئەو سێ کەسە لە ناخی دڵیانەوە هەستیان بە پەشیمانی کرد بەهۆی خرا پەکاریانەوە. تێگەیشتن کە تەنها تاکە ڕێگا بۆ ڕزگار بوون لەو پەشیمانیە تەوبە کردنە و پەنا بردنە بۆ پەروەردگار. ئەمەش ئەو جۆرە پەشیمانیە ڕاستەقینیەیە کە مرۆڤ لە قۆناغێکدا دەگوازێتە و دەیگۆڕێت و هانی دەدات بۆ ڕاست کردنەوەی هەڵەکانی. ئەو جۆرە کەسانەش ژیانیان دەستپێشخەر دەکەن بە گوێڕایەڵیەوە بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوا و هیواوئاوات دەخوازن بۆ میهرەبانی و سۆزی پەروەردگار. پەروەردگاریش بە دڵنیایەوە پێمان ڕادەگەیێنێت کە تەوەبەی بەندەکانی قبووڵ دەکات و لە گوناهەکانی خۆش دەبێت :

" تەنها ئەو کەسەی کە تەوبە بکات و باوەڕبهێنێت و کاروکردەوەی چاک ئەنجام بدات، ئەو جۆرە کەسانە خوا کاروکردەوە خراپەکانیان بۆ دەگۆڕێت بە چاکە، هەمیشە و بەردەوام خوا لێخۆشی و میهرەبانە. جا ئەوەی کە تەوبە دەکات و کاروکردەوەی باش ئەنجام دەدات ئەوە بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا بە تەوبەیەکی ڕاست و دروستەوە " ﴿س – الفرقان – ٧٠- ٧١﴾.

" ئەوانەی کە کردەوەی خراپ ئەنجام دەدەن و پاشان تەوبە دەکەن و پەشیمان دەبنەوە و باوەڕێکی دامەزراویان هەیە، ئەوە بێگومان پەروەردگار لێخۆشیو و میهرەبانە " ﴿س- الا عراف – ١٥٣﴾.

" بە ڕاستی من لێخۆشبووم لەو کەسەی کە تەوبە دەکات و باوەڕ

دەهێنێت و کاروکردەوەی چاک دەکات و بەردەوام دەبێت لەسەر ئەو ڕێبازە " ﴿س – طه – ٨٢﴾.

بێگومان قورئانی پیروز ئاماژەی بەوەش داوە نەتەوەکانی پێشوو کە پێغەمبەریان بۆ نێردراوە، پەشیمان بونەتەوە لەو کاروکردەوە خراپانەی کە ئەنجامیان داوە. بۆ نمونە نەتەوەی پێغەمبەر موسا نەیان توانی خۆڕاگربن تا موسا دەگەڕێتەوە لە کێوی سینای بە هێنانی پەیامی خوا بۆیان، بۆیە خوایان لەبیر کردوو دووبارە ڕوویان لە پەرستنی بتەکانیان کردەوە. پەروەردگار لەم ئایەتەی خوارەوە باس لە پەشیمانی زۆری ئەو نەتەوە دەکات بۆ گوناهەکانیان:

" لە دوای چونی موسا (بۆ کێوی سینای-الطور-) نەتەوەکەی پەیکەری گوێرەکەیەکیان لە خشلەکانیان دروست کرد کە بۆڕەیەکی هەبوو!! ئایا ئەوان نەیان دەزانی کە ئەوە بەڕاستی قسەیان لەگەڵ ناکات و ڕێنموویان ناکات بۆ هیچ ڕێگایەک، کردیان بە خوای خۆیان، ئەوانە ستەم کاربوون. کاتێکیش کەلەدەستیان چوو پەشیمان بونەوە و زانیان و دڵنیابوون کە گومڕابوون ووتیان: سوێند بە خوا گەر پەروەردگارمان بەزەیی پێماندا نەیێتەوە و لێمان خۆش نەبێت، ئەوە بەڕاستی لە زەرەرمەندانین " ﴿س – الا عراف – ١٤٨- ١٤٩].

پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا جارێکی تریش بەسەرهاتی پەشیماتی خاوەن باخەوانەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە. خوا چاکەیەکی لەگەڵدا کردن بەوەی کە باخ و باخچاتێکی زۆری پێبەخشین. بەلاّم ئەوان بە فیزولوت بەرزیەوە شتیان لێ دەچاندو تەنها بۆخۆیان سوودیان لێوەردەگرت، بۆیە سوپاسگوزاری خوایان لەبیر کرد، هەر لەبەر ئەمە، تووشی سزایەك بوون کە ناچاری کردن پەشیمان ببنەوە لەو کاروکردەوانەی کە کردبوویان و پەنایان بۆ پەروەردگار برد. ئەو ئایەتەش کە باس لە چیرۆکی خاوەن باخەوانەکان دەکات ئەمەیە:

" ئێمە ئەو خەڵکەمان تاقی کردەوە هەروەک چۆن خاوەنانی

باخەکـەمان تـاقیکـردەوە، کـاتێـک سـوێندیان خـوارد کـە بـەیانی دەچـن (باخەکەیان دەدورنەوە) بێئەوەی بڵێن بە پشتیوانی خوا (یان بـەو مەبەسـتەی هیچی پێـوە نـەهێڵن بـۆ هـەژاران) ئەوسا پـەروەردگـارت بەڵایـەکـی دابەزنـد بەسـەر باخەکـەدا لـە کـاتێکـدا ئـەوان خـەوتبوون . ئـیتر وەک بـاخێکـی لێهات، کە هەمووی چیندرابێتەوە و هیچی پێوە نەمابێت. ئەوسا بـەیانی زوو یەکتریان ئاگـادارکردەوە ووتیـان، بـا بچین بۆسـەر بـاخ و بێسـتانەکەمان ئەگەر بڕیارە بیچنین. ئەوسا دەرچوون بەنەهێنی و بەهێواشـی دەڕۆیشـتن، بـە چپە قسەیان دەکـرد، دەیان ووت : نابێـت ئـەمڕۆ هـەژاران پێمـان بـزانن و ڕوو بکەنە باخەکەمان. بەیانی زوو بۆی دەرچوون، وایـان دەزانـی کـە توانیویانـە هەژاران بێبەش بکەن. کـاتێک گەیشتنە باخە وێرانەکە و بینیان ووتیـان : بێگومان ئێمە وون بوین و ڕێمان هەڵە کردووە. دوای ئەوە دڵنیـابوون ڕێیـان هەڵە نەکردووە ووتیان نەخێر بەڵکو ئێمـە بـەش بڕاوکـراوین. لـە هـەمویان ژیرتر ووتی : پێم نەوتن کە حەق وایە ستایشی خـوا بکـەن و سوپاسـگوزاری بکەن ؟ ئەوسا هەمویان ووتیان : پـاکی و بێگـەردی بـۆ پەروەردگـارمانـە، ئێمـە تاوانمـان کـرد. ئینجـا ڕوویـان کـردە یـەکتر و دەسـتیان کـردە لۆمەکردن و سەرزەنشت کردنی یەکتری. ووتیـان هـاوار لـەخۆمان بەڕاسـتی ئێمە پیاو خراپ و لەسنوور دەرچووبوین. ئومێدەوارین کە پەروەردگارمان لـەم باخە باشترمان پێ ببەخشێت ئـیتر ئێمـە بەڕاسـتی بـە هیـوای ڕەزامەنـدی خـوا هەوڵ دەدەین و بە هیوای بەخششی ئەوین" ﴿س – القلم – ١٧- ٣٢﴾.

بەلأم کاتێك بارودۆخەکە دەگۆردرێت یاخود دەرفـەتێکی تـر بـە خـەڵك دەدرێت، لەجیاتی ئەوەی هەست بە پەشیمانی بکەن و داوای لێخۆشبوون لە خـوا بکەن و کاروکردەوەی چاك ئە نجام بدەن، کەچی بە پێچەوانەوە زۆربـەیان ئـەو بانگەواز و ئاگادارکردنەوانە لەبیردەکەن. ئەوانەی کە ئـەو ئاگادارکردنەوانـە فەرامۆش دەکەن و دەگەڕێنەوە سەر هەڵوێستی پێشوتریان، ئـەوە بەدڵنیایـەوە

ڕووبەڕووی سزا دەبنەوە گەر بێتو تەوبە نەکەن لە ساتەوەختدا، هەروەکو چۆن سزای نەتەوەی پێغەمبەر ثمود و صالح درا لەوکاتەی دەیانزانی کە چارەنوسیان پەشیمان بونەوەیە. بێگومان پەروەردگار بەڵێنەکانی خۆی دەباتەسەر لەو بڕیار و فەرمانانەی کە داویەتی. پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا بەم ڕاستیانە ئاشنامان دەکات بۆئەوەی ببێتە پەندوئامۆژگاری بۆ هەموو خەڵك:

" صالح پێغەمبەر بەنەتەوەکەی خۆی گوت: ئەمە وشترێکەو دەبێت ڕۆژێک ئاو تەنها بۆ ئەم بێت، ڕۆژێکیش بۆ ئێوە دیاریکراو بێت. نەکەن دەستدرێژی بکەنە سەرو ئازاری بدەن، بەهۆی ئەوەوە سزایەکی سەخت لە ڕۆژێکی سامناکدا یەخەتان دەگرێت. (گوێیان نەدا بە ئامۆژگاریەکانی صالح) جا سەریان بڕی و دەستبەجێ لە بەیانیدا پەشیمان بوونەوە. ئینجا بەهۆی ئەوەوە خێرا سزای خوایی یەخەی گرتن. بەڕاستی ئا لەوەدا بەڵگەونیشانە هەیە، هەرچەندە زۆربەشیان باوەڕدارنەبوون. بەڕاستی هەر پەروەردگاری تۆ باڵا دەستە ، بەسۆز و میهرەبانیشە " ﴿س - الشعرأء - ١٥٥ - ١٥٩].

پێویستە خەڵك بزانن پەروەردگار داد پەروەرە. هیچ گوناهو تاوانێك بەبێ لێپرسینەوە بەجێناهێڵێت. سەرەرای ئەمەش، خوا زۆر بەخشندەو میهرەبانە، پاداشتی ئەو کەسانە دەداتەوە کە کاروکردەوەی چاك دەکەن. هەروەها پەروەردگار موژدەی دنیاو قیامەت بەو کەسانە دەدات کە بە پەشیمانیەکی ڕاستەقینەوە ڕوو لە بارەگای دەکەن. تێبفکرە کاتێك یەکێك لەم دنیایەدا بە یەکێکی تر دەڵێت : ئاگاداربە کاتێك گرفتێکی ناخۆش و سەختت تووش دەبێت، ئەوە پەشیمانت دەکاتەوە لەو کاروکردەوانەی کە کردووتە، ئەی باشە شایان نیە تۆ بزانی مەترسی پەشیمانی لە ڕۆژی دوایی چۆنەو و هەمیشە لەگەڵتدا دەمێنێتەوە ؟ دڵنیابە کە ئەو جۆرە کەسانە هەرکە چاویان بە سزای

دۆزەخ دەکەوێت، ئەوە یەکسەر پەشیمانی دایان دەگرێت.

بێگومان هیچ کەسێك هەست بە مەترسی پەشیمانبوونەوە ناکات وەك ئەو پەشیمانیەی کە لە ڕۆژی دواییدا هەستی پێدەکات. جا بۆئەوەی خۆت بپارێزیت لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو بارودۆخە نالەبارەدا، دەبێت پەلە بکەی لە سوود وەرگرتن لەو دەرفەتە و کاتەی کە لەم دنیایەدا پێتبەخشراوە. ئەوانەی کە دەست بەو دەرفەتەوە دەگرن و پەشیمان دەبنەوە لە ڕەفار و بۆچوونە خراپەکانیان، نەك تەنها لە سزای ڕۆژی دوایی ڕزگاریان دەبێت، بەڵکو لەو کەسانە دەبن کە پەروەردگار لە دنیاو قیامەت لێیان ڕازی دەبێت.

هەر لەبەر ئەمەش، هەموو بڕوادارێك هەوڵ دەدات بۆ بەدەست هێنانی ئەو ڕەزامەندیەو دوور دەکەوێتەوە لە پەشیمانیەك کە چارەنووسەکەی ئاگری دۆزەخە ، بۆیە، هەموو کەسێك دەبێ کاتەکانی خۆی تەرخان بکات بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار. پێویستیشە بەبێ هیچ مەرجێك بەو ئاراستەیە هەنگاوبنێت کە چارەنووسی لە تاریکی دەردەهێنێت و ڕێگای بەختەوەری بۆ ڕۆشن دەکاتەوە.

پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا باسی ئەو ڕێگایەمان بۆ دەکات:

" هەر ئەو زاتە خۆی صەڵاوات و ڕەحمەتی خۆیتان هەمیشەو بەردەوام بەسەردا دەبارێنێت، هەروەها فریشتەکانیش داوای لێخۆشبوونتان بۆدەکەن، بۆئەوەی لە تاریکیەکان دەرتان بکات و بتانخاتە ناو نوورو ڕووناکیەوە، بەڕاستی پەروەردگار هەمیشەو بەردەوام بۆ بڕواداران میهرەبانە. ئەو ڕۆژەش کە بەدیداری خوا شاد دەبن، بە سەڵامکردن پێشوازیتان لێدەکات و پاداشتی زۆر بە نرخ و پیرۆزی بۆ ئامادەکردوون " ﴿س – الا حزاب – ٤٣-٤٤﴾.

# سەرەتــای پــەشیمــان بــوونــەوەی بــێــباوەڕان :

# ((مـــــە رگ))

" هەموو کەسێک دەبێت مردن بچێژێت، بێگومان ئێمە ئێوە تاقی دەکەینەوە بە ناخۆشی و بەلاو خێروخۆشی، سەرئەنجام هەر بۆلای ئێمە دەهێندرێنەوە " ﴿س – الا نبياء– ٣٥﴾

ئەو کەسانەی باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی نیە، مردن بە دواهەمین وێرانکەر دادەنرێت بۆیان. سەرورای ئەوەی کە ئەمە تێڕوانینێکی بەخەوشە، بەلام مەرگ هەرگیز کۆتایی نیە بۆ بڕواداران، بەلکو سەرەتای ژیانێکی چاوەڕوانکراوە بۆیان، کە بە باشترین و گونجاوترین دەستپێکی بەهەشتێکی نەبڕاوە و هەمیشەیی دادەندرێت، دوور لە هەموو ناخۆشی و ترسو دڵەڕاوکێیەك. کەچی بە پێچەوانەوە، بۆ خوانەناسان مەرگ بە قۆناغی گواستنەوەی ژیان بۆناو دۆزەغ دادەندرێت کە سەخترین و ناخۆشترین سزای تێدا دەچێژن.

ئەو کەسانەی دەرك بەو ڕاستیە دەکەن کە بە مردنیان لە کۆتایەکی خۆشدا دەژین، لەو کاتەی کە مردنیان بەسەردا دێت، ئەوسا سەرەتای خۆشیەکانیان دەست پێدەکات. مرند و خۆشی هاوکات لەیەك کاتدا ڕوودەدەن. بەلام بێ باوەڕان ڕووبەڕووی پەشیمانیەك دەبنەوە کە هەرگیز گەڕانەوەی بۆنیە، چونکە ئەوان پێشوەختە لەو ڕاستیە ئاگادارکرابونەتەوە، کەچی پشتگوێیان خست و فەرامۆشیان کرد. بۆیە، بە ویست و فەرمانی پەروەردگار هەموو ساتێك هەستی پەشیمانی دەچێژن و هەرگیز هەناسەی پەشمانیان کورت نابێتەوە.

سەرەرای ئەوەی کە زۆربەی خەڵك بیر لە مـردن ناکەنـەوە، بـەلاّم مـردن کۆتـایەکی بێچارە و حەتمیە. بۆیەش پەروەردگار مردنی دانـاوە تـاوەکو ببێتـە کۆتـایەکی یەکلاکەرەوەی ژیانی ئەم دنیایە. تـاکو ئێشتا هیچ یەکێك لـە خزمـو هاوڕێ و دۆستە نزیکـەکانت ڕزگارنـەکراون لـە مـردن. بەدڵنیایشـەوە هـەموو کەسێك دەبێ تامی مەرگ بچێژێت. پەروەردگار لە چەندین ئایەتدا باسـی ئـەو ڕاستیەمان بۆ دەکات:

" (دڵنیـابن) لەهـەر کـوێ بـن مـردن یەخـەتان پێـدەگرێت، بـا لـەناو چەندەها قەڵا و شوێنی سەخت و قایمیشدا بن " ﴿س – النساء - ٧٨﴾.

" (پێیـان بڵـێ ئـەی پێغەمبـەر) بەڕاسـت ئـەو مردنـەی کـە ڕادەکـەن لەدەسـتی هـەر یەخـەتان دەگرێـت، لـەوەودواش دەگـەڕێندرێنـەوە بـۆلای کەسێک کـە زانایـە بـە نـەهێنی و ئاشـکرا، ئەوسا ئاگادارتـان دەکـات بەوەی کە دەتانکرد " ﴿س – الجمعة – ٨].

" کـاتی مـەرگی هەرکەسـێک هـات، هـەرگیز خـوا دوای ناخـات و مۆڵـەتی زیـاتری پێنـادات، پـەروەردگاریش زۆر ئاگایـە بـە هـەموو ئـەو کاروکردەوانەوەی کە ئەنجامی دەدەن " ﴿س – المنافقون – ١١﴾.

کەوایە، ئایا بە ڕاستی خۆ دزینەوە لە مەرگو ژیانی دوای مەرگ هیچ کـەس ڕزگاردەکات لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم ڕاسـتیە ؟ بـە دڵنیایـەوە وەلاّمـی ئـەم پرسیارە " نەخێرە " . هەرکە ئادەمیزاد دنیای جێدەهێڵێت و دەمرێت، ئەوسا بیر لەمردنەکەی دەکاتەوە و ئامادە دەکرێت بۆ ڕۆژی دوایی. لەم بارەیەوە پێغەمبـەر (د.خ) دەفەرموێت : " زۆر بیر لە مردن بکەنەوە، پەروەردگار دڵ و دەرونی ئەو کەسە دەکاتەوە کە زۆر بیر لە مردن دەکاتەوە و مردنەکەی بۆ ئاسان دەکات " (أبو هريرة)

ئەوانـەی کـە بـیر لـە مـردن و دوارۆژی خۆیـان ناکەنـەوە و فەرامۆشـی دەکەن، ئەوسا لە ڕۆژی دواییدا واق وڕماو دەبن بەهۆی کاروانی ژیـانی دنیاییـان

که به مردنیان شاد دەکات. ئەوسا دەڵێن کاتێك کە گەنج و لاو بووین، خـەریکی دروستکردنی ژیاتی دنیا بووین، دەمان گووت با بیر کردنەوە لـە مـردن بـۆ ئـەو کاتە بێت کە پیر بووین. بەلآم کە مردن یەخـەی گـرتن، ئەوسـا تێدەگـەن کـە هەرگیز جارێکی تر ئـەو دەرفەتـەیان بـۆ ناڕەخسـێندرێتەوە. ئەمـەش لەبـەر ئەوەیە کە مردن تەنها بەدەست پەروەردگارە. ئاساییە کە یـەکێك لـە تەمـەنی لاوی دا بمرێت و نەگاتــە تەمـەنی پـیری. لـەم بارودۆخەشـدا ، ئـەو پـیلان و ئاواتانەی کە بۆ داهاتووی خۆی دایڕشتبوون ، وەجێبـەجێکردنی فەرمانـەکانی پەروەردگاریشی دواخستبوو، ئەوسا دەبنە هۆی پەشیمان بوونەوە یەکی سەخت و تۆقێنەر بۆی.

ئەو کەسانەی کە دوور لـە بەرنامـەی پـەروەردگار ژیـان بەسـەر دەبـەن وەهەروەها ئەوانەش کە لە کاتی سەرەمەرگدا پەشـیمان دەبنـەوە، ئەمانـە لـە ڕۆژی دواییدا پە نجەی پەشـیمانی دەگـەزن. گـەر تەوبەیـەکیش سەرچـاوەکەی ترسی مردن نەبێت و دڵسۆزی ئەو کەسە دووپات نەکاتەوە کە ئامانج لێـی پـاك کردنەوەی دڵ و دەروونە، ئەوە پـەروەردگار ئـەو تەوبەیـەی لـێ وەرناگرێـت و قبووڵی ناکات.

سەرەرای هەبوونی مردن، خۆ بەستنەوە بە خۆشی و ڕابواردنی ژیـانی ئـەم دنیایە، ئەو کەسانە ناچار دەکات بەنائومێدیەوە ململانێ لەگەڵ یەکتریدا بکەن بۆ خۆ دەربازکردنیان لەو کاتەی کە هەست دەکەن مەرگ نزیك بۆتـەوە لێیـان، بەلآم ئەو ململانێیە هیچ سودو قازا نجێکیان پێ نابەخشێت. پەروەردگار ئاگادرە بە دووڕوویی و نا پاکی ئەو کەسانە، چونکە ئەو زۆر نزیکترە لە ئادەمیزاد زیاتر لە ووردە دەمارەکانی مل کە خـوێن لـە مێشـك بۆنـاو دڵ دەگوازنـەوە.هـەروەها پەروەردگار ئاگاداریشە بەوەی کەچی لە ناخی مرۆڤـدا هەیـە وەك بیروبـاوەڕە قوولەکانی ناو دڵ و نهێنیەکانی. پەروەردگار لە قورئانی پـیرۆزدا ئاگادارمـان دەکاتەوە بەوەی کە تەوبەیەك قبووڵ ناکـات گـەر بێتـو دامـەزراوبێت لەسـەر

ترسی مردن له دوا ساتەکانی ژیاندا : " تەوبەو پەشیمانی بۆ ئەو کەسانە نیە کە بەردەوامن لەسەر گوناهو تاوان، ئەو کاتەی مردن بەرۆکیان بگرێت ئەوسا بلێن : ئەوە ئیتر من بەڕاستی لە ئێستەوە تۆبەم کرد، تەوبە لەوانەش وەرناگیرێت کەبە کافری دەمرن، بۆ ئەو جۆرە تاوانبارانە هەموویان سزایەکی بە ئێشمان ئامادەکردووە " ﴿س – النساء - ١٨﴾.

لە چەند ئایەتێکی دیکەدا ئاماژە بەوە دراوە کە دوای بەخشیتی دەرفەت و ماوەی تازە بە دووڕوو و ناپاکەکان، کەچی ئەوانە دووبارە دەست دەکەنەوە بە هەڵوێسە خراپ و ناسوپاسگوزارەکانیان :

" ئەگەر ئەوانە ببینی (لە قیامەتدا) لەسەر لێواری دۆزەخ ڕاوەستێنراون دەڵێن : خۆزگە جارێکی تر بیانگێڕاینایەتەوە بۆ دنیا ئەوسا هەرگیز نیشانە و بەڵگە و ئایەتەکانی خوامان بەدرۆ نەدەزانی و باوەڕی بەتینمان پێدەبوو. نەخێر ڕاست ناکەن و بڕوا ناهێنن، بێگومان ئەوە ئاواتێکی ئەستەمە، هەموو ئەو کاروکردەوە و پیلانانەی کە پێشتر دەیانشاردەوە، ئێستا وا ئاشکرا بووە بۆیان، خۆ ئەگەر بگێردرێنەوە بۆ (دنیا) ئەوەهەر دەست دەکەنەوە بەو کاروکردەوانەی کە جاران دەیان کرد، بەڕاستی ئەوانە هەر درۆ دەکەن و درۆزنن " ﴿س – الانعام – ٢٧-٢٨].

هەر لەبەر ئەم هۆیەشە ئەو ژیری و هۆشمەندیە ناڕاستەی کە سەرچاوەی گرتووە لەو بیرۆکەیەی کە دەڵێ : تەوبە دەکەم و پەشیمان دەبمەوە گەر بێتو کات و ڕۆژگارێکی ترم بۆ بڕەخسێندرێتەوە. ئەم جۆرە بیرکردنەوانە هیچ کەس ڕزگار ناکەن لە ئازاو ئەشکە نجەی دۆزەخ. کەوایە ئەو کەسەی کە نایەوێت ئەو سزا سەختە و هەتاهەتایە بچێژێت لە دوای مردنیدا، پێویستە بۆ ئەو ئامانج و مەبەستە بژیێت کە ڕۆژێکدا دێت بە دڵنیایەوە دەگەرێتەوە بۆ لای پەروەردگار و تووشی لێپرسینەوە دەبێت لەسەر هەموو ئەو کاروکردەوانەی کەلە دنیادا ئەنجامی داون.

# پـەشیـمـانی بێباوەڕان لـە ساتەوەخـی مەرگدا

بـــە درێـــژایی ژیانـــدا چـــەندەها جـــار بـــەبیر خـــەڵك هێندراوەتـــەوە و ئاگادارکراونەتەوە بە هەبوونی بەهەشـت و دۆزەخێکـی ڕاسـتەقینە کـە دەبـێ خۆیانی بۆ ئامادە بکەن لە دوای مردندا. کەچی بێبڕوایان تـاکو ئێستا گـوێ بـەو ئاگادارکردنەوانە نادەن و خۆیانی لێ کەڕ دەکەن. کـاتێکیش ڕووبـەڕووی مـەرگ دەبنەوە ئەوسا دەزانن کە هۆکاری پەشیمانیان گوێنەدانبوو بەو بانگەوازانە کـە بەویست و ئیرادەی خۆیان تێکیان شکاند. هیچ کەس ناچاریان ناکات بۆ ئەمـە، بەڵکو بە ویست و ئارەزوی تەواوی خۆیانەوە ئـەو چارەنووسـە سـامناك و تاڵـە بۆخۆیان هەڵدەبژێرن. هەر لە ساتە وەختی مەرگدا، بێبڕوایان تووشـی ئـازارو خەمی پەشیمانی دەبنەوە. ئەو ترسە سامناکەو ناخۆشـەش کەلـە سـەرەمەرگدا تووشیان دەبێت بە دەستپێکی ئازارو ئەشکە نجە دادەندرێت بۆیـان. پـەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا بەم شێوەیە ئەم بارودۆخەمان بۆ ڕووندەکاتەوە:

" ... قاچ و لووڵاق بەیەکدا دەئاڵێنن. ئەوسا لەو ڕۆژەدا بۆلای خوا ڕاپێچ دەکرێن و دەبردرێن. نە بڕوای هێناو نە نوێژی بەڕاستی کرد، بەڵکو بڕوای نـەهێناو پشـتی تێکـرد. پاشـان هـەمووجار بـە لەنجـەو لارو خۆبادانـەوە دەگەڕایەوە بۆناو کەسوکاری و کەشخەی لێدەدا. (جا ئەم دۆزەخە) بـۆ تـۆ شیاوتر و لەبارترە. پاشان هەر ئەو سزایە بـۆ تـۆ شـیاوتر و لـەبارترە. " ﴿س – القيامة – ٢٩-٣٥﴾.

شایانی باسە تەنها بێبڕوایان ئـەو ناخۆشـی و سـزایە دەچـێژن. کەچـی بـــڕواداران بـــە پێچـــەوانەوەن، هـــەموو کاتـــەکانیان تـــەرخان دەکـــەن بـــۆ بەدەستهێنـانی ڕەزامەندی و خۆشەویستی پەروەردگار. هەر ئەمـەش وای کـردووە کە هەردەم بە هیـواو ئـاواتی تـەواوە بـژین. بـەڵام بێبڕوایـان هەرکـە مـەرگ

یەخەیانی گرت و بەزاندنیاتی، ئەوسا هەستی پەشیمانی دایان دەگرێت و پەشیمانیان دەکاتەوە. بەلاّم تازە پەشیمانی چارەیان ناکات و دەردیان تیمار ناکات جا ئەم پەشیمانیە بەهەر شێوازو ڕێگایەك بێت چونکە تازە کات تەواو بووە و زۆری بەسەردا تێپەڕیوە. لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەوە کراوە کە ڕۆحی بێبڕوایان لەسەرەمەرگدا زۆر بە ئازارو ناڵەوە دەردەهێندرێت :

" ... ئەگەر ئەو ستەمکارانە ببینی چۆن لە ئێش و ئازاری سەرەمەرگدا (گیرێکیان خواردووە) فریشتەکانیش دەستیان لێدەکەنەوە و لێیان دەدەن و پێیان دەڵێن : ئادەی گیانتان بدەن بەدەستەوە، دەی ڕۆحتان دەرکەن، ئەمڕۆ لە تۆڵەی (خوا نەناسینتاندا) سزاو ئەشکەنجەی ڕیسوایی و شەرمەزاری دەدرێن، چونکە شتی ناحەقتان بەدەم خواوە هەڵدەبەست و خۆتان بەگەورە دەزانی لەبەرامبەر ئایەت و فەرمانەکانی خواداو لووت بەرزیتان نەیدەهێشت باوەڕی پێ بهێنن " ﴿س – الا نعام – ٩٣﴾.

" ئاخۆ حاڵیان چۆن بێت کە فریشتەکان لە کاتی گیان کێشانیاندا بە دەم و چاو و بەرویشتیاندا دەماڵن " ﴿س – محمد – ٢٧﴾.

کەواتە بە بێ ویست و دڵنیایەکی تەواوەوە تێدەگەن کە هەستی بێبڕوایان چۆنە لەساتە وەختی مەرگدا. بەلاّم سەرەرای ئەم بارودۆخەش، پەروەردگار ماوەی بە ئادەمیزاد داوە کە لەم بارودۆخە ترسناکو چارەنووس ڕەشە بیربکاتەوە و خۆی دەربازبکات. لە زۆربەی ئایەتکاندا ئاماژە بەوە کراوە کە فریشتەکانی مەرگ لەکاتی رۆح کێشانی بێبڕوایان بەهەموو هێزو توانایان لە دەموچاو پشتیان دەدەن. هەر لەم ساتەوەختەشدا بێبڕوایان تووشی ئازارێکی سەختی جەستەیی دەبنەوە و پەشیمانیەکی قووڵ دایان دەگرێت، هەروەها بۆیان ڕووندەبێتەوە کە جارێکی تر دەرفەتیان پێنادرێت بگەڕێندرێنەوە بۆ ژیانی دنیا.

هەر لەکاتی مردندا ئادەمیزاد بە ویــژدانێکی کــراوە هەســت دەکــات کــە تووشی چی دەبێت و چی لێ ڕوودەدات. ئەمەش سەرەتای دەســتپێکرنی ژیــانێکی بێکۆتــایە. لە ڕاستیدا مردن تەنها بە قۆناغێکی گواستنەوە دادەندرێت، ئەویش گواستنەوەی ڕۆحە لەلاشەی ئادەمیزادا.

لە بەر ئەو ئازاو ئێشەی کە بێبڕوایان لە ســەرەمەرگدا دەیچــێژن، ئەوســا هەســت دەکــەن و دەزانــن کــە دەبنــە کەســانێك دەبــێ خۆیــان بــۆ ســەخترین و ناخۆشترین سزای هەتــا هەتایی ئامادە بکەن ، مەگــەر هــەر پــەروەردگار خــۆی ویستێکی تری هەبێت بەرامبەریان. ئەو کەسانەی کە هەموو ژیانیان بردۆتەسەر دوور لە ئاینی خوا، لەناخی دڵیانەوە نزای لێخۆشبوون و تەوبە لە خوا دەکــەن. دەپاڕێنەوە لە خوا بۆ ئەوەی بینانگێڕێنێتەوە بۆ دنیا تاوەکو کاروکردەوەی چاك بکەن و قەرەبووی لەدەست چوویان بکەنەوە. بــەلاَم ئــەو داواکاریــەیان قبــووڵ ناکرێت، چونکە ئەمانــە ژیــانێکی مــاوە درێــژیان پێبەخشــرا کــە دەیــانتوانی ئامۆژگاریەکان و هەڕەشەکانی خوا بە ڕاست وەربگرن. هەروەك لــە ئایەتــەکانی پێشوودا ئاماژەی بۆ کراوە، ئەمانە ئاگادارکراونەتەوە لــە مــوژدەی ناخۆشــی و هەڕەشــەی دۆزەخ وەهــەروەها لــە مــوژدەی خۆشــی و بەختــەوەری بەهەشــت. پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە دەکات بۆ ئەم جــۆرە کەســانە گــەر بێتــو جارێکی تریش دەرفەتیان بۆ بڕەخسێندرێتەوە ئەوە دووبارە دەست دەکەنەوە بــە بەدرۆخستەنەوە و ڕەتکردنەوەی بەڵگەو ئایەتەکانی خوا:

" هەتا ئەوکاتەی مردن یەخەیان دەگرێت، ئینجا هەر یەکەیان دەڵێن : پەروەردگار بمانگێڕەوە بۆ دنیا. تاوەکو چاکە ئەنجام بدەمو کاری بــاش بکەم و ئەو هەڵانەی کە لەدەستم چووە لەمەودوا لەدەستی نەدەم ! نــەخێر ئــەوە قســەیەکە ئــەو بۆخــۆی دەیڵێــت ..... " ﴿س – المؤمنون – ٩٩-١٠٠﴾.

بێبڕوایان بە ئەنقەست سەر دانانوێن لەبەردەم پەروەردگار و سوژدەشی بــۆ

نابــەن،وەهــەروەها فەرمانەکانیشــی جێبەجێناکــەن و ناشســازێن لەگــەڵ خووڕەوشتو بەها بەرزەکان. پەروەردگار لە قورئاندا باسی ئەو بێبڕوایانەمان بۆ دەکات کە لەکاتی سەرەمەرگدا هێزو توانایان نیە سوژدە بۆ خوا ببەن :

" ڕۆژێــک دێــت پــەردە لەســەر هــەموو شــتێک لادەدرێــت و لاق دەردەکــەوێت، خوانەناسان بانگــدەکرێن بـۆ سـوژدە بـردن، بـەڵام نـاتوانن. ئەوانە ئەو ڕۆژە چاویان شۆڕەو زەلیلـی و خەجاڵـەتی بەتـەواوی دایـان دەگـرێـت چونکە کاتی خۆی بانگدەکران بۆ نوێـژکردن و سوژدەبردن لەکاتێکـدا لەوپەڕی تەندروستی و سەربەستیدا بوون (بەڵام گاڵتـەیان پێـدەهات) " ﴿س – القلم – ٤٢ – ٤٣﴾.

خاڵێکی گرنگتری دیکەش کە پەیوەستە بە پەشیمان بوونەوەی بێبڕوایــان لە کاتی سەرەمەرگدا ئەوەیە کە ئەوان لەوکاتەدا بە تەواوی تێدەگەن و دەزانــن کە هەموو بەڵێن و پەیمانەکانی پەروەردگار ڕاســتبوون کــە پێــیانی درابــوو. بەلام بڕوادارەکان لەو ساتانەی مردندا هیچ ناخۆشیەك تووشــیان نابێــت وەکــو بێبڕوایان تووشی دەبن، ئەوانــەی کــە بــڕواو متمانــەیان بــەو ڕۆژە نــەدەکردو گاڵتەیان پێــدەکرد وەهــەروەها پەرۆشــی ژیــانی دنیــا بــوون. بــڕواداران لــەو ســاتەوەختەدا بــە پێشــوازی و ووتــەی جوانــەوە خــەلاتی هەمیشــەیان پێدەبەخشرێت لەبەر ئەوەی ئەمانە بەدڵسـۆزی و پاکیـەوە هـەموو کاتـەکانی ژیانیان تەرخانکردبوو بۆ بەدەستهێنـانی ڕەزامەندی پەروەردگار. بە پێچەوانەی بێبڕوایان، بڕوادارەکان زۆر بەنەرمی و ڕووخۆشیەوە ڕۆحەکانیان دەکێشرێت کـە هیچ ئێش و ئازارێکی لەگەڵدا نیە. پەروەردگار لەم ئایەتەی خـوارەوەدا ئامـاژە بەوەدەدات کە فریشتەکانی سـلاو لـە بـڕواداران دەکـەن و مـوژدەی بەهەشـتیان پێدەدەن :

" ئەوانەی کەلەسەرەمەرگدا فریشتەکان دێن بۆلایـان لـە کـاتێکـدا گیانی پاک و پیرۆزیان دەکێشن و پێیان دەڵێن : سڵاوتان لێ بێت بچنە ناو

ئەو بەهەشتەوە، بەهۆی ئەو کاروکردەوانەوە کە کاتی خۆی دەتانکرد " ﴿س – النحل – ٣٢﴾.

بێ بڕوایان بۆیە تووشی ئەو ئێشو ئـازارە هەمیشـەییە دەبنـەوە چـونکە هەروەك بڕوادارەکان هەمان ئەو ماوەو دەرفەتەیان پێدرابوو لە دنیـادا، بـەلأم بەئەنقەست لە پێناو سوودو قازانجێکی دنیایی کورت هەوڵ و کۆششیان نـەدەدا بـۆ بەهەشـتێکی پـڕ خۆشـی و بەختـەوەری و نـەبڕاوە. هەرچـەندە بـەبیریان هێندراوەتەوە کە ژیانی دنیا تـەنها جێگـای تاقیکردنەوەیـە بـۆ ئـادەمیزاد و جێگای ڕاستەقینە ڕۆژی دواییە، بەلأم خۆیان لێگێل کردوو فەرامۆشیانکرد. بۆیە ئەوانە هەوڵ نادەن و بەشدار نابن لە کـاروکردەوەی چـاك بەمەسـتی بەدەسـت هێنانی بەهەشت. بەلأم لەگـەڵ ئەوەشـدا، تـاکو ئیسـتا هـەموو تاکەکەسـێك لەتوانایدا هەیە کە بژیێت لەگەڵ ئەو ڕەوشـتو بـەها بـەرزو جوانانـەی کەلـە قورئانی پیرۆزدا هـاتوون بۆئـەوەی ببێـت بـە بڕوادارێکـی ڕاسـتگۆ و دڵپـاك. بیرکردنەوە لەو کاروکردەوانەش دەبێتە مایەی گەرانەوە و پەشیمانبوونەوەی بێ بڕوایان. پەروەردگار لە ئایەتێکدا دەفەرموێت :

" ئایا ئەوانەی کە گوناهو تاوانـەکانیان ئەنجامـداوە، وایـان زانیـووە هەروەک ئەوانە حیسابیان بۆ دەکەین کە ئیمانیان هێنـاوە و کـاروکردەوە چاکـەکانیان ئەنجامـداوە، ژیـانی دنیـاو مـردن و دوای مردنیـان وەک یـەک دەبێت ؟! ئای کە بڕیاری خراپ بڕیار دەدەن " ﴿س – الجاثیة – ٢١﴾.

ئەمەش مانای وایە کە هەموو ڕۆحێـك بـە پێی کاروکردەوەکـانی پاداشـت دەکرێتەوە، ڕۆحی پاکو بێگەرد بە موژدەی خـۆش و بەختـەوەر، خـەرا پیش بـە سزای سەخت و ناخۆش. جگە لەمەش، بێبڕوایـان هەرکـە دەزانـن دۆزەخ بۆیـان ئامادەکراوە، ترسی زۆرتریان لێ هەڵدەنیشێت و هەسـتی پەشـیمانیان زۆرتـر دەبێت. تا ئەوکاتەش دۆزەخ بۆیان ئامادە دەکرێت، ئێشوئازاری ڕۆحکێشان هـەر دەچێژن. ئەو سزا و ئازارە جەستەیەش وایان لێدەکات بزانن و هەست بکـەن کـە

چارەنوسێکی چاوەڕوانکراو چاوەڕێیان دەکات.

پەشیمانی خوانەناسان لە ساتەوەختی مردندا دەست پێدەکات و بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی پەروەردگار ویستی لەسەرە. هەر چرکەیەك، کاتژمێرێك، ڕۆژێك و ساڵێك تێدەپەڕێت، ئەوان هەر بە بەردەوامی ئازارو ناڵە دەچێژن و ناتوانن خۆیانی لێدەرباز بکەن. دەبێ ئەوەش بزانن کە چەژتنی ئەو ئازارە بە دەست خۆیانبووە و هەر خۆیان هەڵیانبژاردووە.

ئەوانەی کە باوەڕیان بە ڕاستی مردن و ڕۆژی دوایی هەیە، ئەوە لە ڕووبەڕووبونەوەی مەرگدا ناترسن. خواناسان باوەڕیان بەو بەڵێن و پەیمانانە هەیە کە لەلایەن پەروەردگارەوە پێیان دراوە لە دوای مردندا، وەهەروەها دڵنیان لە هێنانەدی داد پەروەری پەروەردگار. پەروەردگار بە بەخشینی باخ و باخچەکانی بەهەشت خەڵاتی بەندە دڵسۆزەکانی دەداتەوە، بەڵام خوانەناسان بە سزاو ئاگری دۆزەخ پاداشت دەکرێنەوە.

کەواتە، ئەوەی پێویستە لەسەر ئادەمیزاد ئەنجامی بدات ئەوەیە کە لێنەگەڕێت بەشێوەیەك بمرێت کە داوای پەناگەو پشتیوانی لە خوا بکات و ئاوات بخوازێت کە خوا لە گوناهەکانی ببورێت. جگە لەمەش، ئەو کەسە پێویستە بە وریایی و هۆشیاریەوە ئەو قورئانە بناسێت و کاری پێبکات، چونکە تەنها ڕێگای ڕاستی بۆ ڕووندەکاتەوە، وەهەروەها دەبێ خۆی ئاشنا بکات بە سونەتە بەرزو بەنرخەکانی پێغەمبەرمان محمد (د.خ) و کار بە فەرمانەکانی بکات و لەژیانی خۆیدا جێبەجێیان بکات. سەرەرای ئەمانەش، دەبێ زۆر بیر لە مردن بکاتەوە چونکە مردن ڕاستەقینەیەو زۆریش نزیکە لێمان، بۆیە دەبێ خۆمانی بۆ ئامادە بکەین.

جا ئەوانەی ڕوو لە پەروەردگار دەکەن و بەدەم بانگەوازەکەیەوە دێن، ئەوانە دەبنە مایەی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار لە دنیا و قیامەتدا، وە پەروەردگاریش دەیانخاتە ناو بەهەشتەوە کە هەم خوا لێیان ڕازیەو هەمیش

ئەوان لە خوا ڕازین. پەروەدگار لــە قورئــانی پــیرۆزدا ئــەو مــوژدە خۆشــە بــە ئیمانداران دەدات :

" ئـەی خـاوەنی دڵ و دەروونـی پـڕ لـە ئـارامی (ئـەی ئـادەمیزادی ژیـرو هۆشمەند کەلە ژیانی دنیادا خودات ناسی و بەجوانی دەتپەرست) بگـەڕێوە بۆلای پەروەردگارت کە تۆ لەو ڕازیت ئەویش لە تۆ ڕازیە. وبچۆرە ڕیـزی بەنـدە بەڕێزەکانمەوە، بچۆرە بەهەشتە خۆشو ڕازاوەکەمـەوە " ﴿س – الفجر – ٢٧ – ٣٠﴾.

کەواتە ئێستا بۆت دەرکەوت کە ئەو ڕێگایەی ڕزگارت دەکـات لــە هەسـتی پەشیمانی و ئاسودەیی هەمیشەییت پێدەبەخشێت، ڕێگای بیرکردنــەوەی قووڵــە لــە مــردن و ڕۆژی دوایــی و هەڵبــژاردنی ڕێگــای پــەروەردگارە کــە دروســتکەری ئادەمیزادە.

# پەشیمانی لە ڕۆژی قیامەتدا

" لە ڕۆژی دواییدا فوو دەکرێت بە زوڕنادا (صور) هەر کەس لە ئاسمانەکان و زەویدا مابێت خێرا دەمرێت، مەگەر کەسێک خودا ویستی لەسەر مردنی نەبێت، پاشان فوویەکی تری پیادا دەکرێتەوە، جا دەستبەجێ هەر هەموو خەڵک هەڵدەستنەوە سەرپێو بەسەرسامیەوە چاوەڕوان دەبن. (دیارە کە خۆری دنیا نەماوە، زەوی بۆتە گۆڕەپانێکی فراوان) ئەوسا بە نوورێک کە خودا فەراهامی دەکات زەوی ڕوناک دەبێتەوە، کارنامەو دۆسیەکانیش دانراون، سەرەتا پێغەمبەران و شەهیدان دەهێندرێن و دادوەری لە نێوانیاندا ئەنجامدەدرێت بە شێوەیەکی حەق و ڕاستی، بێگومان ئەوان هیچ جۆرە ستەمێکیان لێناکرێت. هەرکەس ئەنجامی کردەوەی خۆی وەردەگرێت بەتەواوی چونکە ئەو زاتە (خودا) زانایە بەو کاروکردەوانەی کە خەڵکی دەیکەن " ﴿س – الزمر – ٦٨ – ٧٠﴾.

**هەموو ئەو خەڵکانەی کە لەسەر ڕووی زەویدا ژیاون، لە ڕۆژی قیامەتدا دووبارە زیندوو دەکرێنەوە. لە ساتی زیندووکرنەوەدا، خوانەناسان سەرلێشێوا و سەرسام دەبن. پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا چیرۆکی ئەو گفتوگۆیە سەرسامەی کەلە نێوان خوانەناسەکاندا ڕوودەدات لەکاتی زیندووکردنەوەیاندا بۆمان دەگێڕێتەوە:**

" بەسەرسامیەکی زۆرەوە دەڵێن : ئەی هاوار ئەوە کێ ئێمەی زیندووکردەوە ؟ کێ ئێمەی لە شوێنی ڕاکشانمان لە گۆڕەکان دەرهێنا ؟ ئا ئەمە بەڵێنی خوای میهرەبانەو پێغەمبەرانیش لە هەواڵدانی ئەو ڕۆژەدا ڕاستیان کرد " ﴿س- یس – ٥٢﴾.

" ئەوسا ئیتر بەڵێی ڕاستی نزیک دەبێتەوە و دەست پێدەکات، ئینجا دەبینیت چاوی ئەوانەی بێ باوەڕن زەق دەبێت (دەڵێن) قوربەسەرمان، چاک غافل بووین لەم ڕۆژە، نەک هەر ئەوە ! بەڵکو ئێمە هەر ستەمکاربووین " ﴿س – الانبياء ـ ٩٧﴾.

ووشەی **" *ئەی هاوار، قوربەسەرمان* "** دەربڕینێکی تۆقێنەری پەشیمانی خوانەناسانە. لەو کاتەی کە زیندوودەکرێنەوە، خوانەناسان تێدەگەن کە ئەوانەی هۆشداریان پێدەدان لە ڕاستی و ڕووبەڕووبونەوەی ئەو ڕۆژەدا، ڕاستگۆو لەسەر حەقبوون. ئەوسا لە گوناهو تاوانە زۆرەکانیان ئاگاداردەکرێنەوە وئەو هۆشداریە یەك لەدوا یەکانەش کە پێیان درابوو ڕووبەڕوویان دەکرێتەوە، جا هیچ کەس ناتوانێت لێی ڕابکات و ڕادەکێشرێن بۆ ناو ئەو ئازارو ئەشکە نجەیەی کە پێشتر بە درۆیان دەخستەوەو باوەڕیان پێی نەبوو.

دوای ئەوەی مردووەکان زیندوودەکرێنەوە، خوانەناسەکان دەهێندرێن و لەبەردەم پەروەردگار ڕادەگیرێن. ئینجا بانگدەکرێن بۆ دادگایی کردنیان لەسەر ئەو کاروکردەوانەی کەلە ژیانی دنیادا کردوویانە، بۆیە دەهێندرێنە پێش پەروەردگار لەگەڵ هەموو ئەو خەڵکانەی کە لووت بەرزو بەفیز بوون و سنورەکانی پەروەردگاریان بەزاندبوو.

" ئەو ڕۆژەی کە فوو دەکرێت لە زوڕنادا(صور)پۆل پۆل و دەستە دەستە بەرەو مەیدانی لێپرسینەوە بێ پەروا دێن " ﴿س – النبأ ـ ١٨﴾.

لە ڕۆژی قیامەتدا، خوانەناسان بۆیان ڕووندەبێتەوە کە هیچ کاروکردەوەیەك گرنگترنیە لەو کارانەی کە دەبێتە مایەی ڕەزامەندی پەروەردگار و بەهۆیەوە دووریان دەخاتەوە لە تووڕەیی خوا. پێغەمبەرمان محمد (د. خ) لە فەرمودەیەکدا، کە ئیمام بوخاری گێڕدرایتیەوە، بەسەرهاتی ئەو خوانەناسەمان بۆ باس دەکات کەلە ڕۆژی دواییدا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت :

" خوانەناسان لە ڕۆژی زیندووکردنەوەدا دەهێندرێن و پرسیاریان

لێـــدەکرێت، ئەگـــەر بێتـــو زێـــڕو ســـامانێکی زۆرت هـــەبێت کـــە زەوی پێدادەپۆشرێت، ئایا دەیان بەخشیو دەیانکەیە قوربانی بۆخۆ ڕزگـار کـردنـت ؟ ئەویش لەوەڵامدا دەڵـێ : " بـەڵێ " ئینجا پێیـدەگوترێت ، تـۆ داوای زۆر ئاسانترت لێگرا لەمە کە بیکەی(وەک هاوەڵ بۆ خودا پەیدا نـەکردن و قبووڵ کـردنی ئایینی ئیسلام) بەڵام تۆ ڕەتتکـردنەوە " .

هەســتی پەشــیمانی زۆر دژوار دەبێــت لەســەر ئەوانــەی کــە وازدێننــو دووردەکەونەوە لە ڕاستیەکانی ئەو دنیایە، لە کاتێکـدا بەڵگـەو نیشـانەکانی بەهێزی و بوونی خوا ئاشکرایە بۆیان. لە رۆژی دواییدا بەتــەواوی و بــە ڕوونــی بۆیان دەردەکەوێت کە ئەو دەرفەتەیان لەدەستداوە کە بۆیان فەراهــەم کرابــوو. پەشمانیشیان لە شێوازی گفتوگۆو قسەکردنیاندا دەردەکەوێت :

" لــەم ڕۆژەدا ســتەمکار هــەردوو دەســتی خــۆی دەگــەزێت (لــە پەشیمانیدا) دەڵێت : خۆزگە لەگەڵ پێغەمبـەردا ڕێبازی ئیمـانم بگـرتایـە. قووربەسەرم، هاوار لەخۆم، خۆزگە فلان کەسم نەکردایەتە هاوەڵ و دۆستی خۆم (چونکە سەری لێشێواندم). بەڕاستی گومڕاو وێڵی کـردم لـە بەرنامـەی خوا دوای ئەوەی کە پێم ڕاگەیندرابوو، شەیتان هەمیشەو بـەردەوام هـانی مرۆڤ دەدات بـۆ گـونـاهو تـاوان، لـەکاتی تەنگانەشدا پشـتی بـەردەدات " ﴿س – الفرقان – ٢٧-٢٩﴾.

لــە ڕۆژی دادگــایی کردنــی خــوادا، خوانەناســان ئەوەنــدە خــەریکی گیروگرفتەکانی خۆیانن، ناتوانن یارمــەتی دایکــو بـاوکیــان، خێزانــەکانیان و منداڵەکانیان بدەن کاتێك کە داوای یارمــەتیان لێدەکــەن، بەچــاوی کــوێرەوە ڕووی خۆیان لێیان وەردەگێرن و بەهانایانەوە نایەن. قورئانی پیرۆز بەم جـۆرە ئەم باسەمان بۆ دەگێڕێتەوە :

" کـاتێـک قیامەت بەرپابوو بـەهۆی دەنگێکـی بـەهێزی گـوێ کـپ کـەرەوە. ئـەو ڕۆژە (هێنـدە سـامناکە) بـرا لەدەسـت براکـەی هەڵـدێت و

ڕادەکات و خۆی لێدەشارێتەوە، وەهەروەها لەدەست دایک و باوکی و لەدەست هاوسەرو منداڵەکانی. لەو ڕۆژەدا هەرکەسێک لەوانە ئەوەندە سەرگەرمی کێشەی خۆیەتی، ناتوانێت فریای کە سی تر بکەوێت " ﴿س – عبس – ٣٣-٣٧].

لەم ئایەتەدا دەردەکەوێت کە چەمکی لەدەستدانی ئەندامانی خێزان گرنگ و تایبە تمەندی خۆی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە خوانەناسان ئامادەن کە هەموو کەسوکاری خۆیان لە دایکو باوك، خوشکو برا، منداڵ و خێزان بکەنە قوربانی ئەو ڕۆژە تەنها لەبەر ئەوەی کەلە سزای پەروەردگار ڕزگاریان بێت.

" لەو ڕۆژەدا، ئاسمان وەک کانزایەکی تواوەی لێدێت، کێوەکانیش وەکو خوری شیکراوە.دۆستی گانی بە گیانی لەیەکدی ناپرسنەوە، کەس ناپیرژێتە سەر کەس بەلکو هەرکەس خەمی خۆیەتی. ئەوانە پیشانی یەکتر دەدرێن، تاوانبارو گوناهبار ئاوات دەخوازێت کە ئەگەر بکرێت بۆ دەربازبوونی خۆی لە سزای ئەو ڕۆژە هەموو کوڕەکانی بکاتە قوربانی خۆی ! . هاوسەرو براکەی. خزم و عەشیرەتی کەلە دنیادا پەنایان دەدا. بەهەرچی دانیشتوانی سەرزەوی هەیە ئەگەر بۆی بکرێت بیکاتە قوربانی خۆی، پاشان خوا ڕزگاری بکات " ﴿س – المعارج – ٨ – ١٤﴾.

بێگومان ئەو هەوڵ و کۆششەی کە خوانەناسان دەیدەن هیچ ئە نجامێکی لێناکەوێتەوە، چونکە مە بەست و ئاما نجی خوانەناسان لە دنیادا بریتی بوو لە کۆکردنوەی سەروەت و سامانو کاری دنیایی یاخود هەبوونی منداڵ. هەموو ژیانی خۆیان تەرخان کردبوو بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئاواتانەیان. ئەوسا لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا تێدەگەن کە ئەو جۆرە کارانە هیچ بایەخێکی بۆیان نابێت. ڕۆژی لێپرستنەوەش ئەو ڕۆژەیە کە خوانەناسان ئاوات دەخوازن لەبەرچاویان وون بێت. کەچی بۆ ئیمانداران بە پێچەوانەوەیە، ئەو ڕۆژە ڕۆژێکە کە بە پەرۆش و خۆشی و بەختەوەریەوە چاوەڕوانی دەکەن. پەروەردگار بەم شێوەیە باس لە

ساتەکانی ئەو ڕۆژەمان بۆ دەکات :

" لـەو ڕۆژەدا ڕوخسـارانێک گـەش و جـوان و ڕوون و شـادن. دەم بـە پێکەنین، مژدەو شادیان لێدەدرەوشێتەوە. لەو ڕۆژەشدا ڕوخسارانێکیش هەن کە گـرژ و تـاڵ و تـرش و تـۆزاوی و پەسـت و غـەمگینن. ڕەشـی و تـاریکی دایپۆشیوون. ئا ئەوانە بێباوەڕ و خوانەناس و تاوانبـار و گـوناهکارەکـانن. " ﴿س – عبس – ٣٨ – ٤٢﴾.

لە ڕۆژی قیامەتدا بە نرخترین سامان بۆ کەسێك ئەوەیە کە بە دڵسـۆزی و ڕاستگۆیەوە کاروکردەوەی چاکی کردبێت لە پێناو بەدەسـتهێنانی ئـەو خۆشـی و بەختەوەریەی کە خوا بەڵێنی پێدابوون. سـەرەرای ئـەوەی کـە بێبڕوایـان هـیچ خەباتێکیان نەکردووە بۆ بەدەسـتهێنانی ئـەو خۆشـی و شـادی و گە نجینەیـە، ئەوان هیچ ڕزگاربونێکی هەمیشەیان بۆ دەسـتەبەر ناکرێـت لـە لایـەن خـواوە، چونکە لەم ڕۆژەدا تەنها یەك کـاری چاکەشـیان نیـە پێشکەشـی پـەروەردگاری بکەن. نەبوونی ئیمان بە خوا وا دەکات هەموو کارو هـەوڵ و مانـدووبونیان بـە فیڕۆ بڕوات. پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا ئەم ڕاستیەمان بۆ دەگێڕێتەوە بـەم شێوەیە :

" (ئەی پێغەمبەر – د.خ–) پێیان بڵێ : ئایا هـەواڵی ئـەو کـەسانەتان بدەمێ کەلە کـاروکـردەوەیاندا زۆر زەرەرمەندو خەسارەتمەندن ؟ ئەوانـە ئـەو کـەسانەن کـە هەوڵ و کۆششیان لە دنیادا بەهەدەر چووە بەمـەرجێک وایـان دەزانی کـە بە ڕاستی کـاری چاک دەکـەن و کـردەوەی ڕەوا ئـەنجام دەدەن. ئەوانە کـەسانێکن کـە باوەڕیـان بـە بەڵگـەو نیشـانەکـانی پـەروەردگاریان نەبووە و بەنیازی ئامادەبوونی بەردەم بارەگـای خـوایی نـەبوون، بۆیـە هـەموو کـاروکـردەوەکـانیان بێ نرخ و پووچ بووەوە، لە ڕۆژی قیامەتیشدا هـیچ جـۆرە بایەخ و نرخێکیان بۆ دانانێین " ﴿س – الکهف – ١٠٣ – ١٠٥﴾.

ئەو کەسانەی نکۆڵی لە ئایینی ئیسلام دەکەن و گومانیـان هەیـە لـە هـە

بوونی ڕۆژی قیامەت، ئەوانە هەست ناکەی بە گرنگیو پڕبایەخی ئەو ڕۆژەی کە نزیك بۆتەوە لێیان و دەبێ خۆیانی بۆ ئامادەبکەن. ئەوانە لە ماوەی ژیانی دنیایاندا کاتەکانیان تەرخانکردبوو بۆ کۆکردنەوەو کەلەکەکردنی سامان و بەدوای ئارەزووە پوچ و بەتاڵەکانیان کەوتبوون. بۆیە لە ڕۆژی دواییدا ڕووبەڕووی پەشیمانیەك دەبنەوە کە هەرگیز ناتوانن خۆیانی لێ دەربازبکەن.
پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا بەم جۆرە بۆمان باس دەکات :

" (بێبڕوایان دەڵێن) ئەی هاوار، ئەمە ئیتر ڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوەیە. ئینجا بەهەڕەشەوە پێیان دەوترێت ئەمە ڕۆژی جیاکردنەوەیە کە ئێوە بڕواتان پێنەبوو، بەدرۆتان دەزانی " ﴿س - الصافات – ٢٠ – ٢١﴾.

جگە لەمەش، بێبڕوایان هەموو ئەو کاروکردەوە و هەلوێستە خراپانەی کەلە ژیانی دنیادا هەیانبووە، بەڕوونی و ئاشکرایەوە دەیبیننەوە لەبەردەم پەروەردگاردا. خۆیان دەبنە شایەت لەسەر ئەو تاوان و گوناهانەی کە ئەنجامیان داوە. پەروەردگار لەمبارەیەوە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت :

" ئەو ڕۆژە سەرجەم نەوەی ئادەم ڕیزکراون لەبەردەم پەروەردگاردا، خوای گەورە ڕوودەکاتە خوانەناسان و دەفەرموێت : سوێند بێت واهاتنەوە بۆلامان هەروەک لەسەرەتادا دروستمان کردوون، لە حاڵێکدا کە ئێوە گومانتان وابوو، واشتان دەگووت کە هەرگیز کاتێکمان دیاری نەکردووە بۆ لێپرسینەوەتان. دۆسیەو نامەی کردەوەی هەرکەس دادەندرێت، (ئیمانداران دڵخۆشن) بەڵام تاوانباران دەبینیت دڵە لەرزێ و دڵە ڕاوکێیانە لە کاروکردەوەی ناپەسندی تۆمارکراویان، بۆیە دەڵێن : هاوار لە خۆمان ئەو نامەو دۆسیەیە چیە ! هیچ گوناهێکی وورد و درشت (گەورەو بچوک) بەجێ ناهێڵێت بەلکو هەمووی تۆمار کردووە، ئەو خەڵکە هەرچیان کردووە (بە دەنگ و ڕەنگەوە) ئامادەیە، بێگومان خودای تۆ

ستەم لەهیچ کەس ناکات " ﴿س – الكهف ـ ٤٨ – ٤٩﴾.

" ئەو ڕۆژە خەڵکی دەستە دەستە بەرەو گوڕەپانی لێپرسینەوە دەردەچن، بەپەرش و بڵاوی، تا کاروکردەوەکانیان ببیننەوە. جا ئەوەی بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەک خێرو چاکەی کردبێت دەیبینێتەوە. ئەوەش بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەک شەرو خراپەی هەبێت ، دەیبینێتەوە " ﴿س – الزلزلة – ٦ – ٨﴾.

**لەو ڕۆژەدا بڕواداران دۆسیەو نامەکانیان بە دەستی ڕاستە وەری دەگرنەوە، بەلاّم بێبڕوایان بەدەستی چەپە وەری دەگرنەوە. هەر لەوکاتەی کە فریشتەی ڕۆح کێشان دێت و ڕۆحی خوانەناسان دەکێشێت، لەو ساتەوەختەوە ئەو خوانەناسانە تووشی ئێش و ئەشکە نجەیەکی بێکۆتایی دەبنەوە. لە ڕۆژی قیامەتیشدا دۆسیەی کاروکردەوەکانیان وەردەگرنەوە و ڕووبەڕووی ئازار و سزا دەبنەوە. کاتێکیش دەهێندرێن بۆ بەردەم پەروەردگار، خۆزگە دەخوازن کە چاویان پێنەکەوێت و ڕوویان نایەت سەیری کاروکردەوە ناپەسندوو تاوانەکانیان بکەن. ئەمەش لەم ئایەتانەی خوارەوەدا بۆمان باس کراوە :**

" بەڵام ئەوەی دۆسیەی کردەوەکانی دەدرێتە دەستی چەپی، ئەوە دەڵێت : خۆزگە دۆسیەی کردەوەکانم پێنەدرایە. هەر نەم زانیایە لێپرسینەوەم چۆن دەبێت. خۆزگە مردنەکەم یەکجاری بوایە. ئەوەتە ئەو ماڵ و سامانەی کە هەمبوو فریام نەکەوت. ئەو دەسەڵاتەی کە هەمبوو لەدەستمداو نەما و لەدەستم چوو " ﴿س – الحاقة – ٢٥ – ٢٩﴾.

" ..... ئەو ڕۆژێکە کە ئادەمیزاد سەیری دەستپێشخەری خۆی دەکات، خوانەناسیش دەڵێت : خۆزگە هەرخاک بوومایە " ﴿س – النبـاء - ٤٠﴾.

" بەڵام ئەوەی دۆسیەی کردەوەکانی لە پشتیەوە درایە دەستی(واتە بەدەستە چەپی وەری گرت) ئەمە لەمەودوا هاوارو داد لێبەرز دەبێتەوە و

دەڵێت : خوایە مەرگ، خوایە بمکوژە، خوایە لەناو ببە، ئینجا دەخرێتە ناو دۆزەخ، چونکە بەڕاستی ئەو جۆرە کەسە کاتی خۆی لەناو ماڵ و خێزانیدا بە کەیف و ئاهەنگی ناشەرعی، بە ڕازاندنەوەی سفرەو خوانی حەرام دڵی خۆش بوو. بڕوای وابوو کە هەرگیز زیندوبوونەوە و گەڕانەوە و لێپرسینەوە نیە. نەخێر بە گومانی ئەو نەبوو، پەروەردگار چاک ئاگاداری کاروکردەوەکانی بوو، دەیبینی چی دەکات " ﴿س – الا نشقاق – ١٠ – ١٥﴾.

بە بینینی ئەو ڕووداو دیمەنانە، بێبڕوایان، بۆیان دەردەکەوێت ئەو دەرفەتەوی کەلە ژیانی دنیادا پێیان درابوو لەدەستیان چووە، بۆیە بە دڵتەنگیەوە پە نجەی پەشیمانی دەگەزن . ئەوەی زیاتریش پەشیمانیان دەکاتەوە، بینین و چاو پێکەوتنی ژیانی بەختەوەری بڕوادارانە لەناو بەهەشتدا، چونکە ئەوان لەلایەن پەروەردگارەوە بانگێشت کرابوون بۆسەر ڕێگای حەق و ڕاستی، بەلام بە لووت بەرزی و لەخۆبایەوە ڕەتی ئەو بانگەوازەیان کردو خۆیانیان لێکەڕ کرد .

ئەوسا کە تەرازووی پەروەردگار ئامادەکرا و داندرا. خەڵکی لەئە نجامی کاروکردەوەکانیانەوە کە تۆمارکراوون لەلای خوا، یان بۆ بەهەشت دەبردرێن و یانیش بۆ ناو دۆزەخ. لەو ڕۆژەدا، بێبڕوایان دەزانن کەبۆ کام جێگایان دەبەن. هەر لەبەر ئەمەشە ترس و تۆقاندن بەرۆکیان دەگرێت :

" (لە ڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوەدا) دەبینیت ستەمکاران دەترسن لەوەی کە کردوویانە، لە کاتێکدا سزاکەی کەوتووە بەسەریاندا و لێی دەرباز نابن " ﴿س – الشوری – ٢٢﴾.

لەو ڕۆژەدا داد پەروەری پەروەردگار بوونی هەیە و پێگیری دەکات لەسەر پاداشت و سزا وەرگرتندا.

" ئێمە پێوەر و تەرازووەکانی دادپەروەری لە ڕۆژی قیامەتدا دادەنێین،

جا هیچ كەس بەهیچ شێوەیەك ستەمی لێ ناكرێت، ئەگەر بەقەدەر تۆوە خەرتەلەیەكیش بێت دەیهێنینەوە مەیدان، جا ئەوەندە بەسە بۆ ئێمە كە ئاوا بە ووردی حساب و لێپرسینەوە ئەنجام دەدەین " ﴿س – الانبیاء - ٤٧﴾.

پرۆسەی دادگایی كردن و لێپرسنەوەی بڕواداران سادەو ئاسانە، كەچی بۆ بێ بڕوایان زۆر زەحمەت و ناخۆش و بە ئازارە. بێ بڕوایان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەكرێت لەسەر هەموو چاكەو نیعمەتێكدا كە خوا لە دنیادا پێی بەخشیبوون. لەسەر هەموو چركەیەكی ژیانیاندا تووشی لێپرسینەوە دەبنەوە، ئاخۆ بۆچی گوێڕایەڵی فەرمانەكانی خوایان نەدەكرد، وەهەروەها تووشی لێپرسینەوە دەبنەوە لەسەر هەڵوێستە ناسوپاسگوزاریەكانیان و بیروڕا یاخیبووەكانیان و جوێن و بێڕێزەكانیان، چونكە پێشتر ئەمانە ئاگاداركرابوونەتەوە بەلام ئەو ئاگاداركردنەوەیان پشتگوێ خستبوو. ئەو بەهانەو بەڵگە پوچانەی كە دەیهێننەوە، هیچیان لێ قبوڵ ناكرێت. پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە دەكات بۆ ئەو بارودۆخەی كە خوانەناسان بەرەنگاری دەبنەوە لە ڕۆژی دواییدا :

" هاوار و ئاهو ناڵە لەو ڕۆژەدا بۆ ئەوانەی كە بڕوایان بە پێغەمبەران و قیامەت و لێپرسینەوە نەبوو. ئەمڕۆ ئیتر ئەو ڕۆژەیە كە قسەیان نەماوە و ورتەیان لێ نایەت. مۆڵەتیش نادرێت پاكانە بكەن. هاوار و ناڵە بۆ خوانەناسان لەو ڕۆژەدا. ئەمە ئیتر ڕۆژی جیاكردنەوەیە، ئێوەمان لەگەڵ هەموو نەوەكانی پێشوودا كۆكردۆتەوە. جا ئەگەر دەتوانن نەخشەیەك، فێڵێك ئەنجام بدەن دژی من ئەنجامی بدەن. هاوار و ناڵە بۆ خوانەناسان " ﴿س – المرسلات – ٣٤ – ٤٠﴾.

ئەو خوانەناسانە هیچ كاروكردەوەیەكی چاكیان نیە پێشكەشی پەروەردگاری بكەن. " ئیتر ئەو كاتە هەركەس دەزانێت كە چی

ئامادەكـردووە وچى پێيە " ﴿س – التكوير – ١٤﴾. بۆ ئەو جۆرە كەسـانە، پەروەردگار جێگايەكى زۆر بەئێش و ئازارى ئامادەكردووە، ئـەويش بريتيـە لـە چاڵێكى قووڵ و بێكۆتا. هەروەك پەروەردگار لە قورئانى پيرۆزدا بۆمانى باسـى كردووە :

" جا ئەوەى تەرازووى خێرى سەنگين بێت، ئەوە لە بارودۆخێكى خۆش و ئاسوودەدا ژيان دەباتە سەر و زۆر پێى ڕازيە. ئەوەش تەرازووى (خێرو چاكەى) سووك بێت (گوناهى زۆر بێت) ئـەوە دايكـى ئـەو دۆزەخـە (باوەشـى بـۆ كردۆتەوە. جا تۆ چوزانى چاڵ (هاويە) چيە ؟ زۆر سوتێنەرو بڵێسە دارە " ﴿س – القارعة – ٦ – ١١﴾.

ئەم باس و بەسەرهاتانەش گرنگ و سوودبەخشن بـۆ بـير لـىَ كردنـەوە و تێفكرين لە پەشيمانى كەلە ڕۆژى دواييـدا بـىَ بـاوەڕان دەيچـێژن. پەشـيمان بوونەوە لە ڕۆژى قيامەتدا هيچ سوودو كەلكێكى نيە. گەر هەر كەسێك بزانێـت و تێبگا كە دەبىَ لەو ڕۆژەدا چى بڵێت، ئەوە هيچ كاتو ساتێكى ئەو دنيايە لەدەست خۆى نادات بۆ بەشدارى كردن لە خێرو چاكە كردن، بەمەش ئـەو كەسـە هيـواو ئاواتى زۆر دەبێت بۆ چوونە ناو بەهەشت (بەهۆى كـاروكردەوە باشـەكانيەوە)، تەنها ئەو جۆرە كاروكردەوە چـاكانە دەبنـە مايـەى ڕزگـاركردنى كەسـێك لـە پەشيمانى سەختى ڕۆژى دواييدا.

# هەستی پەشیمانی لە دۆزەخـدا

**" کاتێـک هەرلـە دوورەوە ئـەو ئـاگرە بڵێسـەدارە خوانەناسـان دەبینێـت، دەنگی خەشم و قین و هەناسەی داخ لە دڵی دەبیســتن "** ﴿س – الفرقان – ١٢﴾

## پەشیمانی خوانەناسان لەو کاتەی کە چاویان بە ئاگری دۆزەخ دەکەوێت .

**لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا، هەموو کەس حەق و حسـابی خـۆی وەردەگرێتـەوە. لەو ڕۆژەدا خەڵك کۆدەکرێنەوە و پۆل پۆل ڕا پێچی ناو ئاگری دۆزەخ دەکرێن. لە نێوان ئەو حەشـامەت و سـەرگەردانیەدا، هـەموو ئـەو کەسـانە لەگەڵـدان کـە نکۆڵیان لە بوونی پەروەردگار و ئاینەکەی دەکرد بە درێـژیی ژیانیـان، لەگـەڵ ئەو کەسانەش کە لووت بەرزو لەخۆبایی بوون و بەڵگـەو نیشـانەکانی خوایـان بەدرۆ دەخستەوە. ئەمە جگە لەو کەسانەی کە بەهۆی سەروەت و ناوبانگیانـەوە خۆشیان ڕادەبوارد. ئەو جۆرە کەسانە هیچ هیـواو ئومێـدیکیان نـەماوە، وەئـەو شتانەی کە بە گرنگ و پڕ بایەخیان دەزانی لە دنیادا،ناتوانێت ڕزگاریان بکـات لە سزاو ئەشکە نجەی هەتـا هەتایی . پەروەردگار لە قورئـانی پـیرۆزدا پێمـان ڕادەگەیێنێت کە هـەموو خوانەناسـێك بـە ئابڕوچـوونەوە ڕادەکێشـرێت بۆنـاو دۆزەخ. لـە پێش دەرگـای سـەرەکی دوزەخـدا، پاسـەوانەکانی بـەردەرگا وا لـە خوانەناسان دەکەن کە بۆ دواهـەمین جاریـان دان بـەتاوان و گوناهەکانیانـدا بنێن. پاشان ڕایان دەکێشن و دەیان بەن بۆناو دۆزەخ. ئینجـا دەرگاکـانی دۆزەخ**

لەسەریان دادەخرێت بۆ هەتا هەتایی. پەروەردگار لە قورئــانی پــیرۆزدا بــاس لەو شێوازو ڕێگایانەمان بۆ دەکات کــە چــۆن خوانەناســان بۆنــاو ئــاگری دۆزەخ ڕا پێچ دەکرێن:

" ئەو کەسانەی کە بێباوەڕبوون، ڕاپێچ دەکرێن بەرەو دۆزەخ دەستە دەستە و پۆل پۆل دەگوێزرێنەوە، تا کاتێک دەگەنە بەر دەرگاکانی دۆزەخ، بۆیان دەکرێتەوە، فریشتەی بەرپرس و سەرپەرشتیار سەرزەنشتیان دەکات و پێیان دەڵێت : باشە مەگەر پێغەمبەران لەخۆتان ڕەوانە نەکرابوو بۆتان کە ئایەتەکانی پەروەردگاری خۆتان بەسەردا بخوێنێتەوە، وە ئاگادارتان بکاتەوە وەڕاتان بچەڵەکێنێت لە گەیشتنی ئەو ڕۆژە ! بەدەم ئاخ و داخ و ناڵەوە دەڵێن : بەڵێ ، بەڵام تازە بەڵێ سوودی نیەو بڕیاری سزاو ئازاردان دراوە بەسەر کافرو بێبڕواکاندا. بۆ ژوورەوە، بچنە ناوی، ژیانی ناخۆش و سەختیش بۆتان بەردەوامە، مردنیش نیە ئای کە چەند ناسازە جێگەو ڕێگای لووت بەرزو خۆ بەزل زانەکان " ﴿س- الزمر – ٧١ – ٧٢﴾.

" ئا ئەم بارودۆخەی کە ئێستا تێیدا گیرتان خواردووە سەرئەنجامی ئەو کەیف و شادیی و سەمایەیە کەلەسەر زەویدا بەناحەق ئەنجامتان دەدا و کەشخەتان لێدەدا بەسەر خەڵکەوە و نازتان دەکرد بەسەریاندا. دەی... لەدەرگاکانی دۆزەخ بۆ ژوورەوە، ئەوەش بزانن کەناش مرن تێیدا و بەهەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە. ئای کە شوێن و جێگای خۆ بەزل زانەکان ناخۆش و دژوارە " ﴿س – غافر – ٧٥ – ٧٦﴾.

هیچ کەسێك لەناو ئەوحەشامەتی و قەڵباڵغیەدا ناتوانێت بێتە دەرەوە و بڵێت کە من ئاگادار نەکراومەتەوە لە سەختی و ناخۆشی ئەو ڕۆژەدا. پەروەردگار بە داد پەروەری و میهرەبانی خۆیەوە پێغەمبەرانی ناردووە بۆ هەموو نەتەوەیەك و ئادەمیزادێك تاکو ئاگاداریان بکاتەوە لە بوونی خوا و ڕۆژی قیامەت و بەهەشت و دۆزەخ. بۆیە، لەو کاتەدا تاوانباران و خوانەناسان دان بەوەدا دەنێن

که شایانی ئازار و ئەشکەنجە و ناخۆشی ناو دۆزەخن.

ڕاستی هەڕەشە و هۆشدارییەکانی پەروەردگار بەبیر لووت بەرز و لەخۆباییەکان دەهێندرێتەوە کە بە ئەنقەست ڕووی خۆیان وەرگێڕابوو لە پەرستنی خوا و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی. پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا پێمان ڕادەگەیێنێت کە ئەو جۆرە خەڵکانە (خوانەناسانە) بەزەبوونی و شەرمەزارییەوە دەخرێنە ناو دۆزەخەوە :

" ئەی خەلکینە پەروەردگارتان فەرمویەتی : ئێوە هاناو هاوار بۆمن بهێنن، ئەوە من دوعاو نزاکانتان گیرا دەکەم، بەڕاستی ئەوانەی خۆیان بەگەورە دادەنێن و لووت بەرزی دەکەن لە ئاست پەرستنی مندا، لە دوارۆژدا بەسەر شۆری و خەجاڵەتیەوە دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە " ﴿س – غافر – ٦٠﴾.

هەروەها پێغەمبەر (د.خ) لە فەرموودەیەکدا ئاماژەی بە هەمان بارودۆخ کردووە، دەفەرموێت : " ئایا پێتان بڵێم لەبارەی ئەو کەسانەی کە خەڵکی ناو دۆزەخن ؟ ئەوانە ئەو کەسانەن کەلە هەموو خەڵکی تر دڵ ڕەقترو توندوتیژترو لەخۆباییترو خۆبەزلزانترن " (بخاري) .

ئەمانە وا خۆیان پیشان دەدا کە بەهێزترین خەڵکن لە دنیادا، وەهەندێکیش لەوانە بەبێڕێزییەوە یاخی ببوون بەرامبەر پەروەردگاریان. بەلام ئایا ئەو هێز و توانایەی کە کردبوویانە نازناو دروشمی خۆیان، هیچ دەربازبونێکیان پێدەبەخشێت لەوکاتەی کە سیفەتەکانی خوایان بەبیر دەهێندرێتەوە کە زاڵبوونە (القهار) وەخاوەنی دۆزەخ و بەهەشتە، وەبەوەی کە ئامۆژگاریانی پێداوە بۆ گرتنەبەری ئەو ڕێگایەی کە خوا پێی خۆشە، ئەوانیش دەست بەجێ وەلام دەدەنەوە و دەڵێن :

" ..... ئەوە بۆچی خوا سزامان نادات بەهۆی ئەو قسانەوە کە دەیڵێین ؟! ئەوانە دۆزەخیان بەسە کە بچنە ناوی و ببرژێنرێن تێیدا، ئای کە

سەرئەنجامێکی خراپ و ناخۆشە " ﴿س – المجادلة – ٨﴾.

لەوەڵامی ئەو یـاخی بوونەیانـدا، ڕادەکێشـرێن و دەبـردرێن بـۆ بـەردەم دەرگای دۆزەخ وەهەرگیز ڕێگیان پێنادرێـت بێنـە دەرەوە لـەناو ئـەو دۆزەخـە، مەگەر هەر خوا ویستێکی تری هەبێت. ئینجا هەرکە چـاویان بـە ئـاگری دۆزەخ دەکەوێت، بەرگـە نـاگرن و هەسـتی پەشـیمانی دایـان دەگرێـت لـەو تـاوان و گوناهانەی کە کردوویانە. پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا بۆمـان دەگێڕێتـەوە کە خوانەناسان بە ڕوون و ئاشگرایی تێدەگەن کە تازە هـیچ ڕێگایـەکی دەربـاز بوونیان نیە لە ئاگری دۆزەخ :

" (ئا لەو کاتەدا) تاوانباران دۆزەخ دەبیـنن و دڵنیـان بێگومـان دەچنە ناوی و تێکەڵی دەبن، هیچ پەناگە و کەلەنێکیش نیە کە لێی دەرباز بن " ﴿س – الكهف – ٥٣﴾.

تێگەیشتن و دەرکپێکردن زۆر سەخت و دژوارە لە ئاگری دۆزەخ. هەموو ئـەو کارانەی کە بێبڕوایان فەرامۆشیان کردبوو لە دنیادا، ئەوە لـە ڕۆژی دوایـدا بـە ئاشکرایی بۆیان دەردەکەوێت. ئەوسـا دەزانـن کـە هـەموو ژیانیـان بـە هیـوا و ئارەزووی پووچ و بەتاڵ بردۆتە سەر، لەبەر سوودو قـازا نجێکی کـەم و کـاتی، دەبێت ژیانی دواڕۆژیان بە ئازار و ئێش بەسەر ببەنو هەمیشـەش لـەو سـزایەدا بمێننەوە.

ئەو چەند ساڵە کورتەی کەلە ژیانی دنیـادا بردوویانەتـە سـەر، بۆیـان دەردەکـەوێت کـە ژیـانی دواڕۆژ کـاتێکی زۆر درێـژە بۆیـان و هـەرگیز بیریـان لێنەکردۆتەوە لێی. بێبڕوایان لە جیاتی ئەوەی ژیانێکی ئاسودەو بێخـەوش کـە دوور بێت لە هـەموو ترسـێکی ڕۆحـی و جەسـتەیی وەك برسـیەتی و شـەکەتی هەڵبژێرن، کەچی ژیانی ئەم دنیایە بە چاکتر دەزانن کە خۆیان تێیدا لە بێچارە و بێزاریدا دەبیننەوە. زۆری بەسەر ناچێت کە خۆیان لـە بـەردەم دەرگـای دۆزەخ دەبیننەوە، ئینجا ڕا پـێچ دەکـرێن بـۆ نـاو ئـاگری دۆزەخ کـە هـیچ ڕێگایـەکی

دەربازبونیان نیە. دواکاریش کە هانای بۆ دەبەن ئەوەیە کە هەموو ئەو ماڵ و سەروەتەی کەلە دنیادا کۆیان کردبۆوە دەیکەنە قوربانی تاوەکو خۆیان دووربێخنەوە لەئێش و ئازاری دۆزەخ . قورئانی پیرۆز بەم جۆرە باس لەو هەوڵە پوچ و بەتاڵانەیان دەکات :

" بەڵام ئەوانەی کە بەدەم بانگەوازی پەروەردگاریانەوە نەچوون، ئەگەر بەڕاستی خاوەنی هەموو شتێک بن لە زەویدا و ئەوەندەی تریشی لەگەڵدا بێت، ئەوە دەیانکردە قوربانی خۆیان لە پێناو ڕزگاری خۆیاندا دەیان بەخشی (چونکە) ئا ئەو جۆرە کەسانە بە خەراپترین شێوە حسابیان لەگەڵدا دەکرێت وسەرئەنجامیش جێگایان دۆزەخە، ئای کە شوێنێکی خراپە " ﴿س – الرعد – ١٨﴾.

هەرچەندە دوا هەوڵ و کۆششی پڕوپوچیان دەدەن بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئاگری دۆزەخ نەبنەوە، بەلام تازە ئەو هەوڵدانەیان بێهودەیە و هیچ سودێکی نیە بۆیان. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت :

" ئەمڕۆ ئیتر هیچ جۆرە پاکانە و قوربانیەک لە ئێوە و لەوانەش کە بێباوەڕبوون وەرناگیرێت، جێگاو مەنزڵگای هەمووتان ئاگری دۆزەخە، هەر ئەوەش شایستەتانە، ئای چ سەرئەنجامێکی خراپ و نالەبارە" ﴿س – الحدید – ١٥﴾.

بێگومان کۆمەڵێك هۆکارو فاکتەر هەن کە وادەکەن ئەو هەوڵ و کۆششەی بێباوەڕان بێ کەلك و سوود بێت. لەو کاتەی کەهێشتا لە ژیانی دنیادا بوون، پەروەردگار ئاگاداری کردبونەتەوە لە ئاگری دۆزەخ. هەموو شتێك بە ڕوون و ئاشکرایی بۆیان باسکراوە کە هیچ کەس ناتوانێت یارمەتی کەسێکی تر بدات و هیچ کەسیش ناتوانێت قوربانی پێشکەش بکات بۆخۆ ڕزگارکردنی. بەبیریان هێندراوەتەوە کەلەو ڕۆژەدا هیچ جۆرە پاکانەو قوربانیەك وەرناگیرێت. لەم بارەیەوە پەروەردگار دەفەرموێت :

" بترسێن و خۆتان بپارێزن له ڕۆژێک که کەس فریای کەس ناکەوێت و کەس هیچی لەدەست نایەت و تکا کاری کەسیش وەرناگیرێت و بارمەتەو گۆڕانکاری تێدا ئەنجام نادرێت و ئەو کەسانەی خوانەناسن یارمەتی نادرێن و سەرناخرێن " ﴿س – البقرة – ٤٨﴾.

سەرەرای ئەوەی کە بێباوەڕان ئەو هەموو هۆشدارییانەیان ئاراستەکراوە، کەچی هێشتا سورن لەسەر نکۆلی کردن لەو ڕاستیانە و بەئەنقەست ئەو کۆتا ناخۆشە بۆخۆیان هەڵدەبژێرن و ئامادەی دەکەن. لەو ڕۆژەدا، دان بە ڕاستیەکی گرنگدا دەنێن، ئەویش ئەوەیە کە بەهۆی کاروکردەوە ( خرا پەکانیانەوە ) تووشی ئاگری دۆزەخ بوونەتەوە.

ئەو پەشیمانیەش، بە ئازارترین سزا دادەندرێت کە بێباوەڕان دەیچێژن وەبۆ هەتاهەتایەش لێی دەرباز نابن، مەگەر خوا بەزەییان پێ بکات. ئەمەش لەبر ئەوەیە کە ئەوانە ڕووبەڕووی ڕاستیەکی گرنگ کراونەتەوە کە ئایا خۆیان تەرخان و ئامادە کردبوو بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا ، لە بری ئەمەدا، هەوڵی بەدەستهێنانی ئامانج و مە بەستە بێکەلکەکانیان دەدا. خۆ ئەگەر وایان نەکردبایە، ئەوە لە جیاتی ئەوەی ببردرابان بۆ ناو ئاگری دۆزەخ، دەبردران بۆ بەهەشت. لەبەرئەوەی نەیان توانی و ڕێگای ڕاستیشیان فەرامۆش کرد، دۆڕانێکی تاڵ و ناخۆش دەچێژن.

هەروەك چۆن پەروەردگار لە سوڕەتی ﴿البلد- ٢٠﴾ باسیان دەکات کە " ئەوانە دەرگا و قاپیەکانی دۆزەخ لەسەریان داخراوە و هیچ هیوایەکی ڕزگاربوونیان نیە" . وەهەرکە لە دەرگاکانی دۆزەخ دەبردرێنە ژوورەوە، ئەوە دەرگاکانیان لەسەر دادەخرێت. لە دواوەی ئەو دەرگایانەشدا بوونی ئازار و ئەشکە نجەی ئاگری دۆزەخ بێکۆتایە، بێباوەڕانیش تێیدا ئازار دەچێژن تا ئەو کاتەی کە خوا ویستی لەسەرە. هیچ ڕێگا چارەیەکیشیان لەبەردەمدا نەماوە بۆ ڕزگاربوون لەو ئازارە. پەروەردگاریش ناوی لەم ئاگرە ناوە هاڕین (حطمة) کە

له سوڕەتی ﴿الهمزة – ٥ – ٩] ئاماژەی بۆ کردووە :

" جا تۆ چووزانی هاڕین (حطمة) چیە ؟ بریتیە لە ئاگری داگیرسا و بڵێسەداری خوا، ئەو ئاگرەی ڕوودەکاتە ناو جەرگەی دڵ و دەروونەکان. بێگومان ئەو ئاگرو دۆزەخە لە شوێنێکدایە کە سەر گیراوەو دەرگا داخراوە لەسەریان (ڕێگەی قوتاربوون نیە). خوانەناسان لەوێ، لەناو چەند ستونێکی ئاگرینی درێژدان (هیچ جم و جۆڵێکیان بۆ ناکرێت) . "

# ئەو ئازار و ئەشکە نجەیەی کە خوانەناسان تووشیان دەبێت لە دۆزەخدا .

پێش ئەوەی باس لە پەشیمان بوونەوەی خوانەناسـان بکـەین کەلـە ڕۆژی دواییدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، باشـتروایە وەسـفی ئـازارو ئەشـکە نجەی دزەخ بکرێت. بەبێ زانینی شێوازو جۆرەکانی ئازار لە دۆزەخدا، لەوانەیە ئـەو کەسـە سەرکەوتوو نەبێت لە تێفکرین لەو ئاراستەیەی کەبەرەو پەشیمانی دەبیات.

هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە، پەشیمانی خوانەناسان لەو کاتە دەست پێ دەکات کە چاویان بە ئاگری دۆزەخ دەکەوێت، ئینجا بە بەردەوامی و نـەمری تێیدا دەمێننەوە. لە کاتی گەیشتنیام بۆ نـاو ئـاگری دۆزەخ، ئـەو گفتوگۆیـەی خوارەوە لە نێوان ئەو خەڵکە ( خوانەناسانە ) ڕوودەدات :

" ئەوانـەی کـە باوەڕیـان بـە پـەروەردگاریان نیـە، سـزاو ئـازاری دۆزەخ ئامادەیە، ئـای کـە چارەنوس و سـەرئەنجامێکی زۆر ناخۆشـە. کـاتێـک فـڕێ دەدرێنە ناوی دەنگێکی ناساز و ناخۆش و لووڕەیەک لە دۆزەخەوە دەبیستن، لە کـاتێکدا قوڵپ دەدات و دەکوڵێت. لە داخی خوانەناسان خەریکـە پارچـە پارچە بێت و لێک بێتەوە، هەر جارێک دەستە و تلقمێکی فڕێ دەدرێتە ناوی پاسەوانی دۆزەخ لێیـان دەپرسـێت : باشـە ترسـێنەرێکتان بـۆ نـەهات تـا لـەم سەرئەنجامە ئاگـادارتـان بکـات ؟ لـە وەڵامـدا بـە کەساسـیەوە دەڵـێن : بـا، بەڵێ، لـە ڕاسـتیدا ترسـێنەرمان بـۆ هـات، بـەڵام ئێمـە بڕوامـان پێنـەکردن و ووتمان : خوا هیچی لەم بارەیەوە نەناردووە ،ئێوە تەنها لەگومڕایی گـەورەدا گیرتـان خـواردووە و هیچـی تـرا !. ئینجـا دەڵـێن : ئەگـەر ئیمـە گـوێمـان بگرتایە و بیرو هۆشمان بەکار بهێنایە نەدەبووینە نیشتەجێی دۆزەخ. ئەوسا

ئیتر بەناچاری و خەجاڵەتیەوە دان بەگوناهو تاوانی خۆیاندا دەنێن، جا با نیشتەجێکانی دۆزەخ لەوەولا ترچن)) ﴿س_ الملك _٦_١١﴾

هەروەك پەروەردگار ئاماژەی بۆ کردیە لەم ئایەتانەدا ،کاتێك خوانەناسان فرێدەدرێنە ناو ئاگری دۆزەخ ، گوێیان لەدەنگەدەنگ و هات و هاوارێکی ترسناك دەبێت . پەروەردگار لەسورەتی ﴿الملك_٤٨﴾ وەسفی ئەو دەنگەمان بۆدەکات کە (دەنگێکی ناسازو ناخۆش و لووڕەیەك لەدۆزەخەوە دەبیستن). جا ئەو دەنگە ناخۆشەش ترسێکی زۆر دژوارو سەخت بەسەر خوانەناسان دێنێت . وەلەئایەتێکی تردا، پەروەردگار وەسفی ئاگری دۆزەخ دەکات بەئاگرێك کە لەداخی خوانەناسان خەریکە پارچە پاچە ببێت و لێك ببێتەوە .﴿س _ الملك _ ٨﴾.

ئەوانەی کە ڕەتیان دەکردەوە بە چاوی خۆیان ئەو ڕووداوە ترسناکە ببینن، ئەوە هەست بەنائومێدی دەکەن چونکە ئەوکات تێدەگەن کە ئەمە ئەو سزایەبوو کە ئەوجۆرە کەسانە دەبوایە ڕووبەڕووی ببنەوە. هەروەك پەروەردگار لەسەرەوە ئاماژەی بۆکردیە کەخوانەناسان باس لە پەشیمان بوونەوەی خۆیان دەکەن لەبەرئەوەی نەیانتوانیووە بەباشی تێبفکرن لەهەموو شتەکاندا لەوکاتەی کەهێشتا لەژیانیادا مابوون.

ئەوجۆرە ترس و نیگەرانیەش دەرکی پێ دەکرێت چونکە ئەو سزایەی کەڕووبەڕووی دەبنەوە بەڕاستی سزایەکی سەخت و بەئازارە. لەم ئایەتانەی خوارەوەدا ، باسکراوە کە ناخۆشترین شوێنە بۆمانەوە تێدا :

" کە سەرئەنجامێکی (شوێنێکی) ناخۆشە " ﴿س - آل عمران _١٦٢﴾.

" بەڕاستی سەرئەنجامێکی ناخۆش و سامناکە " ﴿س – النسا - ١١٥﴾.

" ئەوانە سەرئەنجامیان ئاگری دۆزەخە، کە چەند ناخۆش و خراپە جێگەی ستەمکاران " ﴿س – آل عمران – ١٥١﴾.

" (ئەوانە) سەرئەنجام دەچنەوە ناو دۆزەخ، کە جێگەیەکە ناخۆشە بۆ

نیشتەجێ بوون " ﴿س – ابراهیم – ٢٩﴾.

له فەرموودەی پێغەمبەردا، دۆزەخ بەهەمان شێوەی ( سەرەوە ) وەسف کـراوە "

" لـه نێـوان ئـەو خەڵکانـەی کەلـه دۆزەخـدان، کەسـانێک هـەن بـه گۆزینگیانەوە ڕاپێچ دەکـرێن بۆنـاو ئـاگر، هەنـدێکیش بـه ئەژنۆیانـەوە، هەنـدێکی تـر بـه ناوقەدیانـەوە، وەهەنـدێکی دیکـەش بـه قوڕگیانـەوە ڕاپێچی ناو ئاگر دەکرێن " (مسلم ) .

نیشتەجێ بوانی دۆزەخ بە کۆمەڵ فڕێ دەدرێنە ناو ئەو جێگایە ناخۆشـه. پەروەردگار لە ئایەتێکدا باسی دەکات کە " هەموویان بە پاڵە پەستۆ و توندو تیژیـەوە، بتـەکان و گومڕاکـان بەسـەر ڕوودا فـڕێ دەدرێنـه نـاو ئـاگری دۆزەخەوە " ﴿س – الشعرا - ٩٤﴾. لەم ئایەتەدا، ڕوون دەبێتەوە کە هـەموو خوانەناسێك لەگەڵ ئەوانەی کە لووت بەرز و خاوەنی سەروەت و سـامان بـوون و خۆیان بەڕێز و بەرز دەزانی ، هەموویان فڕێ دەدرێنە ناو ئاگری دۆزەخـەوە وەك کۆمەڵکاریەکی بێ بەهاوە. وەکو وەڵامێك بۆ ئەو لـووت بەرزیـەی کەلـە دنیـادا هەیان بوو. لەو ڕۆژەشدا شەرمەزار دەبن و بە سووکیش سەیر دەکرێن .

خوانەناسان لـە نـاو ئـاگری دۆزەخـدا هـەرگیز ڕێزیـان لـێ ناگیرێـت و هەرگیزیش بەزەییان پێ ناکرێـت. وەکـو داری ئاگرتێبـەربووی نـاو دۆزەخ لـە ژیانێکی بە ئازارو خەمدان، بۆ هەمیشـه تێیـدا دەمێننـەوە. پـەروەردگار لـەم ئایەتانەی خوارەوەدا ئەو ڕاستیەمان بۆ دەگێڕێتەوە :

" ئێوە و ئەو شتانەی لە جیاتی خوا دەتانپەرست سووتەمەنی دۆزەخن و سەلکە بزووتی ئاگرن، دەبێت هەر بچنە ناوی هەمیشە تێیدا بن " ﴿س – الانبیا ـ ٩٨﴾.

" ..... ئەوانـە سـووتەمەنی ئـاگری دۆزەخـن " ﴿س – آل عمـران – ١٠﴾.

**پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا پێمان ڕادەگەیێنێت کە چەندەها شێوەو جۆری سزادان هەن لە ناو دۆزەخدا. زۆربەی ئەو خەڵکانەی کە نیشتەجێی دۆزەخن، کە لەم ئایەتانەدا ئاماژەی بۆ کراوە، بۆ هەتا هەتایە ئازارو ئەشکەنجەی تێدا دەچێژن. ئێستاش دەتوانین باسی هەندێك لەو سزایانە بکەین بەم شێوەی خوارەوە :**

**لە ئایەتی – ١٣ – سورەتی – الفرقان ، پەروەردگار باس لە خوانەناسان دەکات بەوەی کە "** هەرکاتێک ئەوانە بە کۆت و زنجیرەوە فڕێ دەدرێنە ناو شوێنێکی تەنگەبەرەوە لە دوزەخدا، داوای مرگ و تیاچوون دەکەن و مردن بە ئاوات دەخوازن لە وێ **" . خۆ ئەگەر یەکێك لەو شوێنە ناخۆش و تەسکەدا بۆ چەند خولەکێك بەجێ بهێڵیت و دەرگای لەسەر دا بخەیت، ئەوە بێگومان توشی دەمارگیری دەبێت. نەك هەر ئەوەندە، بەلکو تەنها هەبوونی بیرۆکەیەك کە چواردەورە درابێت لەهەر چوار لاوە، ئەوە مەحاڵە بەرگەی ئەو بیرۆکەیە بگریت. ئازارو ئەشکەنجەی دۆزەخ، کە هەرگیز ناتواندرێت بەراوورد بکرێت لەگەڵ ئازارەکانی دنیادا، ئەو شوێنە تەسکە (بۆ خوانەناسان) بەرتەنگ دەکات و دەیانکاتە سووتەمەنی ئەو ئاگرە. وێرای ئەمەش، هەموویان پێکەوە کۆت و زنجیر دەکرێن، بە جۆرێك کە ناتوانن هیچ جموجۆڵێك بکەن، و ڕێگاشیان پێنادرێت هەڵبێن لەبەر ئەو ئاگرە. کەوایە، بیهێنە پێش چاوی خۆت ئەوە چ دیمەنێك و ڕووداوێکی سەخت و بەئازارە.**

**پەروەردگار لە ئایەتێکی تردا پێمان دەڵێ کە خوانەناسان دەمێننەوە لە "** ژێر سێبەر کە ئەویش دووکەڵی ڕەش و گەرم و سوتێنەرە **"** ﴿س – الواقعة – ٤٣﴾. **بە شێوە یەکە گشتی، ووشەی*" سێبەر"* مانای حەسانەوە و ساردی دەگەیێنێت، بەلاّم لە دۆزەخدا ئەو حالەتە نیە. هەروەك خوا بۆمانی باس کردووە کە ئەو سێبەرە نە خۆشە و نە ساردیشە.**

**جۆرێکی دیکە لە جۆرەکانی سزای ناو دۆزەخ بریتیە لە سەختی مردن.**

مردن ڕێگایەکە بۆ ڕزگاربوون، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە پەروەردگار ڕێگا بە خەڵکانی ناو دۆزەخ نادات بمرن و ڕزگاریان بێت، هەروەك لەم ئایەتەی خوارەوەدا ئاماژەی بۆ دەکات کە " مەرگ لە هەموو لایەکەوە هێرشی بۆ دەهێنێت، کەچی هێشتا ناشمرێت " ﴿س – ابراهيم – ١٧﴾. بە هەموو شێوازێك هێرش دەکرێتە سەریان، کەلە حالەتی ئاساییدا دەبێتە هۆی مردن، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا نامرن، بەلکو بەردەوام دەبن لەسەر چەشتنی زیاتری ئێش و ئازار هەتا ئەوکاتەی کە خوا ویستی لەسەرە لە ژیانی نەمریاندا.

لە ڕاستیدا، لە ڕۆژی دواییدا هیچ مردنێکی تر نیە، وەئەمەش لە فەرمودەیەکی پێغەمبەر هاتیە کە : " کاتێک نیشتەجێبوانی بەهەشت بۆ ناو بەهەشت دەبردرێن و نیشتەجێبوانی دۆزەخیش بۆناو ئاگری دۆزەخ دەبردرێن، مەرگ بانگدەکرێت و لە نێوان بەهەشت و دۆزەخدا دادەندرێت،ئینجا ئەم بانگەوازەی خوارەوە ڕادەگەیندرێت : " بۆ نیشتەجێبوانی بەهەشت، لەمەودوا هیچ مردنێکی تر نیە ! وەبۆ نیشتەجێبوانی دۆزەخ، لەمەودوا هیچ مردنێکی تر نیە ! ئەمەش خۆشی و شادی خەڵکانی بەهەشت زیاد دەکات و ناخۆشی و خەم و پەژارەی خەڵکانی دۆزەخیش زیاد دەکات " (مسلم).

لەم دنیایەدا، سووتانێکی زۆر دوای ماوەیەکی کەم دەبێتە هۆی گیان لەدەستدان. بەتایبەتی گەر بێتو کەسێك بەسەختی بریندار بووبێت بە هۆی سوتانەکەیەوە. هەتا ئەگەر ئەو کەسە بەهۆی ئەو سووتانەوە نەشمرێت و تەنها بریندار بووبێت، ئەوە ماوەیەکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی لە برینەکەی چاك ببێتەوە بەجوانی. بەلام لە دۆزەخدا، ئازار و ئەشکە نجەی سووتان، ناتواندرێت بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو سووتانەی کە ئێمە لە دنیادا دەیچێژین و دەیبینین. لە دۆزەخدا، هەموو جارێك پێستیان داوەشاو سووتاو هەڵقرچا، پێستی تر بە بەریاندا دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی بە چاکی سزاو ئازار بچێژن ﴿س – النساء – ٥٦﴾. بە کورتی، خوانەناسان لە دۆزەخدا ئێش و ئازاری نەبڕاوە دەچێژن تا

**ئەو کاتەی خوا ویستی لەسەر بێت.**

**هەروەها پەروەردگار باس لە جۆرەکانی تری ئازارو ناخۆشی دۆزەخ دەکات، کاتێك لە سورەتی** ﴿الذاریات- ١٣﴾ **دەفەرمویت " ئەو ڕۆژە کە بەرپا دەبێت بە ئاگر سزا دەدرێن و دەبرژێندرێن " . ئەو ئێش و ئازارەش مەحاڵە بتواندرێت بەراوورد بکرێت لەگەڵ ئەو ئاگرەی کە دەبێتە هۆی دروست بوونی. ئەمە وەکو ئەوە وایە کە برینێکی کەم و سووك ئازار لە برینێکی قووڵ و پڕ ئازار جیابکرێتەوە. جا لەو کاتەی ئەو ڕووداوانە ڕوودەدەن، مرۆڤی ( خوانەناس ) ئەم ئازارانەی خوارەوە دەچێژێت :**

" **پاشان بە زنجیرێکی حەفتا گەزی بیبەستنەوە** " ﴿س – الحاقة – ٣٢﴾.

" **بەڕاستی با بزانێت کە ئێمە چەندەها کۆت و زنجیر و ئاگری هەڵگیرساومان ئامادە کردووە بۆ بێباوەڕان** " ﴿س – الانسان – ٤﴾.

" **گورزیش لە ئاسن (بۆ پیامالین و لێدانیان) ئامادەکراوە** " ﴿س – الحج – ٢١﴾.

" **ئەو سزا سەختە، ناوچاوانیان و لاتەنیشت و پشتیانی پێ داخ دەکرێت** " ﴿س - التوبة – ٣٥﴾.

" **ئاوی زۆر کوڵاو لەسەریانەوە دەکرێت بەسەریاندا** " ﴿س – الحج – ١٩﴾.

" **ئەو جل و بەرگە ئاگرینیەی کە لەبەریاندایە،دادەکەندرێتو کراسی قەترانە (کە مادەیەکی ڕەش و بۆن ناخۆشە وە بەخێرایش دەسووتێت) لەبەریان دەکرێت و بڵێسەی ئاگریش ڕووخساریانی داپۆشیووە** " ﴿س – ابراهیم – ٥٠﴾.

**لەو ڕۆژەدا هیچ جۆرە خواردنەوەیەکی ساردو خۆش ناخۆنەوە، بەڵکو ئاو و خۆراکی زۆر کولاو** ﴿س – ص – ٥٧﴾**، وەپڕ لە کێم و زوخاوی داچۆڕاو نەبێت هیچی تر نیە** ﴿س – الحاقة – ٣٦﴾.

لەلایەکی دیکەشەوە، تەنها خواردنێك کە خـەڵکانی نـاو دۆزەخ هەیانـە بریتیـە لـە مێـوەی دڕك تـاڵ و درەختـی زەقنـەبووت. پـەروەردگار پێمـان ڕادەگـەیێنێت کـە چـۆن درەختـی زەقنـەبووت بـڵاو دەبێتـەوە بـۆ ئـازاردانی خوانەناسان :

" بەڕاستی درەختی زەقنەبووت (درەختێکە لە ناخی دۆزەخدا، لەناو ئاگردا، خوا بەدوسەڵاتی خۆی ڕواندوویەتی و لق و پەلکەکانی بەناویدا بڵاو بۆتەوە). بەروبوومەکەی خۆراکی تاوانبارانە. هەروەک کانزای تواوە لەناو ڕەگ و ڕیخۆڵەکاندا دەکوڵێت. وەک کوڵانی ئاوی زۆر گەرم. فەرمان دەدرێت : ئەو تاوانبارە بگرن و بەرزی بکەنەوە بەسەر ناوەڕاستی دۆزەخاو بەری بدەنەوە. لەوەودوا ئاگر و ئاوی زۆر لەکوڵ بکەن بەسەریدا، ئەوسا پێی دەوترێت : دە بچێژە بێگومان تۆ زۆر خۆتت بەشت دەزانی و خۆتت زۆر بە ماقووڵ دەخستەبەرچاو. بەڕاستی ئا ئەمە ئەو دۆزەخەیە کە کاتی خۆی گومانتان لێی هەبوو " ﴿س – الدخان – ٤٣ – ٥٠﴾.

لەم وەسفکردنەی قورئانیشدا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ئەو خواردنەی کەلە دۆزەخدا هەیە کاریگەری خنکان دەکاتە سەر خەڵکە تاوانبارەکان. هەوڵدەدەن تا قومێك لەو ئاوە بە ئازارە بخۆنەوە، بەلاّم هەوڵەکەیان بێهودەیە و هەرگیز ناتوانن قومێکی لێ بخۆنەوە. کێم، کە شتێکی زۆر قێزەوونە لەم دنیایەدا، بەدەرکەوتن و بۆنە ناخۆشەکەی، لە نێوان ئەو خواردنانەیە کە دەدرێتە دۆزەخیەکان. ئەمەش دەبێتە مایەی ئێش و ئازارێکی زۆر دژوار بۆیان. لەگەڵ ئەوەی برسێتیان ناشکێنێت، وەهیچ چارەسەرێکی دیکەشیان لەبەردەمدا نەماوە، بۆیە هەردەبێت بیخۆن. هەرچەندە ئەو خواردنەش دەخۆن، بەلاّم برسێتیان ناڕوات. بۆیە هەمیشە هەست بە ئازارو برسیەتی دەکەن.

" هیچ خۆراکیشیان نیە، تەنها لە دڕکێکی ووشک و تفت و تاڵ. ئە ئەوەیە گۆشتی پێبگرن و پێی قەڵەوبن، ئە ئەوەشە پێی تێربن " ﴿س –

الغاشية – ٦-٧﴾.

**هەر لەبارەی ئەو ئێش و ئازارەی دۆزەخەوە، پەروەردگار وەسفێکی تری بۆ دەکات کە : " ئەوانە، بە هەناسەی قورس و لرخە لرخ و ئاهو ناڵەوە ژیانی سەختی تیادا دەبەنەسەر " ﴿س – الانبيا – ١٠٠﴾. " هەزارەها ساڵی دوورو درێژ و نەبڕاوەی تێیدا دەبەنەسەر " ﴿س – النبا - ٢٣﴾.**

**" لەناو ئەو خەشم و نەفرینەدا دەمێننەوە و سزا لەسەریان سووک ناکرێت و مۆڵەتیش نادرێن " ﴿س – آل عمران - ٨٨﴾.**

**" ئەوانە دەیانەوێت لە دۆزەخ بێنە دەرەوە (بەڵام خەیاڵیان خاوە) لە کاتێکدا دەرچوونیان لێی نیە " ﴿س – المائدة – ٣٧﴾.**

**ئەو هەموو سزاو ئەشکە نجەیە بەسەر خوانەناساندا دێت و ئازاری پێوە دەچێژن و پەشیمان دەبنەوە کە ناتواندرێت پێناسەی تەواوی خۆی بۆ بکرێت. جا بۆ ئەوەی ڕزگاربن لەم بارودۆخەیاندا، چەندەها جار دەپاڕێنەوەو و نزادەکەن تەنانەت ڕازیش دەبن کە ڕۆحەکانیان ببەخشن و ببەن. پەروەردگار لە قورئاندا باسی ئەو گفتوگۆیەی خەڵکی دۆزەخمان بۆ دەگێڕێتەوە :**

**" دۆزەخیەکان هاوار دەکەن، ئەی مالک (کە فریشتەی سەرپەرشتیارە) دەبا پەروەردگارت بمانکوژێت، دەبا بمرین و کۆتایی بەم ناخۆشیەمان بێت، لەوەڵامیاندا دەڵێت : بەڕاستی ئەوە جێتانە و تیایدا بۆ هەمیشە دەبێت بمێننەوە. بەڕاستی ئێمە پەیامی حەق و ڕاستیمان بۆ ئێوە ڕەوانەکردبوو کەچی زۆربەتان حەزتان لە حەق و ڕاستی نیە و لێی بێزارن "** ﴿س – الزخرف – ٧٧-٧٨].

**ئەمانە تەنها هەندێك بوون لەو ئازارو ئەشکە نجەیەی کە دەسە پێندرێت بەسەر ئەو کەسانەی کە نکۆڵیان لە بوونی پەروەردگار و ڕۆژی قیامەتدا دەکرد وە فەرامۆشی ئەو بانگەوازانەیان دەکرد لەبارەی بوونی بەهەشت و دۆزەخ. سەرەرای ئەمەش، ئازارێکی تریش هەیە بۆ خوانەناسان کە هەمیشەو بەردەوام**

دەیچێژن، ئـەو ئـازارەش هەسـتی پەشـیمانیە، کـە هـەرگیز ناتوانـدرێت بـۆ ساتێکیش بێت لەبیر بکرێت. ئەو هەستە پەشیمانیەش ئەوەندە قووڵ دەبێتـەوە کە ئاوات دەخوازێت بۆ دۆزەخ بناردرابا، کە سامناکترین جێگایە تاکو ئێستا ئەو کەسە بینیبێتی. هەروەك ئاماژەی بۆکرا، خوانەناسـان هـەموو کاتێکیـان هـەر ئازارو ئێش چەشـتنە، ئەوسـا بـەبیریان دێتـەوە کـە ئەگـەر ڕێگـای ڕاسـتیان بگرتایە، ئەوە تووشی ئەو چارەنووسە ڕەشە نەدەبوونەوە. لـەو ڕۆژەشـدا هـیچ ڕێگایەك نیە تاکو ئەو پەشیمانیەیان لێ دووربخاتەنەوە.

# ئەو پەشیمانیەی کە بێباوەڕان دەیچێژن لەناو دۆزەخدا

هەبوونی جەژتنی سزایەکی سەخت، دەبێتە هۆی گەستنی پەنجەی پەشیمانی بێباوەڕان لەوەی کە باوەڕیان بە خوا نەهێناوە لەو کاتەی کە هێشتا لە ژیانی دنیادا بوون. بەلاّم ئەو پەشیمانیە نابێتە هۆی گۆرینی بارودۆخەکەیان. لە دنیادا، دەرفەتی زۆریان پێدرا، بەلاّم نەیانتوانی هەلّی بقۆزنەوەو سوودی لیّ وەربگرن، کاتێك ئەو ڕاستیانەیان بۆ دەردەکەوێت ئینجا دەلاوێنەوەو شیوەن دەکەن بۆ هەموو کەسێك و هەموو شتێك کە دوودلّیانی کردبوو لە پەروەردگار و ڕۆژی قیامەت وەهەروەها وایانی لێکردبوو کە سەرقالی خۆشی کاروباری دنیایان بن. لە قورئاندا، پەروەردگار لەم ئایەتەی خوارەوەدا باسی کردووە کە پەشیمانی بێباوەڕان زۆر بەهێزو دژوارە :

" ڕۆژێک دێت ڕووخساریان ئەم دیو دیوی پێدەکرێت لەناو ئاگردا (تا چاک ببرژێن و بسووتێن) بەدەم ئاهو نالّەوە دەلّێن : ئای خۆزگە فەرمانبەرداری خوا بووینایە، گوێڕایەلّی پێغەمبەر بووینایە. هەروەها دەلّێن پەروەردگار بەڕاستی ئێمە ملکەچ و فەرمانبەرداری ئاغاو گەورەکانمان بووین، هەر ئەوان ڕێگەو ڕێبازی ڕاستیان لە ئێمە شێواندو سەرگەردانیان کردین. پەروەردگارا ! دوو بەرامبەر دوو چەندانە سزای ئەوانە بدەو نەفرینێکی گەورەو زۆر بێ ئەندازەمان لێ بکە " ﴿س – الاحزاب – ٦٦ – ٦٨﴾.

" تا ئەو کاتەی خەلّتاوەکە دێتە لامان (لە قیامەتدا خۆی و شەیتانەکەی ئامادە دەکرێن بۆ لێپرسینەوە) ئەوە بە شەیتانەکەی دەلّێت : خۆزگە نێوانی من و تۆ بەقەدەر ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوا لەیەک دوور بوایە، ئای کە هاوڕێیەکی نا لەبارو خراپ بوویت. ئەمرۆ ئەو قسەو گلەییانە هەرگیز

سوودتان پـێ ناگـەیێنن (چونکە) کـاتی خـۆی ئێـوە سـتەمتان لـەخۆتان و خەڵکیش کـردووە، ئێساش بێگومان هەردووڵاتان لەسزاو ئازاردا بەشدارن "
﴿س – الزخرف – ٣٨ – ٣٩﴾.

هەروەك لەم ئایەتانەدا ئاماژەی بۆکراوە، خوانەناسان بۆ دەربـاز بـوونی خۆیان، گلەیی و گازاندە لەو کەسانە دەکەن کە ڕێگای ڕاستیان لێ وونکردبـوون. بەلاّم خوا بیرو هۆشی بە هەموو کەسێك بەخشیووە تاکو بتوانێت ڕێنمایی بکـات بۆسەر ڕێگای ڕاسـت. وەهـەوەها پـەروەردگار ویسـت و ئـیرادەی بەخشـیووە بـە ئادەمیزاد بۆ ئەوەی فەرمانەکانی جێبەجێ بکات. لەم ڕوانگەیەشەوە، ئادەمیزاد هەریەك لە (ویست و هۆشی) پێ بەخشراوە لەگەڵ پێدانی زانست و زانیـاری بـۆ ئەوەی باش و خەراپ لە یەکتری جیابکاتەوە. بارودۆخەکـەش بـەم شـێوەیەیە، کامیانت هەڵبژارد ئەوە هەمیشەو بەردەوام لەگەڵیدا دەمێنیتەوە. لەگەڵ ئـەوەی کە خوا دەزانێت کە ئایا ئـەو کەسـە بـاوەڕ لـەناو نـاخی دڵیـدا هەیـە یـاخود بێباوەڕە. هەرلەبەر ئەمەشە کە ئەو کەسـانەی خـەڵك هانـدەدەن بۆنـاو دۆزەخ وەهەروەها ئەوانەی کە پێگیریان دەکەن، ئەوانە سزایەکی داد پەروەرانە دەدرێن. لەم ڕۆژەدا هیچ کەس بەرپرسیاری گوناهو تاوانی کەسی تر نیە.

کاتێك ئەو خەڵکانە یەك ئەوی تر هاندەدات بۆ ئە نجامـدانی تـاوانێـك، لەوانەشە ئەو کەسە چەندەها جاری تر ئەو گوناهە بکـات کەلـە ڕۆژی دواییـدا لێپرسینەوەی لەسەردا دەکرێت، بەلاّم ئەو ڕێگایەی کە هەڵی بژاردووە و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات هێشا بە کارێکی کەم و بێ نرخی دەزانێت. یەکتری هاندەدەن بۆ ئەوەی نکۆڵی لە پەروەردگار بکـاتو دەڵێـت : " مـن بەرپرسـیارەتی ئـەو کـارە هەڵدەگرم کە تۆ ئە نجامی دەدەیت ". لەلایەکی دیکەشەوە، ئەهریمەن بـەڵێنی فرتو فێڵاویان پێدەدات و چەواشەیان دەکات بۆ گرتنەبەری ڕێگای تاوان. بەلاّم پەروەردگار لـە ئایەتێکـدا دەفـەرموێت : " .....بەتـەنها دێتـە لامـان بـۆ لـێ پرسـینەوە " ﴿س – مـریم – ٨٠﴾. ئەوسـا پێمـان دەڵێـت ئـەو بـەڵێنو

پە یمانانەی ( شەیتان ) نابنە هیچ پاڵپشتیەك بۆی .

لەو ڕۆژەدا بە ئاشكرا دەیانبینیت كە خوانەناسان بە تەنیان و هیچ كەسێكیان لەگەڵدا نیە. ئەوسا لەو ڕاستیە گرنگە تێدەگەن كە ئادەمیزاد بێجگە لە پەروەردگار هیچ هاوڕێ و دۆست و لایەنگیری نیە. لە دۆزەخیشدا، یارمەتی دەرەكانی یاخود ئەو كەسانەی كەلە دنیادا بە دۆستی خۆی دادەنان، ئەوە هەموویان بەتەنیایی جێی دەهێڵن. ئەهریمەنیش هەروەك ئەوانی تر كە ڕوویان پەروەردگار كردووە، ناپاك و دووڕوو دەبێت بۆیان وبەم شێوەیەی خوارەوە لەگەڵیان دەدوێت :

" كاتێك هەموو شت تەواو دەبێت، شەیتان (بەفەرمانی خوا) دێتە قسەو دەڵێت : خوا بەڵێنی ڕاست و دروستی پێدابوون منیش بەڵێنی درۆو نادروستم پێدابوون جا توانیم گومڕاتان بكەم و لەڕێی ڕاست وێڵتان بكەم، وەنەبێت من هیچ زۆرو دەسەڵاتێكم بەسەر ئێوەدا هەبوبێت جگە لەوەی (بەخەیاڵ) بانگم كردن (بۆ تاوان و خوانەناسی) بكەن (كە ئاوا گێلانە، بێ بیركردنەوە بە قسەتان كردم، ئەمڕۆ) من ناتوانم بە هاناو هاواری ئێوەوە بێم، ئێوەش ناتوانن بە هاناو هاواری منەوە بێن، بێگومان من باوەڕم نەبوو بەوەی كە كاتی خۆی منتان كربوو بە شەریك و هاوبەش لە پێشدا، بەڕاستی ئەمڕۆ ستەمكاران سزای زۆر بە ئێش دەدرێن " ﴿س - ابراهیم – ٢٢﴾.

بینینی هەر دووڕوویەك لە ڕۆژی دواییدا كە خوانەناسان بە هاوڕێ و دۆستی خۆیانیان دادەنا لە دنیادا، هۆكارێكی تری پەشیمانی خوانەناسانە. ئەوسا بەڕوون و ئاشكرایی دەزانن كە جگە لە خوا هیچ كەسێكی تر ناتوانێت دالدەیان بدات. كاتێكیش چاویان بەمە دەكەوێت ولە ڕاستیەكان تێدەگەن كە هیچ كەس ناتوانێت یارمەتیان بدات،ئەوە ئازار و ناخۆشیان زیاتر دەبێت. لەم ڕۆژەدا خوانەناسان شەرو ململانێ لەگەڵ یەكتریدا دەكەن. لەهەمان كاتیشدا دان

به گوناهو تاوانه‌كانیاندا ده‌نێن. په‌روه‌ردگار له‌م ئایه‌ته‌ی خواره‌وه‌دا باسی ئه‌و دیمه‌نانه‌مان بۆ ده‌كات :

" كاتێك ناژاوه‌و كێشه‌ ده‌گێڕن له‌ دۆزه‌خدا یه‌ك به‌ ئه‌وی دیكه‌ ده‌ڵێت : سوێند به‌ خوا به‌ڕاستی ئێمه‌ له‌ گومڕایه‌كی ئاشكرادا ده‌ژیاین. كاتێك كه‌ ئێوه‌مان ده‌برده‌ ڕیزی په‌روه‌ردگاری جیهانیه‌وه‌ و یه‌كسانمان ده‌كرد له‌گه‌ڵیدا، ئێمه‌ كه‌س گومڕای نه‌كردین ته‌نها تاوانباره‌كان نه‌بێت. كه‌واته‌ ئێمه‌ هیچ تكاكارێكمان نیه‌. یاخود هاوڕێیه‌كی دڵسۆز هه‌وڵێكمان بۆ بدات یان دڵخۆشیمان بداته‌وه‌. جا خۆزگه‌ جارێكی تر مۆڵه‌تمان بدرایه‌ (بگه‌ڕاینه‌وه‌ بۆ دنیا) وبه‌هۆی ئه‌وه‌وه‌ بچینه‌ ڕیزی ئیمانداره‌نه‌وه‌ " ﴿س – الشعرا – ٩٦ – ١٠٢﴾.

هه‌روه‌ك له‌م ئایه‌ته‌ی سه‌ره‌وه‌دا ئاماژه‌ی بۆكراوه‌ كه‌ خوانه‌ناسان به‌ په‌شیمانیه‌كی قووڵه‌وه‌ ئاوات ده‌خوازن كه‌ جارێكی دیكه‌ بگه‌ڕێندرێنه‌وه‌ دنیا تاوه‌كو كاروكرده‌وه‌ی چاك ئه‌نجام بده‌ن كه‌ خۆشی و به‌خته‌وه‌ریان پێ ببخه‌شێت له‌ ڕۆژی دوایدا. به‌لاّم تازه‌ ئه‌و ئاواته‌یان لێ وه‌رناگیرێت. ئینجا تێده‌گه‌ن كه‌ هیچ شێك له‌ سه‌روه‌ت و سامان، جوانی، كاروپیشه‌...هتد، كه‌له‌ دنیادا بایه‌خیان پێده‌دا، ئه‌وه‌ له‌ ڕۆژی دواییدا هیچ كه‌لكێكی بۆیان نابێت. په‌روه‌ردگار باس له‌ هه‌ندێك له‌و بێ بایه‌خیه‌مان بۆ ده‌كات له‌ قورئانی پیرۆزدا :

" به‌ڵام ئه‌وه‌ی په‌رتووكی كرده‌وه‌كانی ده‌درێته‌ ده‌ستی چه‌پی ئه‌وه‌ ده‌ڵێت : خۆزگه‌ په‌رتووكی كرده‌وه‌كانم پێ نه‌درایه‌. هه‌ر نه‌مزانیبایه‌ لێپرسینه‌وه‌م چۆن ده‌بێت. خۆزگه‌ مردنه‌كه‌م یه‌كجاری بوایه‌. ئه‌وه‌ ئه‌و ماڵ و سامانه‌ی كه‌ هه‌مبوو، فریام نه‌كه‌وت. ئه‌و ده‌سه‌لاّته‌ی كه‌ هه‌مبوو له‌ده‌ستمداو نه‌ما، (ئه‌وسا فه‌رمان ده‌درێت) ئاده‌ی ئێوه‌ بیگرن و كۆت و زنجیر له‌ ده‌ست و قاچ و ملی بئاڵێنن. له‌وه‌و دوا به‌ره‌و دۆزه‌خ ڕاپێچی بكه‌ن و

بیبەن و بیخەنە ناوی. پاشان بە زنجیرێکی حەفتا گەزی بیبەستنەوە. چونکە بەراستی ئەمە کاتی خۆی ئیمان و باوەڕی بە خوا گەورە نەبوو. هانی کەسی نەدەدا کە خواردن و خۆراک ببخەشن بە هەژار و بێنەواکان (بەلکو هەر خەمی خۆی بوو) . کەواتە ئەمڕۆ ئالێرەدا هیچ دڵسۆزێکی نیە " ﴿س – الحاقة – ٢٥ – ٣٥﴾.

" ئەو ڕۆژە دۆزەخ دەهێندرێت و نیشان دەدرێت، جا ئەو ڕۆژە (خوانەناس) دەزانێت چ پەندێکی بەسەرخۆی هێناوە، بەڵام تازە بەخۆداهاتنەوە و پەشیمانی هیچ سوودێکی نیەو دادی نادات ؟! ئەوسا دەڵێت : خۆزگە بۆ ئەو ژیانەم دەست پێشخەریم بکردایە " ﴿س – الفجر – ٢٣ – ٢٤﴾.

**سەرەرای ئەمەش، دیتنی خۆشی و بەختەوەری یاوەرانی بەهەشت، ئەوەندەی تر پەشیمانی خوانەناسان قووڵترو دژوارتر دەکات. جیاوازیەکی زەق و بەرچاو دەبینن لە نێوان ژیانی خەڵکانی بەهەشت و ژیانی خۆیان. پەروەردگاریش سەرنجیان ڕادەکێشێت بۆ ئەم جیاوازیەی بەهەشتیەکان و دۆزەخیەکان. پەروەردگار لەم ئایەتانەی خوارەوەدا باس لە دەرخستنی خەڵکانی ناو ئاگری دۆزەخ دەکات :**

" ئەوانە، ئەو ڕۆژە چاویان شۆڕەو زەلیل و خەجاڵەتی بەتەواوی دایان دەگرێت ... " ﴿س – القلم – ٤٣﴾.

" هەر لەو ڕۆژەدا ڕووخسارانێکی تر ڕەش داگیرساو گرژو تاڵ و دێزن " ﴿س – القیامة – ٢٤﴾.

**لەلایەکی دیکەشەوە، پەروەردگار باسی ڕووخساری هاوەڵانی بەهەشت دەکات بەم جۆرە :**

" لەو ڕۆژەدا ڕووخسارانێک گەش و جوان و شادن. دەم بەپێکەنینن، مژدەو شادیان لێ دەدرەوشێتەوە " ﴿س – عبس – ٣٨ – ٣٩﴾.

**هەر لەم ڕۆژەدا خوانەناسان هیچ جۆرە خواردن و خواردنەوەیەکیان دەست**

ناكەویت جگە لە ئاوی زۆر کەلاو کیم و دڕکی تاڵ و درەختی زەقنەبووت نـەبێت. لەلایەکی تریشەوە باوەڕداران پاداشت دەکرێنەوە بە ڕووباری شیر و هـەنگوین و خواردنەوەی بە چێژو بەتام کەبە کووپ پێشکەشیان دەکرێـت ، لەگـەڵ هـەموو جۆرە میوەو خواردنێك کە دڵیان ئارەزووی بۆ بکات. پەروەردگار لەم ئایەتانـەی خوارەوە باس لە خواردن و خواردنەوەی بەهەشتیەکان دەکات :

" وێنەی ئەو بەهەشتەی کە بەڵێن دراوە بە خواناسان ئەمەیە، چەندەها ڕووباری لە ئاوی سازگار و تام نەگۆڕاوی تێدایە، هەروەها چەندەها ڕووباری شیر کە تامی تێک نەچووە، هەروەها چەندەها ڕووبار لە خواردنەوەی تام خۆش و بۆنخۆش بۆ ئەوانەی دەیخۆنەوە، چەندەها ڕووبار لە هەنگوینی پاڵفتە و بێگەرد، هەروەها بۆیان هەیە لەو بەهەشتەدا لە هەموو جۆرە بەروبووم و میوەیەکی جوان و بەتام و بۆنخۆش، هاوکات لەگەڵ لێخۆشبوون و خۆشەویستی پەروەردگاریاندا، ئایا ئەو بەختەوەرانە وەکو ئەو کەسانە وان کە لەناو ئاگری دۆزەخدا دەمرن و ئاوی لە کوڵ دەکرێت بە گەروویاندا، کە ڕیخۆڵەکانیان پارچە پارچە دەکات ؟! " ﴿س – محمد – ١٥﴾.

بێگومان هیچ هێڵێکی تەریب ناتواندرێت بکێشرێت لە نێـوان ئـەو هـەموو چاکەیەی کە دەسـتەبەردەکرێت و دەبەخشـرێت بـە ئیمانـداران وەلەگـەڵ ئـەو خواردن و خواردنەوەی کەبە خوانەناسان دەدرێت کەبە هیچ شێوەیەك برسـێتی و تێنویەتیان ناشکێنێت و دەبێتە سەرچـاوەی ئـازارو سـزای هەمیشـەیی بۆیـان. خۆیان دەخەنە ناو ئاگری دۆزەخ بۆ هەتا هەتایە پێستی لاشەیان بە بەردەوامی دەسوتێت و دووبارە چاك دەبێتەوە، ئینجا هاناو هاواریان لێ بەرزدەبێتـەوە بـۆ پەناگـەو تۆزێـك حەوانـەوە. بە پـەرۆش دەبـن بـۆ ئـەو چـاکەو خۆشـی و بەختەوەریەی کە بە باوەڕداران بەخشراوە وەلەژێر سێبەردا دەمێننەوە، هەر لەو سـاتەدا خوانەانسـان داوای هەنـدێك لـەو چـاکانە لـە بـاوەڕداران دەکـەن. پەروەردگار لە قورئاندا بەم جۆرە باسی ئەم بارودۆخەمان بۆ دەگێڕێتەوە :

" (دۆزەخیەکان بەدەم ئاهو ناڵەوە) هاواریان لە بەهەشتیەکان کردو

لێیان پاڕانەوەو گووتیان : نەختێک ئاومان بەسەردا بڕێژن، یان بەشمان بدەن لەو خواردن و خوادنەوانەی کە خوا پێی بەخشیوون (بەهەشتیەکان لەوەڵامیاندا) ووتیان : بەڕاستی خوا خواردن و خواردنەوەی بەهەشتی لەسەر بێباوەڕان حەرام کردووە " ﴿س – الاعراف – ٥٠﴾.

ئەو هاناو ناڵەیەی خوانەناسان هەرگیز وەڵام نادرێتەوە، پەروەردگار بەم شێوەیە باسی دەکات :

" ..... بێگومان ئێمە دۆزەخێکمان ئامادە کردووە بۆ ستەم کاران کەلە هەموو لایەکەوە دەوریان دەدات خۆ ئەگەر هاوار بکەن لە ئازارو تێنو یەتیدا،ئەوە ئاوێکی گەرمی پیس و بۆن ناخۆشیان دەدرێتێ کە وەکو خڵتەی کانزایی تواوە وایە، ئەوەندەش گەرمە دەم و چاویان دەبرژێنێت، ئای کە چەند خواردنەوەیەکی تاڵ و ناخۆشە، چەندە جێگەو ڕێگەیەکی پڕ لە ئازارە " ﴿س – الکهف – ٢٩﴾.

هەروەها پەروەردگار جل و بەرگی سەوزی ئاوریشم و حەریری بێگەردوو بازنەی زێڕ و زیو پێشکەش بە بەهەشتیەکان دەکات. لە کاتێکدا، دۆزەخیەکان جل وبەرگی قەتران و ئاگرینیان لەبەردا دەکرێت. باوەڕداران لە ژیانێکی خۆش و بەختەوەردا دەژیێن کە ژوورەکانیان وەکو بان وان و لەسەر فەرشی چێنراوی گرانبەهاو مافووری نایاب ڕادەکێشن وەهەروەها تەختەکەیان ( جێگەکەیان ) دا پۆشراوە بە جل و بەرگی گرانبەها. بەلام خوانەناسان دۆزەخ جێگاو شوێنیانە کە تێیدا پشوو دەدەن وبە چین و توێژەوە لەسەریان دا پۆشراوە.

پەروەردگار لە قورئاندا پێمان ڕادەگەیێنێت کە باوەڕداران هەموو شێکیان بۆ دابین دەکرێت کە حەزو ئارەزوویان بۆ بچێت وەهەروەها لە بەهەشتدا ڕێزیان لێ دەگیرێت بە دابین کردنی ژیانێکی خۆش و بەختەوەری.

" ..... چیان بوێت لەلایەن پەروەردگاریانەوە بۆیان ئامادەیە " ﴿س – الشوری – ٢٢﴾.

" جا خوای گەورەش لە شەڕ و ناخۆشی نەهامەتی ئەو ڕۆژە پاراستنی و ڕووی گەش و شادومانی پێ بەخشین " ﴿س – الانسان - ١١﴾.

ئەگەر خوانەناسان ویژدان و دڵسۆزی و هەڵوێستی ڕاستگۆییان هەبوایە لە دنیادا و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوایـان بکردایـە، ئـەوە ئـەمڕۆ نەدەبوونـە بابەتی ئازارو ئەشکە نجەی دۆزەخ. بۆیـە، خوانەناسـان هەسـت بـە پەشـیمان بوونەوەیەکی زۆر دەکەن کاتێك بیر لە خەڵکانی بەهەشت دەکەنەوە. پەروەردگار پێناسەی ئەو ئازارو ئەشکە نجەی دۆزەخ و ئـەو پەشـینانیەی کـە هەسـتی پـێ دەکەن بە (*ئازار چەشتن*) پێناسە دەکات، ئاماژە بەوەش دەکات کە هەریەك لـەو خوانەناسانە هەوڵ دەدات ڕابکات لەو ئازار چەشتنە بەلاّم نازانێت لەئـە نجامی ئەو هەولاّنەیدا تووشی ئازارێکی تر دەبێتەوە :

" هەرکە هەوڵ بدەن بیانەوێت خۆیان ڕزگار بکەن لەو سزایە هەڵبێن (بە قامچی و تێهەڵدان) دەگێردرێنەوە ناوی وە پێیـان دەگوترێت : بچێژن سزای سووتان و ئاگر" ﴿س – الحج - ٢٢﴾.

ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە کـە دۆزەخ جێگایەکـە کـەس ناتوانێـت لێـی بگەڕێتەوە. ئەو شوێنەیە کە هەستی پەشـیمانی هـیچ سـوودێك بـە ئـادەمیزاد نابەخشێت. جگە لەمەش، لـە دۆزەخـدا چـەمك و مانـای پەشـیمانی پێناسـە ناکرێت. لەو کاتەی کە خوانەناسەکان دەمرن، فریشـتەکان پێیـان دەڵـێن کـە لەمەودوا هەرگیز تامی خۆشی ناچێژن و مەگەر خوا ویستێکی تری هەبێت :

" ئەو ڕۆژەی کە فریشتەکان دەبینن هیچ موژدەیەک بۆ تاوانباران نیـە (بۆیە بە کزی و کەساسیەوە) دەڵێن : خۆزگە بۆ پەنایەک، یان شوێنێکی دالّدەرو پارێزراو " ﴿س – الفرقان – ٢٢﴾.

لەبەر ئەم هۆیانەدا، بێبڕوایان مردنی خۆیـان دەبیـنن کـە تاکـە ڕێگـای ڕزگاریان بوو. دەپاڕێنەوە بۆ مەرگی خۆیان، بەلاّم ئەو پاڕانـەوەیان بێهودەیـە. چونکە ئەوانە مـاوەی ژیانیـان پێبەخشـرابوو کـە دەیـانتوانی لـەم ماوەیـەدا ئامۆژگاریەکان وەربگرن بەلاّم بە ئەنقەسـت نکۆڵیـان لـێ کـردوو ڕووی خۆیـان وەرگێڕاو دوورکەوتنـەوە لـە ڕاسـتیەکان. کـاتێکیش بـەو حاڵـە دەگەڕێنـەوە، پەروەردگار پێیان دەڵێت :

" ئـەمڕۆ تـەنها داوای مردنێـک مەکـەن، بـەڵکو داوای مردنـی زۆر

بێشومار بکەن و ئاواتی بۆ بخوازن ! " ﴿س – الفرقان – ١٤﴾.

" دەبێت بچنە ناوی سزا بچێژن ! جا ئیتر خۆڕادەگرن یان خۆڕاناگرن وەک یەکە بۆتان، بێگومان ئەو کاروکردەوانەتان هەر دەدرێتەوە کە دەتان کرد " ﴿س – الطور – ١٦﴾.

لە سورەتی ﴿الاعراف – ٤٠﴾ پەروەردگار ئاماژە بەوە دەکات کە خوانەناسان بە هیچ شێوەیەك ناتوانن دۆزەخ بەجێ بهێڵن و بچنە ناو باخچەکانی بەهەشتەوە،کاتێك دەفەرموێت : " ناچنە بەهەشتەوە هەتا وشتر ئەچێت بەناو کونی دەرزیدا ! " . جگە لەمەش، پەروەردگار ئاگادارمان دەکاتەوە کە خوانەناسان فەرامۆش و لەبیر دەکرێن، هەروەك چۆن لە دنیادا ڕووی خۆیان وەردەگێڕاو دوور دەکەوتنەوە لە ڕێگای ڕاست و فەرامۆشی دیداری ڕۆژی دواییان دەکرد. بۆیە ئەوانە هیچ وەڵامێکیان یاخود هاوکاریەکیان پێناگات لەلایەن پەروەردگارەوە :

" (لەوەڵامی خوادا) دەفەرمووێت : تۆ ئا بەو شێوەیە بوویت (کوێر بوویت لە ئاستی) ئایەت و بەڵگەکانی ئێمەدا کاتێک پێت ڕادەگەیێندرا، ئێمەش ئەمڕۆ ئاوا مامەڵەی کەسێکی لەبیرکراوت لەگەڵدا دەکەین " ﴿س – طه – ١٢٦﴾.

" پێیان دەوترێت : لەمڕۆ بەدواوە ئیتر ئێوە فەرامۆش دەکەین و پشت گوێتان دەخەین، هەروەکو چۆن ئێوە بڕوا بوونتان بەم ڕۆژە فەرامۆش کرد، شوێنی نیشتەجێ و حەوانەوەشتان ناو ئاگری دۆزەخە، کەسیشتان دەست ناکەوێت پشتیوانی و یارمەتیتان بدات " ﴿س – الجاثية – ٣٤﴾.

" ئەوانەی کە کاتی خۆی ئاینەکەیان بەگەمەو گاڵتەگرتبوو، ژیانی دنیا غەڕاو سەرگەردانی کردبوون و خەڵەتاندنی، جا ئێمە ئەمڕۆ ئەوانە فەرامۆش دەکەین، هەروەکو ئەوان ئەو ڕۆژەیان فەرامۆش کرد و لەبیر خۆیان بردەوە، هەروەها بەهۆی ئەوەشەوە کە دژی ئایەتەکانی ئێمە دەوەستان و ئینکاری و بەربەرەکانیان دەکرد " ﴿س – الاعراف – ٥١﴾.

جا خوانەناسان لە پەروەردگار نزادەکەن و دەپاڕێنەوە، خواش بەم جۆرە وەڵامیان دەداتەوە :

" خوایە لەناو ئاگری دۆزەخ و سزاکەیدا دەرمان بهێنە ئەگەر جارێکی تر گەڕاینەوە (بۆ گومڕایی) ئەوە ئیتر دیارە کە ئێمە کەسانێکی ستەمکارین. (خوای گەورەش لەوەڵامیاندا بە توڕە یەوە) دەفەرمویێت : بێ دەنگ بن و دەمتان داخەن، قسەشم لەگەڵدا مەکەن " ﴿س – المؤمنون – ١٠٧ – ١٠٨﴾.

خوانەناسان سزایەکی سەخت وناخۆش دەچێژن. ئەو سزایەش هەمیشە بە ئازار دەمێنێتەوە و هیچ یارمەتیەکیشیان پێناگات. پەروەردگاریش بەزەییان پێ نایەتەوە و داکۆکیشیان لێ ناکات وەهەروەها لە گوناهو تاوانەکانیشیان نابورێت. چونکە گەر ئەوان لە دنیادا خوایان بکردبا بە پەناگەی خۆیان و پشتیان بەو ببەستبا، ئەوە بۆیان دەردەکەوت کە پەروەردگار بۆ هەتا هەتایە لێیان خۆش دەبێت و بەزەییانی پێدەهاتەوە. هەر لەوکاتەی کە دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخ، ئەو ڕاستیانە بەبیرو هۆشیاندا دێتەوە کە لەمەودوا یارمەتی دان نیە.

پاش ووتنی ئەو هەموو ووتووێژانە، پێویستە هەر یەکێك بە دڵنیایەوە بیربکاتەوە لەو ڕاستیەی کە پەروەردگار زۆر بەبەزەیی و میهرەبانە لەگەڵ بەندەکانی خۆی وەلەگەڵ ئەوانەش کەبە تەنها خوا بە خۆشەویست و پەناگەی خۆی دەزانێت. هەرکاتێکیش دەرگای دۆزەخ داخرا لەسەر هەرکەسێدا، ئەوە بێجگە لە پەروەردگار هیچ کەس ناتوانێت ئەو دەرگایەی لەسەر بکاتەوە، وەهەروەها (لە قیامەتدا) دەرفەتی زۆریش نابەخشرێت هەروەکو ئەم دنیایە، پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا بەم جۆرە باس لە ڕێگای ڕزگاربوون دەکات :

" جگە لەوانەیان کە تۆبەی ڕاستەقینەیان کردووە و کارو نیەتیان چاک کردووە و دەستیان بە ئاینی خواوە گرتووە وپەیڕەوی بەرنامەکەی دەکەن و بەتەواوەتی دین و ئایینیان ساغ کردۆتەوە بۆ خوا،جا ئەوانە لەگەڵ ئیمانداراندا دەبن، بێگومان لە ئایندەدا خوا پاداشتی زۆر و بێ

سنوور دەبەخشێت بە ئیمانداران. خوا چ پێویستیەکی بە سزادانی ئێوە هەیە ئەگـــەر سوپاســـگوزاربن و ئیمـــان و بـــاوەڕی دامـــەزراوتان هـــەبێت ؟ پەروەردگاریش هەمیشەو بەردەوام سوپاسگوزاری بەندە چاکەکانیەتی و زاناو ئاگایە پێیان "   ﴿س - النساء - ١٤٦ – ١٤٧﴾ .

# بۆ ئەوەی هەستی پەشیمانی نەچێژیت لە ڕۆژی دواییدا

"خوا چ پێویستیەکی بە سزادانی ئێوە هەیە ئەگەر سوپاسگوزاربن و ئیمان و باوەڕی دامەزراوتان هەبێت ؟ پەروەردگاریش هەمیشەو بەردەوام سوپاسگوزاری بەندە چاکەکانیەتی و زاناو ئاگایە پێیان " ﴿س - النساء - ١٤٦ ـ ١٤٧﴾ .

ئادەمیزاد بە لاوازی و کەموکوڕیەکی زۆرەوە دروست کراوە. لە ماوەی ژیانماندا زۆر شت لەبیر دەکەین و هەڵەو گوناهی بێژماریش ئەنجام دەدەین. بەلام بەهۆی تۆبەکردنەوە، کە پەروەردگار وەکو چاکەیەکی زۆر پێمانی بەخشیووە، هەموو کات دەکرێت لەم ژیانەدا هەڵەکانمان ڕاست بکەینەوە. لە ڕاستیدا، ئەم دنیایە تەنها بۆ ئەو مەبەستە دروستکراوە کە ئێمە تێیدا تاقی دەکرێینەوە و تاقی کردنەوەشمان دێتە پێش، پاك دەکرێینەوە لەو هەڵەو تاوانانەی کەلەم دنیایەدا کردوومانە. ئەمەش پێدەچێت بە قووڵی پەشیمانمان بکاتەوە لە هەڵەکانمان یاخود لەو ڕێگا و جێگایەی کە ژیانمانی پێ بەڕێوە دەچێت. هەرچەندیشە کە هەموو کات دەکرێت بڕیاری پەشیمان بوونەوەمان بدەین. بەهەبوونی ژیانی ئەم دنیایە، لە ڕێگای ئەو پەشیمانیەوە دەتوانین داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکەین و هیواو ئاواتمان بە لێخۆشبوونی هەبێت.

پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا موژدەی خۆشیمان پێدەدات کەلە هەموو گوناهێك خۆش دەبێت کەبە دڵسۆزی و ڕاستگۆیانەوە تۆبە دەکات. پەروەردگاریش ئاگادارە بەهەر بیرو بۆچون و ووشەیەك کەلە ناخمناندا هەیە. زانایە بەوەی کە ئێمە ڕاستگۆو دڵسۆزین بۆی یاخود نا. پەروەردگار لە قورئانی

پیرۆزدا باسی نزیکی خۆی دەکات لە بەندەکانی :

" پـەروەردگـارتان زۆر زانـاترە لـەخۆتان بـەوەی کـەلـە دڵ و دەروونتانـدا هەیە، خۆ ئەگەر چاک و پاک و ڕێک و پێـک بـن، ئـەوە بەڕاسـتی ئـیتر ئـەو زاتە بۆ تۆبەکارو پەشیمانان زۆر لێخۆشبوو بەخشندەیە " ﴿س – الاسراء – ٢٥﴾.

لێرەدا ڕاستیەکی گرنگ دێتە پێشەوە، ئـەویش ئەوەیـە کـە دوای مـردن، بەهیچ شێوەیەك ناکرێت بەڵگەو پاساو بهێنیتەوە بۆ ئـەو گونـاهو تاوانانـەی کەلە دنیادا ئە نجامت داوون، مەگەر خوا ویستێکی تری هەبێت. کەواتـە نابێـت تەنها یەك چرکەش کەلەم ژیانەدا هەمانـە لەدەسـتی بـدەین. هەرچەندیشـە چرکەو خولەکەکان بەچاو تروکانێك لە ژیا نماندا تێدەپـەڕن، ئەوەنـدەی تـر نزیکمان دەکەنەوە لە مردن. هەرگیز نـاتوانین پێشـبینی بکـەین کاتێـك مـەرگ بـەرۆکمان دەگرێـت. کـات و کاتـژمێرو خولـەکی مـردن هـەرگیز ناتوانـدرێت بزاندرێت. بەدڵنیایشەوە ڕۆژێك دێت هـەموومان دەمـرین و حـەق و حیسـا بمان لەگەڵدا دەکرێت لەسەر کاروکردەوەکا نمان لەبـەردەم بارەگـای پـەروەردگاردا. لەبەر ئەم هۆیە، پێویستە مرۆڤ هەمیشە لەبیری بێت کە لەوانەیە کـاتێکی زوو بمرێت. جا بۆ ئەوەی پەشیمانی دات نەگرێت لە ڕۆژی دواییدا، دەبێـت چـاو بـە ژیانی خۆتدا بخشێنیتەوە.

ئەگەر ئێستا ئەو کاتە بێـت کـە فریشـتەکانی مـەرگ دێنـە لات و ڕۆحـت دەکێشن، ئایا دەتوانیت حسابی ئـەو هـەموو سـاڵانە بکـەیت کەلـەم ژیانـەدا بەسەرت بردووە؟

ئایـا تـاکو ئێسـتا چ کاروکردەوەیـەکت ئە نجامـداوە کـە ببێتـە مایـەی ڕەزامەندی پەروەردگار ؟

ئایـا بـە پێی ێویسـت ئاگاداربوویـت و ووردبـین بویـت لـە بـەجێهێنانی فەرمانەکانی پەروەردگار ؟

**لەوانەیە کەسێك وەلامی ڕاست و سەلمێندراوی نەبێت بۆ ئـەو پرسـیارانە. بەلام ئەگەر تۆبە بکات و بەدلسۆزی و ڕاسـگۆیەوە تۆبەکـەی جێبـەجێبکات لـە ژیاندا وەهروەها کاروکردەوەی چاك بکات کـە جێگـای ڕەزامەنـدی پـەروەردگار بێت، ئەوە ئەو کەسە دەتوانێـت هیـواو ئـاواتی بـە لێخۆشـبوونی پـەروەردگار هـەبێت. پێغەمبـەری خـوا ( محمـد –د.خ ) هەمیشـە داوای لێخۆشـبوونی لـە پەروەردگار دەکرد، دەیفەرموو :**

**" سـوێند بـە خـوا، داوای لێخۆشـبوون لـە پـەروەردگار دەکـەم وەبەلێخۆشبوونەوەی دەگەڕێمەوە لای، هەموو ڕۆژێک زیاتر لە حەفتا جار (تۆبـە دەکەم) "** (بخاري) .

**پێویستە پەروەردگار بکەینە پەناگـەی خۆمـان، کـە هـەردەم لێبـوردە و میهرەبانو قبولکـەری تۆبەیـە. بەدلنیایشـەوە پـەروەردگار پاداشـتی ئەوانـە دەداتەوە کە کـۆڵ نـادەن و بـەردەوامن لـە ڕووکـردن لێـی. بێگومـان خـوا لـە بەندەکانی خۆی خۆش دەبێت بە تایبەتی ئەوانەی کـە بـاوەڕیـان پێـی هێنـاوە وەهەروەها پاداشتی کاروکردەوە باشەکانیان دەداتەوە بە پێی ئەوەی کە کامیـان چاکترین و باشترین کاری ئە نجام داوە. پەروەردگار لەم ئایەتەی خوارەوەدا ئـەو موژدە خۆشەمان پێ ڕادەگەیێنێت :**

**" ئەوەی لای ئێوەیەو بە ئێوە بەخشراوە، تەواو دەبێت، بەلام ئـەوەی لای خوایە (لەپێناو ئەودا دەیبەخشێت) هەر دەمێنێتەوە، سوێند بـەخوا بێگومـان پاداشتی ئەوانەی کە خۆگرو ئارامگربوون بە جوانتر دەدەینەوە لەوەی کـە ئەوان دەیانکرد. ئەوەی کاروکردەوەی چاکەی کردبێت، پیـاو بێـت یـان ئافرەت، لە کاتێکدا بڕوادار بێـت، سوێند بـەخوا بـە ژیـانێکی کامـەران و ئاسوودە لە دنیادا دەیژێنین، لە قیامەتیشدا پاداشتیان بە جوانتر دەدەینـەوە لەوەی کە ئەوان دەیان کرد "** ﴿س – النحل – ٩٦ – ٩٧﴾.

**هەروەها پێغەمبەری خوا ( محمد، د.خ ) بانگێشـتی بـڕواداران دەکـات بـۆ**

پەلە کردن لە ئەنجامدانی کاروکردەوەی چاك و موژدەی خۆشیان پێدەبەخشێت بەوەی کە پەروەردگار پاداشتیان دەداتەوە گەر وابکەن :

" پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت : کاروکردەوەی چاک ئەنجام بدەن،بۆ هەموو کەسێکیش ئاسانە کە ئەنجامیان بدات (ئەو کاروکردەوانە جێگاو شوێنی ئەو کەسە دیاری دەکەن)، پاشان فەرمووی : هەر کەسێک خێرو خێرات بکات و ئەرکەکانی بەرامبەر پەروەردگار جێ بەجێ بکات و بڕوای بە پاداشت کردنەوەی هەبێت لەلایەن خواوە (وەکو ئەوەی کە پەروەردگار قەرەبوویان بکاتەوە بۆ هەموو ئەو کارانەی کەلە پێناویدا کردوویانە و بەخشیویانە و ماندو بوونە)، ئەوە ئێمەش (پەروەردگار دەفەرموێت) ڕێگای خێرو چاکەی بۆ ئاسان دەکەین، بەڵام بۆ ئەوانەی کە چاوچنۆک و ڕەزیلن، تووشی ڕێگای شەڕو ناخۆشیان دەکەین " (بخاري).

هەرگیز لەبیر مەکە کەلە هەمووکاتێکدا دەکرێت هەر یەکێك لە ئێمە ڕووبەڕووی مەرگ ببێتەوە و هەست بە پەشیمانیەکی زۆر بکات، ئەوکاتەش هیچ دەرفەتێکی ترمان بۆ ناڕەخسێندرێتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە ژیانی دنیا تا هەڵەو تاوانەکانمان ڕاست بکەینەوە. بۆیە، نابێت زیاتر لەمە کات لەدەست بدەیت و داوای تۆبەو لێخۆش بوون لە پەروەردگار بکەو وەهەروەها ژیانمان بە فەرمایشتەکانی پەروەردگار و سوننەتەکانی پێغەمبەر ببەینەسەر. ئەمەش تەنها تاکە ڕێگایە بۆ بوون بە بەندەی پەروەردگار کە سۆزو میهرەبانی بە بەندەکانی دەبەخشێت. جارێکی تریش دووپاتی دەکەمەوە کە ئەمە تەنها تاکە ڕێگایە بۆ بەدەست هێنانی بەهەشت،کە شوێن و جێگای هەمیشەییە پەروەردگار بۆ بڕوادارە دڵسۆزەکانی تەرخانی کردووە.

## له گرنگرتین بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نوسەر :

- پەیام و بەڵگەکانی قورئان.
- موعجیزەی ئادەمیزاد.
- بێ ئاگابوون – هەڕەشەیەکی فێڵباز.
- تیشکی قورئان شەیتان پەرستانی تێکشکاند.
- ئەندازەی سروست.
- ئەنزیم- ئەو مادەیەی کە تا کۆتایی تەمەن کاردەکات .
- موعجیزەی مێرووله سپی.
- موعجیزەی مێش هەنگوین.
- نهێنیەکانی دووڕوو.
- خانەکانی مرۆڤ لە چل بابەتدا.
- قوربانی دان لە پێناو فێربوونی خووڕەوشتی قورئان.
- سەردەمی بەردین – درۆیەکی مێژووییە.
- موعجیزەی کۆچ کردنی ئاژەلان.
- توندو تیژی هۆلۆکۆست .
- بۆچی فێڵ لە خۆت دەکەیت.
- خۆشەویستی خوا.
- موعجیزەی پێشکە
- ئازارەکانی هەڵەی دنیا.
- نهێنی لێپرسینەوە.
- پێغەمبەرمان دەفەرموێت.
- تەنها خۆشەویستی تیرۆر تێك دەشکێنێت.
- موعجیزەی چاو.
- شەیتان – دوژمنی بەدواکەوتووی ئادەمیزاد.
- ئازایەتی باوەڕداران.
- ئیمان – ڕێگای بەختەوەریە.
- ئیسلام – ئایینی ئاسانکاریە.

- موعجیزەی ئاخاوتنی باڵندە.
- نیشانەکانی گەڕانەوەی مەسیح (د.خ).
- ترسان لە پەروەردگار.
- شێوازی موسڵمان لە ئاخاوتندا.
- ٢٤ کات ژمێر لە ژیانی موسڵماندا.
- کۆمەڵە چیرۆکێك بۆ بیرکردنەوەی منداڵان.
- لە قورئانەوە فێری بە.
- ئەمری و ڕاستی چارەنووسەکەی.
- ئەتەوە لەناو چووەکان.
- ڕاستیەکانی ژیانی ئەم دنیایە.
- درووست بوونی گەردوون.
- جیهانی ئاژەڵان.
- موعجیزەی درووست بوونی ڕووەك.
- سەردەمی زێڕین.
- هەندێك لە نهێنیەکانی قورئان.
- تیرۆریزم – ئەریتی شەیتانە.
- بەهەشت – ماڵی ڕاستەقینەی ئیمانداران.
- جوانیەکانی ژیان لە قورئاندا.
- بیرکردنەوەی قووڵ.
- داد پەروەری و لێبوردەیی لە قورئاندا.
- هەرگیز لەبیری مەکە.
- ئەو بیردۆزەی کە داروینزمی تێکشکاند.
- زانیاری یە گشتیەکان لە قورئاندا.
- موعجیزەی دا پیرۆچك


THE
TRUTH
OF THE
LIFE
OF THIS
WORLD
HARUN YAHYA


COMMUNIST CHINA'S
POLICY OF OPPRESSION
IN EAST TURKESTAN
HARUN YAHYA


THE DISASTERS
DARWINISM
BROUGHT TO
HUMANITY
HARUN YAHYA


STORIES FOR
THINKING
CHILDREN
2
HARUN YAHYA


HARUN YAHYA
CONSCIOUSNESS
IN THE CELL


EVOLUTION
DECEIT
The Scientific
Collapse of
Darwinism
and
its Ideological
Background
HARUN YAHYA


SIGNS
OF THE
LAST DAY
HARUN YAHYA


ONLY
LOVE CAN
DEFEAT
TERRORISM
HARUN YAHYA


HARUN YAHYA
THE ERROR OF
THE EVOLUTION
OF SPECIES


SOLUTION
THE VALUES
OF THE
QUR'AN
HARUN YAHYA


A WEAPON
OF SATAN
ROMANTICISM
HARUN YAHYA


PERISHED
NATIONS
HARUN YAHYA


THE
CREATION
OF THE
UNIVERSE
HARUN YAHYA


WONDERS
OF ALLAH'S
CREATION
HARUN YAHYA


Tell Me About
CREATION


DEAR KIDS, HAVE YOU EVER THOUGHT? - I
The World
of Animals
HARUN YAHYA


HARUN YAHYA
THE MIRACULOUS MACHINE
THAT WORKS FOR AN ENTIRE LIFETIME:
ENZYME


TIMELESSNESS AND
THE REALITY OF
FATE
WHAT IS FATE?
HARUN YAHYA


THE MIRACLE
OF THE CREATION
OF THE
HUMAN BEING
HARUN YAHYA


HARUN YAHYA


A
CALL
ISLAMIC
UNION


THE HUMAN
MIRACLE
HARUN YAHYA


NOT BY CHANCE


HARUN YAHYA
THE
IMPORTANCE
OF FOLLOWING THE
Good
Word


ISLAM
and
BUDDHISM
HARUN YAHYA


MIRACLE
IN THE EYE
HARUN YAHYA


DEEP
THINKING
HARUN YAHYA


THE SIGNS IN THE HEAVENS AND THE EARTH
FOR MEN OF
UNDERSTANDING
HARUN YAHYA


HARUN YAHYA
FAITH:
the WAY
to HAPPINESS


THE
GOLDEN AGE
HARUN YAHYA